# بەندیخانە

# بەندیخانە

نووسینی

سبحان سید

چاپی یەکەم

٢٠٢٢

# پێناسی کتێب

- ناوی کتێب: بەندیخانە
- ناوی نووسەر: سبحان سید
- هەڵەبڕ: ئەیاد نادر
- دیزاینی ناوەوە: ئەیاد نادر
- چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٢٢)

## (١)

له درەنگی شەودا، لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە چەند سەگێک بەدوایکەوتن، ئەویش لەترسی پەلاماری سەگەکان ڕادەکات و هەڵدێت، دەکەوێتە نێو بیرێکی تاریک و سامناکی قووڵ، هەرچەندە هاوار دەکا و دەقیژێنێ بێ سوود دەبێ، جگە لە حەپینی سەگەکان هیچ دەنگێکی تری نەدەبیست، چونکە بیرەکە ٤ مەتر قووڵ بوو، تووشی ئازارێکی زۆری جەستە ببوویەوە، بۆیە لەهۆشخۆی دەچێت.

لەناکاو پڕ بەدڵ قیژاندی

- ئائائائاییییی......

- چ بووە کوڕم؟، چتە؟

- باوکە ئەوە چ بوو؟!، خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی.

- (الله اکبر، الله اکبر) هەستە کوڕەکەم، ناوی خوای بینە وا بانگی بەیانییە، خێربێت ان شاءالله، هەستە با نوێژەکەمان بکەین، کاتی ئەوەیە بەڕێبکەوین بۆ دروێنە، خۆت دەزانی ئەمڕۆ کارێکی زۆر زۆرمان هەیە بیکەین..

ـ باشە باوکە دەبێت چەند ڕۆژمان مابێت بۆ تەواوبوونی دروێنە؟

ـ ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژێکمان ماوە.

نوێژەکەیان کرد و پاروە نانێکی خێرایان خوارد و، خواردنێکی سووکیشیان پێچایەوە و خستیانە ناو پەڕۆکێک کە خواردنی ڕۆژانەی نیوەڕۆیانیان بوو، بەڕێکەوتن.

ـ ئێ کورم ئەو خەونە جبوو لۆت باس نەکردم ؟

ڕەیانی کوری خەونەکە لۆ بابی باسکرد، گۆتی بابە ئەوە جاری دووەمە ئەو خەونەی دەبینم!

حاجی مەحمود کە بابی ڕەیانی بوو گۆتی: خوای گەورە بمانپاریزێ کوری خۆم، دوورمانبکات لە دەردوو بەلا ان شاءالله .

هەر لەو قسانەدابوون دیتیان، سەیارەیەکی پیکامی کۆن زۆر بەخێرایی بەرەو لایان دێت و، تەپوتۆزێکی زۆری لەدوای خۆی دروست کردبوو.

ـ باوکە ئەو سەیارەیە چییە دێت؟

نازانم کورم ئاگات لە خۆبیت،

## ( ٢ )

سەیارەکە نزیک بۆوە لێیان ،

-قاسم و کوڕەکانی: سلام علیکم ؟حاجی مەحمود، سواربن.

-علیکم سلام، ئۆ هۆۆۆ ، کوڕم سواربە.

-بابە ئەوانە چێنە؟

-چییە حاجی مەحمود وابزانم کوڕەکەت ئەمە ناناسی ؟

-کوڕم ئەوانە وەکو مام و برازاتن، ئەوانیش دەچنە دروێنەی.

-قاسم: حاجی مەحمود کوڕەکەت ناوی چییە؟، کەمۆکەک سوعبەتچی دیارە.

-ناوی ڕەیانە، ئائا کەسەکی زۆر تێکەر و ڕووخۆشە، ئەوجا سەوتەکی عەجاییبیشی هەیە.

-ئەوها، ئێ ئێ، مادەم ئەوهایە دەبی جار جارە گۆرانی و لاوکی خۆشمان لۆ بری.

رەیان گوتی: دەستت ماج دەکەم مام قاسم لە خزمەتدامە.

قاسم پیاوەکی بە قیافەبوو، ردێنەکی کەمی هەبوو هەندەک پرجی رۆیشتبوو، پیاوەکی رووخۆش و پیاوانە بوو،

قاسم بە حاجی مەحمودی گۆت: ئەم و کورەکانم هەموو رۆژێ بەو رێیەدا دەچینە ئیشی دروێنەی لەمەودوا بەیەکەوە دەچین.

حاجی مەحمود گۆتی : خوای گەورە حەقی چاکە و پیاوەتیت بداتەوە زۆر سوپاست دەکەین.

چەند ڕۆژەک تێپەری، حاجی مەحمود و ڕەیانی کوڕی هەموو ڕۆژەکی پێکەوە بە پیکامە کەونەکەی قاسم و کوڕەکانی دەچوونە دروێنەکردنی، تا وای لێ هات، ڕەیان بە گۆرانیگۆتن و قسەخۆشەکانی هەمووانی بەپێکەنین دەهینا،

ڕەیان بە دەنگە خۆشەکەی و، سازە کۆنەکەی لە کاتی ئیسراحەت بە چەپرەلێدان و پێکەنینیماندیبوونی برادەرەکانی لە بیردەبردەوە و، بەو شێوەیە کاری دروێنەیان بەڕێ دەکرد، هیچ ڕۆژەکی بێ مەجلیسی ڕەیانی نەدەحەوانەوە.

. رەیان کەسەکی کۆمەلاتی و رووخۆش بوو،ەجلیسەکانی زۆر کۆمێدی و کراوەبوون، دەنگەکی زۆر خۆشی هەبوو.

خەریکی ئیشی دروێنەی بوون لەوکاتەدا کەسەک هاواری کرد!

-ها حاجی مەحمود ! لۆ وەناکەی، لەلایەک پارەی باشت هەیە و، لەلایەک گویێ بە ئاغامان نادەی و شەوان نایە ناو مەجلیسی ئاغایی؟

-حاجی مەحمود، ئەنگۆ بەخۆتان دەزانن ئەمن ماندی و هیلاکم.

-نەخێر، ئەتو دژایەتی ئاغامان دەکەی و کەیفت پێی نایێ.

قاسم گۆتی: ناوی خوای بینن، حاجی مەحمودی پیاوەکی راست و دروستە ئیش و کاری زۆرە و ماندییە.

پیاوەکانی ئاغای گۆتیان: قاسم ئەتو تەداخول مەکە!

-حاجی مەحمود گۆتی: ئیستا ئەنگۆ چتان دەوێت ؟

-ئاغا ئەمەی ناردیە گۆتی بە مەحمودۆکی برێ با دیار بیت، خوات لەگەر.

-ڕەیان: بابە، ئەوانە چیان لە تو دەوێ؟

-هیچ نیە کوڕم، ئەشیایەکان خڕکەوە درەنگە، با بچینەوە ماندینە.

١٠ دەقەیەکی نەبرد لە پشتیانەوە دەنگی تەقەی هات.

-ئەیهاوار دیسان بەزمەکەیە، حاجی حاجی خۆ هیچ گولەتان پێ نەکەت؟، سەلامەتن؟.......

## ( ٣ )

ـــحاجی مەحمود سەلامەتی ؟ هیچت لێ نەهات ؟

حاجی مەحمود غاریدا ناو پیکامی قاسمی و

پڕیدایە کلاشینکۆفی و نەیکردە نامەردی هێرشی کرد،

ئەوێندەری سۆرکردەوە بە گولەیی.

دیاربوو ئەو دوو کەسە قاسدی ئاغایی بوون هەراتن، هەر ئەو دووکەسە بوون کە ئاغا ناردبوونی، بە نامەردی لە پشتەوە گولەیان لە حاجی مەحمودی گرت، باش بوو خوا قورتاریکردن.

ـ قاسم مشەوش بوو گۆتی: بابم هەستن غاردەن حاجی بگرن، ئەمن دەیناسم ئیستا هەردووکیان سەگ تۆپ دەکا.

ـ کوڕەکان غاریاندا، هاواریان دەکرد: حاجی واز بهێنە بەسە ؟

ـ حاجی محمودیش دەیگۆت: با ئەوانە بتۆپینم ئەوجا ڕادەوەستم.

-ڕاوەستە حاجی ناوی خوای بینە، بەسە هەراتن، وازیان لێ بینە؟

ـ خوا دەزانی لە خۆفی خوایی نەبی پارچە پارچەیان دەکەم، هەیی بێ غیرەتینە، ئاخر ئەوەیە دەڵێن رۆژ دەروات بەڵا نارِوات.

-یوسف، کە کوڕی گەورەیی قاسمی بوو، کلاشینکۆفەکەی لە حاجی مەحمود وەرگرت و هاوێشتییە ناو پیکامی، گۆتی: بابە، ئەوە لۆ ئەو ئاغایانە واز لە حاجی مەحمودی ناینن و هەر جارەو قاسدەکی لۆ دەنێرن؟

ـ قاسم گۆتی: کورِم یوسف، حاجی مەحمود هەتا ئێستا لە چەند گوندی دەربەدەربووە لەبەر ئاغایان، حاجی محمود

پیاوەکی زۆر مەرد و ڕەشیدە، سەری لۆ کەس نەوی ناکا، لۆیە ئاغاش کەیفیان پێ نایێ، چونکە دەرەقەتی نایێن و لە دەستو پلی دەترسێن.

ئاغاش هەر جارەو لەگەڵ چەند پیاوەکی خرِدەبتەوە، داخوا بە هەموویان زەڕبەکی لە حاجی محمودی نادەن، ئەویش هەر دەرەقەتی نایەن.

ـ یوسف: وەڵا بابە ڕاست دەکەی، دیتت چەند بە مەردی هجومی دەکرد، هەر حیسابی لۆ گولەی ئەوان نەدەکرد.

ـ کورِم یوسف ئەمن چەند ساڵە حاجی دەناسم، کابرایەکی زۆر چاونەترسە، نیشانە شکێنێکی بەقوەتیشە، کەس دەرەقەتی نایێت،

هەر لەبەر هەندێیە ئاغاکانیش نایەنەوێت کەس لەوان بەرچاوتر هەبێ، لەبەر سومعەی خۆیان.

پاش ئەوەی کە گەڕانەوە حاجی مەحمود لە ڕێی گۆتی: ڕەیان کوڕم لەماڵێ باسی ئەو مەسەلەی مەکە، دوای خوشک و برا گچکەکانت دەترسێن.

. رەیان: ئەدی داکم بابە ؟

. لەکنە ویش باس مەکە با دڵی هیچ نەکا، باشە کورم؟

. باشە بابە خەمت نەبێ، وەڵا بابە باشت ڕاونان هههه.

-کورم ئەوەی لەسەر حەق بێ خوای لە پشتە.

با شتەکت پێ بڕێم کوری خۆم، ئەگەر ئاغا و دەسەلاتدارەکان لە کەسەک ترسان و حیسابیان لۆ پیاوەکی کرد، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو پیاوە ماستاوچی و جاوجنۆکی ئەوان نییە، خوای گەورەش پیاوی مەردی خۆش دەوێت کاتەک لەسەر حەقی خۆی بەجواب دێت.

رەیان ، راست دەکەی بابە.

کاتێک ئاغا زانی پیاوەکانی هەراتینە بانگی چەند پیاوەکی کرد گۆتی: ئەمە دەبێت پلانەکی لۆ ئەو محمودۆکەی دابنێین نابیت بە ساخی بمینێ.

## ( ٤ )

-كاتێک گەیشتتنەوە ماڕێ، حاجی مەحمود سوجدەیەکی شوکری برد، خۆی شەلاندو جەمەدانییەکەی دانا، وەکو ئەوەی هیچ نەقەومابێت.

-ژنەکەی حاجی مەحمودی گۆتی: بەخێربێیەوە پیاوەکە، ئەوڕۆ زۆر ماندی دیاری؟، هەستە بڕۆ ئاوەکی بەخۆتدا بکە، هەتا ئەمنیش خواردنی حازردەکەم.

ڕەیان ، لەناو فکراندا بزرببوو لە دڵی خۆی دەیگۆت: باشە ئەو خەونەی ئەمن دیتم، دەبی هەر ئەو شەڕەی ئەوڕۆ نەبیت کە ڕوویدا ؟، دەترسم بابم شتەکی بەسەربێت.

خواردن حازربوو، خەریک بوو خواردنیان دەخوارد، حاجی مەحمود گۆتی : ژنەکە هەستە، پەڕۆکەکەم لۆ بینە، حەزدەکەم کلاشینکۆف و دەمانچەکەم خاوێن بکەمەوە، لە مێژە خاوێنم نەکردیە.

. ڕەیان، هەندەک ڕەنگی تێکچوو گۆتی: باشە بابم لۆ دەیەوێت بەو شەوەی سیلاحەکانی خاوێن بکاتەوە!؟

-ژنەکەی حاجی محمود هەستی بە هیچ نەکرد، بەڵام ڕەیان ئەو شەوەی بە دزیەوە چاودێری بابی دەکرد، دەیزانی بابی بەتەمایی شتەکە.

کاتێک ژنەکەی خەوی لێکەوت، حاجی محمود خۆی توندکردەوە و ڕەختەو دەمانچە و کلاشینکۆفەکەی هەڵگرت، سام وهەیبەتی دنیایەک دەڕۆیشت، - - _ - حاجی مەحمود پیاوێکی توندو تۆڵبوو، هەندەک لاواز و درێژ بوو، هیچ ترسەک لە چاوی ئەو پیاوەی نەبوو. وەکو بەرێوەدەچوو وەکو پلنک وابوو، برۆیەکانی کورت بوون و چاوەکانی مەیلەو زەردبوو،

ڕەیان ترسا ، ویستی بانگی دایکی بکات، بەڵام بابی پێی گۆتبوو لەلای دایکت باسی ئەو شەڕەی مەکە کە ڕوویدا.

حاجی محمود ، بەبێ دەنگی لەژوورەوە چووە دەرێ و کەوتە ڕێ، لە درەنگی شەودا نزیک بووە لە ماڵی ئاغا و کلاشینکۆفەکەی دەرهێنا خۆی هێواش هێواش خۆی خستە بن گردەکی ، گردەکە دەکەوتە سەرووی ماڵی ئاغای دەستی خستە سەر کلاشینکۆفی ماڵی ئاغای گولە باران کرد.

ئاغا و پیاوەکانی هاواریان لێ هەستا، لە ترسان دەلەرزین و نەدەوێران جوابی گولەکانی حاجی محمودی بدەنەوە.

پیاوەکانی ئاغا، دەستیان سیلاحی نەدەگرت لە ترسان دەیانگۆت: ئەوە دەبیت کێ بێت بەو شەوەی ؟

ئاغا گومانی دەکرد ئەوە ئیشی حاجی مەحمودیە، گۆتی : ئەمن دەزانم کێیە بەس لێی گەڕێن، ئەنگۆ ئەو پیاوە نینە لە بەرامبەری شەڕی بکەن هەی ترسنۆکینە.

دوای چەند دەقەیەک دەنگی گولەی نەما، حاجی مەحمود گەڕایەوە، لە ڕێگادا لە دڵی خۆی دەیگۆت: ئەنگۆ ئەو پیاوەنە لە پشتەوە گولەم تێبگرن، ئەوها تۆڵەتان لێ دەکەمەوە.

ـ هەر لەوکاتەدا ، کەسەک لە پشتەوە ناوقەدی حاجی مەحمودی گرت.

ـ حاجی محمود پڕیدایە دەمانچەکەی ....

## ( ٥ )

-حاجی مەحمود، دەمانچەکەی ڕاکێشا.

-کورە حاجی مەحمود نەکەی نەکەی، ئەمنم ئەمن!

. حاجی مەحمود ، ئەوە ئەتو چ دەکەی لێرە قاسم ؟ وەخت بوو مێشکت بتەقێنم.

قاسم هەناسەی سوارببوو" حاجی ڕەجایی خوات لێ دەکەم ژن و منداڵەکانت زۆر ترساینە، ڕەیان بەو شەوەی هاتیتە لام گۆتی خۆت بگەینە بابم تشتەکی دەکات !، ئەتو پێم ناڵێی، بەو شەوەی بەتەمای چی ؟ وەها خۆت توند کردیە؟.

-هیچ نییە قاسم، ئەوەنییە وا دەگەڕێمەوە ماڕێ.

. حاجی مەحمود هەر ئێستا لەبەر ژن و مار و مندارت بگەڕێوە هەی سەلامەت بی، بەخۆت دەزانی سبەی ئیشی زۆرمان ماوە لە دروێنە.

پاشان دیسان قاسم ڕووی کردە حاجی مەحمودی و گۆتی: ئەوەی شێرە هەر شێرە ، کەس ناپرسێت نێرە یان مێیە، جا لێم تێبگە!

ـ حاجی مەحمود سەری راوەشاندوو گۆتی: خوا خێرت بنوسێت قاسم، دوای زۆر بە مورتاحی گەرایەوە ماریێ، تەقەی سەری دەهات، هەروەکو ئەوەی هیچ نەقەومابێت.

-بۆ بەیانی، ئاغا لە چواردەورەی خانی دەسوڕاوە و خەمی بە شوێنی گولەکانەوە دەخوارت و سەری دەلەقاند، دەیگۆتە خولام و قاسدەکانی : ئەی ملتان بشکێت ئەرێوەڵا، بە هەمووتان پیاوەکی وەکو مەحمودۆکتان تێدا نییە، هەی ڕیسوابن یا خوا.

خدر کە پیاوەکی چەلاوخۆری ئاغای بوو گۆتی : وەلا ڕاست دەکەی گەورەم، بەقوربانی تۆی دەکەین خەمت نەبیت،دڵی خۆت توند مەکە.

ئاغا ، لێی سوڕاوە هەتا شەق گرتی لە بنا گوێیدا، گۆتی : ئەگەر پیاوبوایی شەوێ بەقوربانی منت دەکرد، ئەتو لە هەموویان خراپتری.

خدر لەگەڵ شەقی هێربوو و لێی شێوا گۆتی : لە خزمەت دامە مەحمود!

ـ ئاغـا، هەی سـندان، مەحمـود چیـیە؟، هێشـتا ترسـی شـەوێت لە مێشک نەجویتەدەرێ، وەها لێت تێکچووە ؟، بڕۆ بە ملی شکات پیاوەکـان کـۆبکەوە، دەبێت ئەوڕۆ ئەو مەحمـودۆکەم بە سـاغی بـۆ بهێنن.

ـ لە دوای بـانگی نیـوەڕۆ کـاتی ئیسراحەتی دروێـنە بـوو ، قاسـم و حـاجی مەحمـود دانیشـتن گۆتیـان : کـوڕم یوسـف، ڕەیـان، ئەو خواردنەی بینن با بخۆیین.

ـ یوسف کورێکی ئاقل و تیگەیشتوو گوێڕایەل بوو، پرجێکـی نەرم و درێژی هەبوو، چوو خواردنەکەی بێنیت، بینـی وا چەند پیاوێـک بەرەو لای ئەوان دێـن، گـۆتی: بـابە هەنـدەک کەس وا بەرەو ئێـرە دێن.

قاسـم و حـاجی مەحمـود هەسـتانەوە سـەرپێیان، بینیـان مەلای مزگەوتـی گونـدەکەیانە، گۆتیـان: فەرمـوو مامۆسـتا ئەحـمەد فەرموو؟.

ـ مامۆسـتا ئەحـمەد دوو پیـاوی لەگەڵ دابـوو کە ئەوانـیش ئەهلـی مزگەوت بوون ، گۆتیان : ئەمە دانانیشین ، ئیشەکی خێرێمان هەیە ئەگەر حاجی مەحمود گوێمان بۆ بگرێت .....

## (٦)

ـ حاجی مەحمود گۆتی: مامۆستا ئەحمەد فەرموو گوێم لێتە.

ـ مامۆستا ئەحمەد گۆتی : ڕاستیەکەی ئەمە لە تو ڕادەبینین لۆیە هاتینە لات، ئینسانێکی چاک و لە خوا ترسی، الحمدلله هەبوونیشی، ئەوجا گۆتمان ئەمە پێویستمان بە دروستکردنی مزگەفتێکە، بەخۆت دەزانی خەڵکی گوندی ژمارەیان زۆر بووە، ئەگەر هیمەتێکمان بۆ بکەی، بەڵکو مزگەفتێکمان بۆ ئاوەدانبکەیەوە؟

ـ قاسم گۆتی : ئەوەی ئەمن بزانم، حاجی مەحمود لۆ ئیشی خێرێ سەری پێوە نییە، الحمدالله هەتا ئێستا دوو سێ مزگەفتی ئاوەدانکردیتەوە، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەن و ماڵ و سامانی.

هەموو پێکەوە گۆتیان : ئامین.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: وەی بەسەرچاو ، ما چ لە دروستکردنی مزگەفتی گەورەترە، ئەوەی لە دەستم بێت لۆتان دەکەم، لەو ڕۆژانەش کاری دروێنە تەواو دەبی، ئەوجا بەخۆشم دێم ئیشی لەناو دەکەم، ئەوەی پێویستیش بێت بۆتان دەکەم.

ـ ماموستا ئەحمەد، لە پیاوەتی حاجی مەحمودی دڵی خۆش بوو گوتی: خوای گەورە دەرگای خێرت لێ بکاتەوە، شوێنی زەوییەکەشمان دیاری کردیە بۆ مزگەفتی، ئەمەش بە هەمووبان هاوکاریت دەکەین.

ـ قاسم گۆتی: ئەم کارە باشانە هەر قابیلی حاجی مەحمودییە.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ئەوەی ئەنگۆ باس دەکەن، لە باشی و پیاوەتی خۆتانە.

ـ مامۆستا ئەحمەد ڕوخسەتی خواست و خوا حافیزی کرد.

ـ حاجی مەحمود گۆتی : قاسم ئەمن دوێنی خەونەکی خۆشم دیتییە، هەر لە بیرم کرد خەونەکەی لۆ مامۆستا ئەحمەدی باس بکەم، هەست دەکەم دروستکردنی ئەو مزگەفتەی مانای ئەو خەونەیە!

ـ قاسم گۆتی : دەی خێری پێوەبێت ان شاءالله.

ئیشی ئەورۆی دروێنەیان تەواوکردو کەوتنە ڕێ لۆ ماڕێ .

ـ بەرەو ئێوارە بوو خەریک بوو ڕۆژ ئاوابێت ، ئاغا بانگی خدری کرد گۆتی : خدر ئەوە هەموو پیاوەکانن ؟

ـ  خدر: بەڵێ قوربان.

ـ ئاغا: گوێ بگرن، کێ لەنگۆ دەتوانێت مەحمودۆکم بۆ بگرێت ؟

کەسیان جوابیان نەداوە!

ـ ئاغا: دەڵێم ئەنگۆ بە هەمووتان ناتوانن ئەو مەحمودۆکەم بۆ ڕیسوابکەن و بهێننە بەردەستی من؟

بووە منگە منگ، ئاغا گۆتی: منگە منگم ناوێ ئەو کەسەی مەحمودۆکم بۆ بگرێت، ئەمن دەیکەمە دەستە ڕاستی خۆم، هەرچییەکیشی بوێت دەیدەمێ!

لەوکاتەدا حمەدۆک کە پیاوێکی بێ دین و خراپەکار بوو گۆتی: ئاغام، ئەمن ئەو شەوە دەچم دەیهینم، ئەگەرنا دەی تۆپێنم.

ـ ئاغا گۆتی: کەلام شەرەف، ئەمنیش لە وەعدی خۆم پەشیمان نابمەوە، دەتکەمە دەستە ڕاستی خۆم و چت بوێت دەت دەمێ.

حمەدۆک گۆتی : خەمت نەبێت ئاغا هەر ئەو شەوە دەجمێ و خلاسی دەکەم.

-بووە شەو حمەدۆک خۆی حازر کرد، بە ڕێکەوت بۆ نزیک ماڵی حاجی مەحمودی، چاوەڕێ بوو تا درەنگی شەو دابێ، بۆ ئەوەی حاجی مەحمودی چەک بکات، یاخود بیکوژێت.

ـ حاجی مەحمود بیستانێکی گەورەیی هەبوو، خانووەکەشی هەر لەناو بیستانەکە بوو، خەریکی شەو نوێژ بوو.

حمەدۆکیش بە دزییەوە خۆی خستە ناو بیستانەکە، سیلاحەکەی سوارکرد، هێواش هێواش نزیک دەبووە لە خانووەکەی ....

## ( ٧ )

ـ حمەدۆک لە دەورووبەری خانووی حاجی مەحمودی دەسووڕایەوە، لە پەنـچەرەی دواوەی خـانووەکە سـەیری حـاجی مەحمـودی دەکـرد شەونوێژ دەکات.

هێــواش هێــواش خــۆی لە پەنــچەرەکە نزیککــردەوە لــۆ ئەوەی بیکوژی.

حــاجی مەحمــود گــوێی لە خشپەخشــپی پێــی بــوو، هەســتیکرد دەنـگەک دێـت !، نـوێژەکەی بەتـاڵ کـرد. دەمـانچەکەی لە بـن بالیفی دەرهینا، بە دوای ئەو دەنگەی ڕۆیشت.

ـ حــمەدۆک کلاشــینکۆفەکەی خســتە بەر پەنــجەرەی ویســتی بتەقێنێت سـەیری کـرد حـاجی مەحمـود لە شـوێنی خۆی نەمـایە!، ترسا گۆتی ئەوە کێوەچوو !؟،

مشاوش بوو ویستی هەڵبێت.

ـ حاجی مەحمود کەسێکی وشیار بـوو، لە دواوە دەمـانچەی خسـتە سەری حمەدۆکی، گۆتی: نەجووڵێی کـورە، ئەو سـیلاحەش دانـێ

هەتا مێشکم نەتەقاندی، دەتەوێت بمکوژی هەی ناپیاو، ئێستا لێرە دەتتۆپێنم.

حمەدۆک دەستی بە پارانەوە کرد گۆتی : پێڕاوەکانت ماچ دەکەم، دەستت ماچ دەکەم، ساحێب مارو مندارم، لەبەر خاتری خوای لێم خۆشبە، ئاغا گۆتی بڕۆ بیکوژە.

- حاجی مەحمود گۆتی : ئەنگۆ ئامادەنە خۆتان بکەنە قاتل و حەڕامی بخۆن لە پێناو ئەوەی ئاغا لە ئێوە ڕازی بی، باشە ئەتو لە خوای ناترسێی؟، ئێستا لێرە مێشکت پڕ گولە بکەم ؟

- حمەدۆک زۆر پاڕاوە گۆتی: حاجی مەحمود ئەمن کردم ئەتو نەکەی، لەبەر خاتری خوایی..

- حاجی مەحمود گۆتی: دەستی خۆم بە کەسەکی وەک تۆ پیس ناکەم، لە ترسی خوای نەبێت و لەبەر مندارەکانت نەبی، حەیاتم لێ دەبردی، حەمەدۆکی چەککرد سیلاح و ڕەختەکانی لێ ستاند و جلکەکانی لێ داکەند، پێی گۆت: فێربە پیاوانە بژی و پیاوانە هەلبژێرە و پیاوانە بمرە، یەلا ئێستاش برۆ ملت بشکێنە، وەها بڕۆوە پێش ئاغاکەت، هەی ناپیاوی بێ غیرەت..

- بۆ بەیانی حەمەدۆک لە شەرمان ڕووی نەدەهات بچێتەوە دیوەخانی ئاغایی،

هەر بیری لای قسەی حاجی مەحمودی بوو، لەبەرخۆی دەیگوتەوە (فێربە پیاوانە بژی و پیاوانە هەڵبژێرە و پیاوانە بمرە) لەگەر ئەو قسەی زۆر تێکچوو بوو هەستی دەکرد دوێنێ شەو کارێکی ناپیاوانە و هەلەیەکی خراپی کردیە.

ـ ئاغا چاوەڕێی حەمەدۆکی بوو گۆتی : ئەرێ دەنگوباسی حەمەدۆکی چی لێهات ؟، لۆ دیار نییە ؟، بڕۆن بزانن چ قەومایە، لە هەر جێیەکی بی بیبیننەوە.

پیاوەکان ڕۆیشتن حەمەدۆکیان هینا، چاوی شۆڕ بوو لە شەرمان سەری خۆی برند نەدەکرد.

ـ ئاغا گۆتی : ها حەمەدۆک چت لە مەحمودۆکی کرد؟

ـ حمەدۆک بە منگە منگی گۆتی: وەڵا ئاغا ویستم بیکوژم، بەران چەکی کردم!

ـ ئاغا ، تففف ئەرێوەڵا، هەی داوەشێی، لە پێش چاوم لای ببەن هەتا حەیایی نەبردینە.

حەمەدۆک مەمنوون بوو بە تفی ئاغای، دەیگۆت: شوکور لە بن دەستی حاجی مەحمودی ڕزگارم بوو، تۆبە.

ـ خدر گۆتی: ئاغا بەقوربان پلانەکم هەیە!

ئاغا گۆتی دەنگت نێت بێ کەلک، خدر گۆتی : بەقوربانت بم ئاغام ،بەس ڕێگام بدە قسەکەم بکەم دڵنیامە بەدرت دەبێت،

ئاغا کەمەک راوەستا و ئۆفەکی قۆلی هەرکێشاو گۆتی:دەبرێ بزانم چیە ؟

خدر گۆتی: چەند کەسێک دەچینە لای حاجی مەحمودی دەرێین: ئاغا سەلامی لۆت هەبوو، گۆتی: بابێت پێکبێینەوە، حەز دەکەین نەعبێنمان باش بێت و پێکەوە نیشانە شکێنی بکەین، بەو شێوەیە حاجی مەحمودی ڕازی دەکەین.

ئاغا گۆتی: ئەدی دوایی چ دەکەین ؟

خدر گۆتی : ئەوکاتەی کە حاجی مەحمود ویستی نیشانەی بهاوێژیت، لە پشتەوە دەیکوژین، لە ناو خەڵکیش براو دەکەینەوە کە بە ئەنقەست نەبووە، گولە لەدەستمان دەرچووە لەکاتی نیشانەکردن !؟، بەخۆت دەزانی ئەگەر ئەمە حاجی مەحمودی نەکوژین، تەئکیدبە، لەو ڕۆژانە تۆرەی حەمەدۆکمان لێ دەکاتەوە.

ئاغا گۆتی : خدر شەیتان دەستی لە تۆ هەرگرتییە ئەتو پلانی لۆ شەیتانی دادەنێی..

## ( ٨ )

ـ هەفتەیەکی پێچوو، حاجی مەحمود لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدی تەماشایی عاردی مزگەفتێیان دەکرد، حاجی مەحمود گۆتی: خوا فرسەت بدات، سبەی دەست بە دروستکردنی مزگەفتێ دەکەم.

لەوکاتەدا سێ پیاو هاتن و سەلامەکی گەرمیان کرد، تۆقەیەکی گەرمیان لەگەڵ حاجی مەحمودی کرد.

ـ مامۆستا ئەحمەد گۆتی : حاجی مەحمود سبەی چەند کەسەکی دەنێرم هاوکاریت بکەن لۆ دروستکردنی مزگەفتێ، دوای ڕووی کردە ئەو سێ پیاوەی گۆتی بەخێرهاتن.

ـ ئەو سێ پیاوە کە پیاوەکانی ئاغایی بوون، خدریش لەگەڵیان بوو (خدر کەسەکی زمان لوس بوو) خۆیان زۆر پیاوچاک بەدیارخست ،گۆتیان : یاخوا ئەو دەستانەت خۆش بێ حاجی مەحمود کارەکی زۆر باش دەکەی، مزگەفت پیرۆزە، زۆر مەدح و سەنایی حاجی مەحمودیان کرد!

ـ حاجی مەحمود گۆتی : خێر، ئیشەکتان هەبوو ؟

. گۆتیان : ئەمە بە قسەی ئاغایی هاتینە، زۆر سەلامی لۆت هەبوو، گۆتی بە حاجی مەحمودی برێن، پیاوەکە لە پیاوەکانی ئێمە و کەسی نزیکی ئێمەیە، حەزدەکەین لاپەرەکی نویٚ هەڵدەینەوە و پێکبێینەوە،

با لۆ سبەش مێوانمان بی.

-خدر بە پێکەنینەوە گۆتی: حاجی مەحمود، ئاغا کۆمەرە پیاوەکی خڕکردینەوە لۆ نیشانەشکاندنی، گۆتی کەس لە حاجی مەحمودی زیرەکترو بە دیقەتتر نییە، با بێت لەگەلمان بەشداربێت، زۆر پێمان خۆش دەبێت..

حاجی مەحمود گۆتی : برۆ بە ئاغای بریٚ، نە ئەمن کەسی ئەوم نە ئەویش کەسی منە، ئەمە دوژمنی یەکین، لێرەش ڕانەوەستن!

-زۆر لە حاجی مەحمودی پاڕانەوە، لەوکاتەدا، مامۆستا ئەحمەد گۆتی: حاجی مەحمود ناوی خوای بینە دیارە خێری تێدایە، لەلایەک خەریکی ئیشی مزگەفتی، لەلایکی دیکە ئاغا ناردیتی پێکبێنەوە، ئەتوش لەبەر خاتری خوای قبولی بکە، خدر بەدەنگ هات گۆتی وەلا راست دەکەی مامۆستا ئیشی خێریٚ هەر خێرە.

حاجی محمود ڕووی کردە پیاوەکانی ئاغای گۆتی لەبەر خاتری مامۆستا ئەحمەدی ڕازی دەبم، نەک لەبەر ئەنگۆ!

ـ پیاوەکانی ئاغا، هەستیان بە شەرمەزاری کرد گۆتیان : دەستت ماچ دەکەین حاجی مەحمود لە گەورەیی خۆتە، رۆیشتن.

لۆ شەوەکەی قاسم مێوانی حاجی مەحمودی بوو پێی گوت : حاجی ئەمن ج سیقەم بە ئاغا و دارودەستەی نییە، ئامان ئاگات لە خۆبیت.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ڕاستییەکەی ئەمنیش هیچ سیقەم پێیان نییە، دەبی زۆر ئاگام لە خۆبیت. بەس لەبەر خاتری مامۆستا ئەحمدی ڕازی بووم، ئەگەرنا داواکاریەکەم قبورنەدەکردن.

یوسف و رەیانیش بەیەکەوە دانیشتبوون لە ژوورەکەیتر، رەیان گۆرانی دەگۆت و یوسفیش چەپلەی لێدەدا و لەگەری دەگۆتەوە.

قاسم گۆتی یەلا یوسف کورم درەنگە بابرۆین، رەیان گۆتی : هێشتان زوو نیە مام قاسم ؟

قاسم گۆتی : لۆنکۆ زووە ئەنگۆ گەنجن، ئەمە ناتانین زۆر خۆمان بگرین، بەس گوێبگرن، کات فرسەتێکە هەندەک جار دلخۆش بوونی لەگەرە، هەندەک جاریش دەتەوێت لە کۆلی بکەیەوە، جا هەر کاتەک بتەوێت کات لە کۆلبکەیەوە ئەوا لەسەرت زۆر دەمێنتەوە و زوو ناروات ، بەس ئەگەر بتەوێت زوو نەڕوات ئەوا پێراناگەی!

یوسف گۆتی لەبەرج بابە ؟

قاسم گۆتی :لەبەر ئەوەی نەفسی مرۆڤ تێرنابێت و داوای لەزەتی خۆشتر دەکات، ئەوەش لە هەموو کات و وەختەکان نایەتە پێش مرۆڤ، کاتێک نەفسی مرۆڤیش ماندوو بوو هەست دەکات کات قورس بووە لەسەری، زوو ناڕوات.

حاجی مەحمود گۆتی: راستت گۆت قاسم، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە کات و تەمەنی هەموومان.

قاسم و یوسفی کوری خواحافیزیان کرد و رۆیشتن.

- لۆ بەیانی ، حاجی مەحمود خۆی بۆ لای ئاغایی ئامادەدەکرد، بە زیادەوە ڕەختەکانی بەست و دەمانچە و حەفتاو پێنچییەکی لەسەر کلاشینکۆڤەکەی بەست، گۆتی بە تەمای خوایی و بەڕێکەوت .

## ( ٩ )

ـ ئاغا و پیاوەکانی چاوەڕێی هاتنی حاجی مەحمودی بوون، دوو پیاویشی بۆ پلانەکە دانابوو، هەر کاتەک حاجی مەحمود پاریداوە بۆ هاوێشتنی نیشانەشکاندنی لە پشتەوە گولەی لەسەری بدەن.

ـ حاجی مەحمود دڵی زۆر نامورتاح بوو، زۆر دوودڵ بوو، لۆیە بەتەنها نەچوو، گەراوە، قاسم و دوو پیاوی لەگەر خۆ برد.

پێکەوە گەیشتنە ئەو شوێنەی ئاغا و پیاوەکانی لێی خڕببوونەوە، حاجی مەحمود هەر کە دیتی حەمەدۆکیشیان لەگەرە و هەموویان سیلاحیان پێیە، کلاشینکۆڤەکەی لە ملی خۆی هیناخوارێ و سواری کرد!

ـ ئاغا گۆتی : حاجی مەحمود ئەتو لۆ وەها بەپەلەی لە سوارکردنی سیلاحی هەی مارەوەدان، ئەمە هەمومان برایی یەکین، ئاغا هەستی کرد کوشتنی حاجی مەحمودی ئاسان نابێت، چونکە بەتەنیا نەهاتیە و سێ پیاوی دیکەی لەگەرە، پلانەکەیان فەشەلی هینا، لۆیە گۆتییە پیاوەکانی ئاگاو لێبی، ئەگەر ئەمە بمانەوێت مەحمودۆکی بکوژین، تەئکید بن، ئەویش هەتا سێ چوارەکمان لێ نەکوژیت ڕاناوەستیت.

ـ حاجی مەحمود، چاوی خستە ناو چاوی حەمەدۆکی ،حەمدۆک چاوی شۆڕکردەوە لە بەرامبەری، خۆی وەبیردەهات کو شەوەکەی چەکی کرد.

ـ خدر هاتە پێشەوە گۆتی: یاخوا بەخێربیی حاجی مەحمود، ئەورۆ رۆژەکی خۆشە، بزانین کێ دەباتەوە لە نیشانەشکاندنی، ـ ئاغا گۆتی دەست پێبکەن، هەر کەسەک ئەو نیشانەی شکاند، ئەمن خەلاتی (٢٠٠ گولەی حەریقی )دەکەم.

ـ پیاوەکانی ئاغایی دەستیان پێکرد، هەمووشیان بە پاردانەوە گولەیان لە نیشانەکە گرت، هەر یەکەو چەند گولەکی لە نیشانەکە گرت، بەلام بی سوود بوو کەس لێی نەدەدا..

ـ خدر گۆتی: حاجی مەحمود ئەتوش تێیگرە، بزانین لە نیشانەکە دەدەی، حاجی مەحمود هەر لە پێوە نیشانەی گرت، خدر پێکەنی گۆتی: حاجی مەحمود سەلامەتبی، وەرە بە ئیسراحەت لێرە پاردەوە ئەوجا تێیگرە، کو ئەوها لە نیشانەکە دەدەی !؟

حاجی مەحمود گۆتی نایەوێت ئەمن هەر لە پێیوە تێیی دەگرم، حاجی خۆی لێ خۆشکرد، هەر بەیەکەم گولە نیشانەکەی پارچە پارچە کرد!

. پیاوەکانی ئاغایی، سەریان سورما لە زیرەکی حاجی مەحمود و ترسان، گۆتیان: خوا دەزانێ هەر خۆمان بجولێنین حاجی ئەو حەفتاوپێنجەمان لێ بەتار دەکاتەوە.

. ئاغا پێکەنی گۆتی: حاجی مەحمود ٢٠٠ گولەی حەریقت حەڵاڵکرد.

قاسم گۆتی: حاجی مەحمود قابیلی زیاترە، ئاغا قسەکەی قاسمی بەدر نەبوو منگەکی کرد و بێدەنگ بوو،

. حاجی مەحمود گولەکانی لێ وەرگرتن، خۆی تەخیر نەکرد، لەگەل قاسم و پیاوەکان بە خێرایی ئەو شوێنەیان بەجێهێشت، ناو بەناو سەیری دواوەشی دەکرد نەکا پلانەکیان لۆیی هەبی.

-ئاغا گۆتی: خدر پلانەکەی تۆ وەکو خۆت بێ کەڵک بوو، خدر گۆتی: ئاغا بەقوربان، ئەمن گوتم حاجی مەحمود بەتەنیا دێت.

. ئاغا گۆتی: ئەمە دوژمنی یەکین، دەتەوێت بەتەنها و بەبێ سیلاح هاتبا لایمە؟، هەتا ئێستا دوژمنی خۆت ناناسی؟

. خدر گۆتی: ڕاستییەکەی ئاغا، حاجی مەحمود لەبەر خاتری مامۆستایی مزگەفتێ ڕازی بوو بێتە ئێرە، نەک لەبەر خاتریمە !؟

ـ ئاغا گۆتی: ئەمن هەر دەمگۆت ئەوە کو ڕازی بووە ! کا پێم بڕێ مامۆستای مزگەفتێ کێیە ؟

خدر گۆتی: مامۆستا ئەحمەدە، ئەوجا هەستاینە عاردەکیان دانایە بـکەنە مزگەفـت، تەکلیفیـان لە حـاجی مەحمـودیش کـردیە مزگەفتەکەی لەسەر ئاوادان بکاتەوە!

ئاغا توڕەبوو لەبەر ئەوەی کەیفی بە مزگەفتێ نەدەهات ، گۆتی لـۆ ئەمـن مـردیمە مزگەفتـی ئـاواکەن، دەبیـت دەسـت بەسـەر ئەو عاردەی دابگرم، نابێت ئەو مزگەفتە دروست بکرێت،

# (١٠)

حاجی مەحمود دەستیکرد بە ئیشکردن لە دروستکردنی مزگەفتێ، چەند پیاوەکی گوندیش لەگەری هاوکاریان دەکرد، دوایی ئەوەی چەند رۆژەکی باش ئیشیان لە مزگەفتێ کرد، حاجی مەحمود گۆتی: سوپاس لۆ خوای ئیشەکان باش دەڕوات، وەها بڕوا زوو تەواو دەبین، ئەوڕۆ بەسە دەست ڕاگرن، با بڕۆینەوە، هەتا سبەینێ خوا کریمە.

شەوێ ئاغا گۆتی: خدر سبەی چەند پیاوەکی لەگەر خۆت ببە، ئەو مزگەفتەی ڕاگرن و برێن عاردەکە موڵکی ئاغایە.

خدریش لە ئامادەباشیدا بوو گۆتی بەسەرچاو قوربان.

ئەو شەوە حاجی مەحمود خەونەکی دیت، کەسەکی جوان و نورانی هاتە خەونی، گۆتی : حاجی مەحمود مەترسێ، مەترسێ ! ئەو مزگەفتەی تەواوکە هیچ مەترسێ !

حاجی مەحمود بەخەبەرهات ، یا الله خێر بێت !

. بۆ بەیانی زوو چەند پیاوێک بەچەکەوە دەورووبەری مزگەفتێیان گرتبوو، خەبەر گەیشتە مامۆستا ئەحمەدی گۆتیان: پیاوانی ئاغایی ڕێگری لە دروستکردنی مزگەفتێ دەکەن.

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: ئەمن و پیاوەکان وا دەچین، بڕۆن بە عەجەلە بە حاجی مەحمودیش بڕێن.

هەر کە خەبەر گەیشتە حاجی مەحمودی، یەکسەر کلاشینکۆڤەکەی هەڵگرت و بەڕێکەت، هەر گەیشتە ئەوێ دیتی خەرکەکی زۆر خڕبویتەوە، گۆتی: ئەوە چ پیاوەکە ڕێگری لە دروستکردنی ماڵی خوایی دەکات؟

-خدر هاتە پێش گۆتی: ئەوە عاردی ئاغایە، دەبێت ئەو مزگەفتەی ڕاگرن!

. حاجی مەحمود کە گوێیی لەو قسەی بوو ،چاوی تاریک بوو، هەتا شەق گرتی لە ڕوومەتی خدری دا گۆتی: ئەگەر پیاوی لێم بدەوە.

. شەڕەکە ئالۆزبوو، پیاوانی ئاغا و حاجی مەحمود چەکیان لێک ڕاکێشا، خەڵکی گوندی هەموویان قسەی خۆیان کردەیەک، لە بەرامبەر پیاوانی ئاغایی خڕبوونەوە، گۆتیان : ئەو عاردە موڵکی گوندییە، ئەو مزگەفتەش تەواو دەکەین و ڕاناگرین.

ـ پیاوانی ئاغای، کاتەک بینیان هەموویان دژی ئەوان

ڕاوەستاینە، هیچیان لە دەست نەهات، بەناچاری گەڕانەوە.

ـ حاجی مەحمود بیری لە خەونەکەی دەکردەوە و دەیگۆت : خوایە ئەوەی پشتی بەتو ببەستی قەت بێ هیوایی ناکەی.

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: ئەوە جێی شانازی هەموومانە خەرکی گوندی هەمووکات یەک دەنگ بن لەبەرامبەر ناهەقیدا.

خدر لەبەر ئەو شەقەی پێیکەتبوو هێڕ ببوو، ددانەکانی پڕ خین ببوون، هاوار هاواری بوو لەبەر ژانی ددانی، وەی ددانم، وەی ددانم

ـ ئاغا کە زانی گوند لەگەر دروستکردنی مزگەفتێنە بێ دەنگ بوو، گۆتی : ئاخ ئاخ مەحمودۆک، ئەوجارەش لەدەستم دەرچووی

ـ خدریش هاوار هاواری ددانی بوو، مێشکی ئاغایی بردبوو، ئاغاش بەخۆی میزاجی تەواو نەبوو گۆتی: پلایزەکم لۆ بینن و ئەو خدرەم لۆ بگرن، هەندی خدر هاواری کرد بێ سوود بوو، بە پلایزی ددانی خدری دەرینا گۆتی: مێشکت بردین هەی بێ غیرەت، دەبڕۆ ئیسراحەتت کرد !؟

# ( ١١ )

خدر هەستی زۆر بریندار بوو، لە دڵی خۆی دەیگۆت: هەمووی خەتای ئەو مەحمودۆکەیە، خراپ لەپێش چاوی پیاوەکانی ئاغایی ڕیسوابووم، دەبێ کارێک بکەم کەرامەتی مەحمودۆکی بشکێنم.

پاش ماوەیەک، بابەتەکە بێ دەنگ بوو کاری مزگەفتیش بەردەوام بوو،

ڕەیان لەگەل یوسفی بێیەکتری نەدەحەوانەوە، هەموو وەختەک بەیەکەوە بوون، ڕەیان کەسێکی کۆمێدی و کۆمەڵایەتی بوو، خەڵکیش دڵیان بە قسەکانی خۆش دەبوو و لەکنی خڕدەبوونەوە، کەسێکی خۆشەویست بوو، ئەمەش وایکرد، ڕەیان ماوەیەک بوو درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە.

- حاجی مەحمودیش لەبەر سەرقاڵبوونی بە مزگەفت و کێشەکانی ئاغایی، ئاگایی لە ڕەیانی نەمابوو، شەوێکیان کاتەک ڕەیان درەنگ گەرایەوە .

- حاجی مەحمود پێی گوت : کورم لۆ ماوەکە درەنگ دێیەوە مارێ ؟

ـ ڕەیان گوتی: بابە هەر لەو دەورووبەرانەم لەگەر برادەران دادەنیشین، جگە لە یوسفی کوڕی قاسمی لەگەر کەسی دیکە زۆر تێکەر نیمە.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ئەمن ئەوەی دەزانم، بەس دەرێم بۆ درەنگ دێیەوە، هەموو شتەک سنووری خۆی هەیە، نامەوێ شەوێکی تر درەنگ بێیەوە..

ـ ڕەیان گوتی : باشە بابە وادەکەم.

ـ خدر لەناو فکراندا بزرببوو ، گۆتی: وای لە خۆت خدر ! ئەمن لۆ وەها بێ ئەقڵم !، باشە مادەم ئەمن بە حاجی مەحمودی ناوێرم خۆ بە کورەکەی دەوێرم!

ـ ئاغا گۆتی : ئەوە چ پندە پندە خدر، لەبەر خۆتەوە قسەی دەکەی ؟، وابزانم لەگەڵ ددان دەرینانەکەی تێکیش چووی!

خدر گۆتی : ئاغا ئەمە بە دەست و چەک دەرەقەتی مەحمودۆکی نایەین، دەبی ڕێگایەکی دیکە تاقی بکەینەوە.!

ئاغا گۆتی : چ ڕێگایەک ؟

خدر گۆتی : بەڕێگای شکاندنی سومعە و ناموسی حاجی موحمودی !!

ئاغا گۆتی : ئەوجا ئەوە کو دەکرێ خدر ؟

خدر گۆتی : لۆ خۆمی لێگەرێ، باش فکرم لێ کردیتەوە.

ئاغا گۆتی: خدر تەماشاکە ، ئەوجارە پلانەکەت فەشەل بینی، خوا دەزانی لەو گوندەی دەربەدەرت دەکەم و ڕیسوات دەکەم.

خدر گۆتی: عەجەلەم لێ مەکە ئاغا بە قوربان، بە دری تۆ دەبیت

ـ ڕەیان سێ خاری هەبوون ( یەکیان ناوی تەتەرخان بوو، یەکیان خلیل بوو ، یەکیشیان سمکۆ بوو ناسراوبوو بە سمکۆ شەلە )

ـ سمکۆ شەلە، کابرایەکی زمانلووس و تێکبەرو، فێڵباز بوو، لایەنی دینی زۆر خراپ بوو ، بەینیشی لەگەل حاجی مەحمودی نەبوو، لەبەر ئەوەی حاجی مەحمود کەسێکی دینداربوو، بەس سمکۆ شەلە کەسێکی خراپەکار بوو.

خدر کاتەک زانی سمکۆشەلە بەینی خۆش نیە لەگەر حاجی مەحمودی ، بە فرسەتی زانی و ماوەکی باش زوو زوو سەردانی سمکۆ شەلەیی دەکرد، زۆرجاریش لەگەر خۆی دەیبردە دیوەخانی ئاغایی، جار جاریش دەوی چەور دەکرد.

کەیف کەیفی سمکۆ شەلەیی بوو، لەو ڕۆژەوە سمکۆشەلە قسەی لۆ ئاغای دەهێناو دەبرد، دووزمانی دەکرد لە ناو گوندی، ماری زۆر کەسانی بە فرتوفێر وێران دەکرد و تێکی بەردەدان.

ـ خدر و ئاغاش خەڵاتیان دەکرد و گرنگیان پێ دەدا، خدر لە بن گێی ئاغایی دەیگۆت: داوەکە حازرە بەس مایە ماسیەکەی بگرین !

ئاغاش بە پێکەنینەوە دەیگۆت محمودۆک ماسیەکی هاروهاج و منجڕە.

# ( ١٢ )

ـ خدر له سمكۆ شەلەیی نزیک بووە، بە پێکەنینەوە پێی گووت : لەگەر خزمەکەت کویی ؟

سمكۆ گوتی : خزمەکەم کێیە؟

خدر گۆتی : مارەوەدان حاجی مەحمودی دەریم، سمكۆ شەلە دەستی بە پێکەنین کرد گۆتی: پیاوەکی قەرپە، زۆر ڕکم لێی دەبتەوە.

خدر گۆتی : ئاغاش وەکو تۆ کەیفی پێنابیێت !

ـ لەوکاتەدا ئاغا گوتی : سمكۆ شەلە، ئەتو نزیکترین پیاوی ئێمەی، حاجی مەحمودیش دوژمنی ئێمەیە، زۆر حەزدەکەم ئەو مەحمودۆکەی ڕیسوابکەین.

سمكۆ شەلە گوتی: لە گەورەیی خۆتە ئاغا بەقوربان، ئەمن شانازی دەکەم کە خزمەتت بکەم.

خدر گۆتی: ئەگەر سمكۆ شەلە هاوکاریمان بکات ئاسانە، دەتوانین دەردەکی باش بە حاجی مەحمودی بکەین ٠

سمکۆ گۆتی: کوو ؟

خدر گۆتی : پلانێک دادەنێین، حاجی مەحمودی لەناو گوندی شەرمەزار دەکەین.

سمکۆ گۆتی: خۆزگە ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم دەدیت کە حاجی مەحمود ڕیسوا دەبی.

خدر گۆتی : سمکۆ شەلە ئەتو خاری ڕەیانی، ئەو بە گوێت دەکات، خۆت لەلای شرین بکە و تیکەری بە،

. سمکۆ لەمەبەستی خدری تێگەیشت، گۆتی: دەتەوێت لە ڕێی ڕەیانی ئابرووی حاجی مەحمودی ببەین.

خدر گۆتی : باش لێم تیگەیشتی، ئافەرین سمکۆ.

ئاغا گۆتی: سمکۆشەلەم بەدرە زوو لە شتەکان تیدەگات، خدریش گۆتی لێکدانەوەی وەک خۆی زیرەکانەیە ،

بەو قسانە سمکۆشەلە زیاتر هاندەدرا و رایاندەکێشا لۆئەوەی هەرجیەکی بیانەوێت پێیبگەن.

. سمکۆ شەلە دەستی کرد بە پلانەکەی ،ماوەیەکی باش ڕەیانی لەگەر خۆی دەبردەوە مارێ، دەیگۆت کورە ڕەیان ئەمن ئەتووم زۆر

خۆش دەوێت، بەس ئەتو نایە ماری خارێ خۆت، لۆ وەها بێ رەحمی.

ڕەیان گۆتی : خارە بەچاوان زوو زوو سەردانت دەکەم.

ـ سمکۆ شەلە گۆتی : ڕەیان ئەتوو دەنگەکی خۆشت هەیە ، دەبیت زوو زوو بێیە ماری خارێ خۆت، سازەکەشت بینە لاوک و گۆرانیمان لۆ برێ.

سمکۆ شەلە، ڕۆژ بە ڕۆژ فکرەی رەیانی دەگۆڕی و لەگەر خۆیی تێکەری کرد،جار جاریش لەگەل خۆی دەبردە ماری پلکەکەی، گۆرانی و لاوکی پێ دەگووت، تا ڕەیانی مەراق کرد،

ـ ماری پلکی سمکۆ شەلەیی بنەماڵەیەکی فاشل و بێ سومعە بوون، خەلکی گوندی تێکەریان نەدەبوون .

ـ ماوەیەک بوو ڕەیان زۆر مشاوش ببوو، تەواو نەدەهاتە پێش چاو، زوو زوو بزردەبوو، کەم دەهاتەوە مارێ.

ـ حاجی مەحمود گۆتی : ڕەیان ئەتو ماوەکە باش نایە پێش چاوم، خێرە شتێک ڕوویدایە، دایکیشت گلەیی زۆری لە تو هەیە، زۆر لە دەرەوەی، کەم دێیەوە مارێ.

ـ ڕەیان گۆتی : بابە لە ماری خارم زیاتر ناچمە هیچ شوێنی تر!

حاجی مەحمود گۆتی : کورم ماری کامە خارت ؟

ڕەیان گۆتی : ماری خارە سمکۆیی !؟

## ( ١٣ )

-حاجی مەحمود زۆر توڕەبوو، هاواری لەسەر ڕەیانی کرد گۆتی : ڕەیـان نامەوێـت تـێکەری سـمکۆی ببـی، نزیکـی مـاری ئەوانـیش نەکەویەوە، کەس نەمابوو ئەو خارەت نەبی.

خێزانی حاجی مەحمودی گۆتی: چییە مەحمود، ئەو کورە چی کـردیە ئەتـو وەهـا لەسـەری هـاوار دەکەی ؟ ئەگەر چـووە مـاری خارێ خۆی قابیلە چییە ؟

. حاجی مەحمود گۆتی : چییە ژنەکە، چونکە برای تـووە لەبەر هەندێ پشتی دەگری، کەسی خراپ هەر خراپە، ئەگەر براو دۆست و بابی مەش بی.

. خێزانی گۆتی : چ خراپیت لە برای من دیتییە؟، لۆ لێناگەرێی ئەو مندارانە بچنە ماری خارەکانیان، لە ماری خاری خۆیان زیاتر چێوە.

. توڕەبوون و هـاوار کـردن کەوتە نێـوان حـاجی مەحمـود و خێزانـی، ئاگایان لە ڕەیانی هەر نەما، بابەتەکە داخرا.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: پشتگیری کەسی خراپ مەکە ژنەکە، ئەو مندارانە بە چ حارەک پەروەردە بووینە، خێزانی گۆتی: هاهو هاهو مەحمود، ئەتو بەس خۆت پێ باشە، هەموو کەست پێ خراپە.

حاجی مەحمود گۆتی: دەوەرە ئەمن چ دەرێم ئەتو چ دەرێی، بابرۆم باشترە، لە ماریێ چووەدەرێ، هەرلە پاش ئەوی، ڕەیان سازەکەی بەدزییەوە هەرگرت و جووە لای خارە سمکۆی.

ـ سمکۆ شەلە گۆتی: هاتەوە خاڵۆزا دەنگ خۆشەکەم، دوو ماچی لە ڕوومەتی ڕەیانی کرد گۆتی: خەبەرەکی خۆشت دەمێ ؟ ڕەیان گۆتی: چییە خارە ؟

سمکۆ شەلە گۆتی : کچە پلکەکەم ( ماریا ) ئەوەی چاو کەسکەکە، مەراقی لەتوو دایە، ناتەوێ بۆت بخوازم !؟

ـ ڕەیان بروسکەیەک بە قەلبی داهات، تازە تەمەنی دەگەیشتە ١٧ سالی، سەرگەرم بوو میزاجی تێک چوو، پێکەنی و گۆتی خارە سمکۆ گاڵتەم لەگەر دەکەی؟

ـ سمکۆ گۆتی: کورە ئەو ماریا نازدارەت لۆ دەینم، ئەتو گەلەک بە بەختی، لۆ وەناکەی لۆت لێدرایە.

ـ ڕەیان دەستی بە پێکەنین کرد، گۆتی چوزانم.

ـ سمکۆ شەلە گۆتی: وەرە بابچینە ئەوێ، لۆ خۆت تێر تەماشایی بکە.

ـ رەیان فعلی تێکچوو، لەگەل خارە سمکۆی کەوتنەڕێ و چوونە ماری پلکی.

ـ گەیشتنە ئەوێ، ڕەیان دەستی بە گۆرانی کرد، ماریا و خوشکەکانی لێی خڕببونەوە و چەپرەیان لێ دەدا، سمکۆ شەلەش بە ئەنقەست ژوورەکەی بە جێهێشت و لەگەڵ پلکەکەی دانیشتبوو.

-ڕەیان و ماریا، بەیەکتر پێدەکەنین و تەماشایی یەکتریان دەکرد، ڕەیان گەرم ببو وایدەزانی هەموو دونیا هی ویە، لێدانی دڵی لە خۆشیان زیادببوو، گۆرانی بەسەر ناوی ماریایی دەگۆت: باسی چاوە کەسکەکانی ماریایی دەکرد و هەموویان بەیەکتر پێ دەکەنین.

ـ سمکۆ شەلە هاتە ژوورەوە گۆتی: چییە ئەمە بێگانە دەرچووین، بابچینەوە ئەورۆ بەسە !، ڕەیان حەزی نەدەکرد هەستێت ! بەڵام سمکۆ فێڵزان بوو، ڕەیانی بردەوە، با بۆ جارێکی تر بەخۆی داوابکات بۆ ماری ماریایی.

ـرۆژەکان تێپەرین، ماریا لە کەلەیی ڕەیانی دابوو، بەبێ ئەوەی سمکۆ داوا بکات، ڕەیان دەپارایەوە دەیگۆت: خارە سمکۆ گیان،

توخوا بابچینە ماری پلکت؟، سمکۆ کەمەک خۆی گران دەکرد، دەیگۆت: ماری پلکم یان ماری ماریایی هههە؟

. ڕەیان پێکەنی گۆتی: بەخۆت دەزانی، ماری پلکت بە ماریایی خۆش بووە!

ئیتر سمکۆ کاری نەما، ڕەیان و ماریا دەستیان بە نامە گۆڕینەوە کرد.

ڕەیان فێرببوو بە دزیەوە شەوان دەچووە پێش دەرگای ماریایی و لاپەڕەیەک لە نووسینی پردەکرد لە هەستی خۆی، لە ژێر دەرگای فرە دەدایە ماری ماریا،

ماریاش نامەکەی خۆی بۆ فرەدەدا دەرێ ....

## ( ١٤ )

- ڕەیان تەواو هۆگری ماریا ببوو، لە فکری دەرنەدەچوو، ئەگەر ڕۆژەک مارییایی نەدیتبا لەسەر ڕەنگ و ڕوویی دیاردەبوو.

- سمکۆ شەلە دەیزانی حاجی مەحمود بەو مارەی ڕازی نابیت، بەڵام بە فێڵزانی خۆی، ڕەیانی گەرم دەکرد دەیگۆت: ڕەیان پێویست ناکا ئەوەندە خەمەی بخۆی، لۆ بە بابت نارێی ماریات بۆ بخوازی، کچێکی بەرچاوە، ڕۆژێ چەندان داخوازی دێتن، خۆ ئەو هەر لەسەر تۆ ڕاناوەستیت، ئەمن لەبەر تۆ ڕامگرتیە، ئەگەرنا لە مێژە شووی دەکرد، ئەتوش هیچ هەوڵەک نادەی، کوو دەبی؟

- ڕەیان ترسا، نەکا مارییایی لەدەست بچێت، گۆتی: شەرم بێت یان نە، ئەورۆ دەبێت هەر بەبابم بریم.

- حاجی مەحمود و خێزانی دانیشتبوون، ڕەیان هاتەوە ماریێ، بە بێ سەلام و کەلام رۆیشتە ژوورەکەیتر، حاجی مەحمود گۆتی: ڕەیان وەرە ئێرە، چییە بۆ وا رەنگت گۆڕایە و خەمباری ؟

- ڕەیان گۆتی : هیچ نییە بابە، بەس ئیشەکم پێتە، دەمەوێ بە تەنها پێت بریم.

حاجی محمود لەگەر رەیانی چوونە ژوورەکەیتر گۆتی: برێ کورڕم چ قەومایە ؟

ـ ڕەیان گۆتی : بابە ئەتو هەموو جارێ بەمن دەرێی ژنت لۆ دەینم، مادەم حەزدەکەی ژنم لۆ بینی ئەمن کەسەکم دیتیتەوە !؟

حاجی مەحمود کەیفی هات گۆتی : یا الله خێر ، ئەوە کوو بوو قەرارت دا، باشە با دایکیشت بزانێت تەئکید ئەویش دری پێ خۆش دەبیت.

ـ خێزانی حاجی مەحمود سەری ڕەیانی ماچ کرد گۆتی: لەوە خۆشتر ئەتو رازی بی ژنت لۆ بینین، بەس بەمەت نەگۆت کچەکە کێیە ؟

ڕەیان گۆتی : ناوی مارییایە کچەکی جوانە زۆر!

ـ حاجی مەحمود گۆتی کچی کێیە کورڕم ؟

ـ ڕەیان گۆتی کچەکە بابی نەمایە، بەس کچە پلکی خارە سمکۆیە!!

ـ حاجی مەحمود تێکچوو، گۆتی ئێستا زانیم لەگەر کێت دایە، کورم ڕەیان ئەوانە لەگەرمە ناگونجێن، نابیت تێکەری ئەوانە ببین،

ناوبانگی ئەوانە لەناو گوندی زۆر خراپە، کەس بە باشە باسیان ناکات.

ـ ڕەیان گۆتی : بریَ ژنت لۆ نایـنم و تەواو، خراپی چییە؟، ئاقرم گرتیتی، ئەو نەبیت کەسی دیم ناوێت.

ـ حاجی مەحمود گۆتی : واز لەوەی بینە، وەرە دەچین کچی قاسمت لۆ دەخوازم، بنەمارەکی باش و بە ئەخلاقن، قاسمیش لۆمە سەری پێوە نییە و کچەکی زۆر ڕێک و پێکی هەیە، حەیا و سومعەی خۆت لەگەر ئەو مارەی نەبەی، واز بینە.

ـ خێزانی حاجی مەحمودی گۆتی: لۆ قاسمی تەواوە !، بەس چونکە ئەو کچە پلکی برای منە، ئەتو ئەوانت پیَ خراپە.

ـ حاجی مەحمود گۆتی : دیسان دەستت پێکردەوە ژنەکە، ئەتوو دەتەوێت ئابڕوومان ببەی لە گوندی و لەگەر کەسی خراپ تێکەربین، ئەنگۆ شێت بووینە، کوڕم واز لەو کچەی بینەو لە مێشکت ببە دەریَ، بە کەڵکی تۆ نایێ.

ڕەیان خۆی لە دەرگای داو ڕۆیشتە دەریَ، دەقەی دەژمارد ببیتە شەو خۆی بگەیەنیتە سمکۆیی و شتەکانی لۆ باس بکات.

شەوداهات، چووە لای سمکۆ شەلەیی گۆتی : خارە بابم ڕازی نییە ماریام لۆ بینی، دەریَ هەر باسیشی نەکەی، چ بکەم ها !؟

ـ سمکۆ شەلە گوتی: ئەتو ئەوکچەت ڕازی کردیە، ئێستاش دەتەوێت نەیخوازی، ئەگەر هەتا دوو رۆژی دیکە داخوازی ماریایی نەکەی، ئەمن ڕایناگرم و دەدەمە کەسەکی دیکە!

ـ ڕەیان گۆتی : خارە ئەوە چییە ئەدی ئەتو پشتی من نەبووی ؟

ـ سمکۆ شەلە گۆتی : ئەوجا پشتی توومە لۆ ئەوەی غەدری لەو کچەی بکەی، برۆ بە بابت برێوە هەتا ڕازی نەکەی نێیەوە ئێرە ....

ـ سمکۆشەلە دەستی رەیانی کەشفکردبوو، دەیزانی بە چ مەراقی دەکات و بە چ شتەک مشەوشی دەکات، رۆژانەش هەموو باسەکەی لۆ ئاغا و خدری دەگێراوە، ئەوانیش پێیان هەڵدەگوت و زیاتر هانیان دەدا، پلانیان لەسەر ڕەیان و حاجی مەحمودی توندتر دەکرد.

## ( ١٥ )

یوسف هاتە سەردانی ڕەیانی و گلەیی لێکرد کە بۆ لێی دابڕایە، بەلام ڕەیان وەک جاران گرنگی بە یوسفی نەدا و دەیگۆت: ئیشم هەیە نــاتوانم لەگەرت بــێمە پیاســەی، یوســف ســەری لەقانــد و باشەیەکی کرد و بەدرشکایی گەڕاوە، دواتر ڕەیان دیسان بە باب و دایکی گوتەوە،ماریام بۆ بخوازن.

ـ هەر چەندی حاجی مەحمود ڕاستییەکانی بە ڕەیانی دەگۆت بێ سود بوو، ڕەیـان زیـاتر پێداگیری دەگرد، دەیگۆت: ئەو کـچەم هەر دەوێت، چاوی تاریک ببوو، وای لێهات لەگەر دایکی بەشەڕ هات.

ـ حاجی مەحمود توڕەبوو، شەقێکی لە ڕەیانی دا گۆتی: ئەتو شەرم نـاکەی لەبەر مـارێکی بێ ئـابرو، شـەری لەگەر دایکـت دەکەی؟، هەتا ئەمن مابم، چاوت بەو کچەی ناکەویت.

-ڕەیــان توورەبــوو چــووە دەرێ، هەر زوو ســمکۆ شــەلەیی ئاگادارکردەوە کە چ ڕوویدایە و لەگەر دایکی بەشەڕهاتییە.

ســمکۆ شــەلە گـۆتی : ڕەیـان ئەوجـا گلەیــی نەکەی، هەرئەوڕۆ کەسەک بێتە داخوازی ماریایی، ئەمـن ڕاینـاگرم و چاوەریی تـۆ نابیت.

ـ ڕەیان هیچی لە دەست نەدەهات، گۆتی: خارە ئەمن بەخۆم لەگەر ماریایی قسەی دەکەم، لێ ناگەڕێم جگە لەمن شوو بە کەسی دیکە بکات، ئەو ئەمنی خۆش دەوێت.

سمکۆشەلە گۆتی: ئەتو بە چ رێیەک وحەقەکی دەتەوێت بچییە لای ماریایی، دایکی هەیە و ناموسی هەیە ڕاوەستە، ریگات پێ نادەم!

ڕەیان پڕی دەستی سمکۆشەلەیدا و ماچی کرد گۆتی خارە هاوکاریم بکە !؟

سمکۆشەلە گۆتی بڕۆ بەس کەس ئەتو نەبینیت ! شتەکیش ڕووبدات ئەمن حەقم نییە!

ـ ڕەیان گێی پێنەدا، بەڕێکەوت بۆ ماری ماریایی، لە دەرگای پشتەوەی خانووەکەیان بە دزییەوە قسەی لەگەر دەکرد.

سمکۆ شەلە بەفرسەتی زانی، گۆتی ئێستا کاتیەتی، بە درۆ غاریدا گۆتی: ڕەیان و ماریا زووبن هەرێن، حاجی مەحمود بە سیلاحەوە وا دێتە ئێرە و هەردووکتان دەکوژیت!

ـ ڕەیان و ماریا لە ترسان پێکەوە هەراتن، تا وەکو خۆیان بشارنەوە.

-سمکۆ شەلە بە خێرایی ئەو باسەی لەناو گوندی بڵاوکردەوە گۆتی : ڕەیان مارییایی ڕفاندووە و هەڵیگرتییە، بە پلکەکەی گۆت: ئەتو ئاگات لە چییە ! ڕەیانی کوری حاجی مەحمودی مارییایی ڕفاندییە، باسەکە گەورەبوو لە ناو گوندی، ئاغا پیاوەکانی نارد گۆتی: برۆن رەیان و ماریام بۆ بگرن و بهێنن.

ـ خدر و سمکۆ شەلە و چەند پیاوەکی دیکە، ڕەیان و مارییایان هینایە لای ئاغا، خەبەریشیان لۆ حاجی مەحمودی نارد گۆتیان: وەرە کورەکەت کچێکی ڕفاندووە و لەلای ئاغایی دەستگیرکراینە!

رۆژ رۆژی ئاغا و دارودەستەکەی بوو، خۆیان خستە سەرپشت و قسەی گەورەیان دەکرد٠

ـ حاجی مەحمود سەری لێشێوا و تێکچوو گۆتی: کوو شتی وا دەبێت !، سیلاحەکەی هەڵگرت و لەگەر قاسم و مامۆستا ئەحمەدی بەرێکەتن لۆ دیوەخانی ئاغایی.

خدر گۆتی : ها حاجی مەحمود وەتان لێ هات کچی خەڵکی هەڵگرن، لۆ خەڵک ناموسی خۆی فرەدایە، لۆ ئاگات لە کورەکەت نییە.

ـ پلکی سمکۆ شەلەی دەیگۆت: ئابرووت لێ بردین حاجی مەحمود، چەند سالە بە هەتیوی بەخێوم کردییە ئێستاش ئەوەتان

لەگەر کــردم، لێتــان قبورنــاکەم،هەر ئیســتا دەبیــت ئەو کــچەی مارەبکەن، ئەگەر نا لیتان خۆش نابین.

ـ ئاغــا ڕۆژ ڕۆژی وی بــوو، گــۆتی: خەڵکــی گونــدی، ئەنگــۆ کەستان ڕازینە ناموسی کەستان هەتک بکرێت ؟

ـ سمکۆ شەلە بە جواب هات گۆتی: جوان نییە لۆ کەسەکی وەکو حاجی مەحمودی، دەبی ئەومەسەلەی زوو یەکلاییی بکەنەوە، ئەو کچەی بدەنە ئەو کوڕەی، تازە ئەوانە لۆ یەک باشن.

ـ حاجی مەحمود لە شـەرمان ئارەقەی کـرد، قسـەی لـۆ نەدەکـرا، نەیــدەزانی کــو جوابــداتەوە، لەلایەک تێکەربیــت لەگەر ئەومــارە خراپەی، لەلەیەکی دیکەش تازە کارلەکار ترازایە.

حاجی مەحمـود گـۆتی: ئەوەی ئەنگۆ پێتـان خۆشـە ئەمە ڕازیـنە، ناموســی نگــۆ ناموســی مــنە، فەرقــی نیــیە، ئەمە شــەرمەزارین، هەرچی بتانەوێت لۆتان دەکەین.

خدر گـۆتی: یـاخوا بەخێـربێن سـەرچاوم، ئەوجا حـاجی مەحمـود لە سبەینێوە زووتـر نـیە کارەکـان جێ بەجێ بـکەن، بـا زیـاتر ئابرومـان نەچووە!

حاجی مەحمود جوابی نەداوە و بە شەرمەزاری ئەوێی بەجێهێشت.

ـ کە گەڕانەوە حاجی مەحمـوود لە پێش چاوی قاسم و مامۆسـتا ئەحمەدی لە ڕەیانی سوڕاوە هاواریکرد گۆتی: ئابرووت بردم، چاوت شۆڕکردم، ئەوەی کە پیاونەبوو ئەورۆ بەکەیفی خۆی قسەی بەمن دەگـۆت، ئەوەی کە حیســابی پیــاوەتیم لـۆ نەدەکـرد ئەورۆ دەوی لەبەرامبەرم دەکردەوەو قسەی پێ دەگوتم، ڕاوەنەستای ئەوەت لێم دەویست، هەزار جار تێم گەیاندی بە گێت نەکردم، ئەوە پیـاوەتی کورە لەگەر بابی ها !؟

حـاجی مەحمـود تەواو پرببـوو، ئـاگری لێدەباری، هەر گەیشـتنەوە نزیکی ماریێ سیلاحی لە ڕەیانی سوارکرد لۆ ئەوەی بیکوژێت ....

# ( ١٦ )

ـ حاجی مەحمود ڕووی سیلاحی لە ڕەیانی کرد، قاسم و مامۆستا ئەحمەد پڕی حاجی مەحمودیان دا، جیرانەکان هەموویان خڕبوونەوە حاجی مەحمودیان پێ ڕانەدەوەستا، بە چ حارێک هەتا سیلاحیان لێ وەرگرت.

حاجی مەحمود دری دانەدەکەت، ڕەیانی گرت زۆر خراپی لێدا، هەتا لەهۆشخۆی نەچوو وازی لێ نەهێنا.

ـ قاسم ڕەیانی لەبن دەستی دەرینا و بردیە ماری خۆی، نەکا شەوێ حاجی مەحمود ڕەیانی بکوژیت.

رەیان دەستێکی شکابوو، خراپ لێدانی خواردبوو، لەلایەکی دیکەش دری خۆش بوو دەیگۆت خۆ ماریا بووە هی من!

ـ ئەو شەوە تا نزیکی سبەینێ دەنگە دەنگ و هەرابوو، حاجی مەحمود دەیگۆت ئێستا دەچم ئەو ناپیاوانە دەکوژم، دوای چ دەقەومێ با بقەومێ با منیش بکوژنەوە، ئەمن ئەو شەرمەزاریەیی قبور ناکەم.

ـ ماموستا ئەحمەد و جیرانەکان، زۆریان لەگەر حاجی مەحمودی گۆت هەتا قەناعەتیان پێکرد، گۆتیان : تازە شتەکە ڕۆیشتییە، سبەی دەچین ئەو کچەی مارە دەکەین، خوا کەریمە سەبرت هەبێت حاجی مەحمود، لێگەرێ با ئەو بابەتە لەکۆرببتەوە، تاکو زیاتر ناوبانگەکە خراپ نەڕوات.

حاجی مەحمود بێدەنگ بوو، گۆتی مامۆستا ئەحمەد بەخۆتان ئیشەکەی یەکلایی بکەنەوە، ئەمن زۆر نارەحەتم و خولقم لەسەر هیچ نەماوە،

مامۆستا ئەحمەد گۆتی خۆت نارەحەت مەکە، سبەی کارەکان تەوادەکەین و ئەو باسەی بە کۆتا دەهێنین.

ـ بۆ بەیانییەکەی، قاسم ڕەیانی لەگەر خۆی هینا و مامۆستا ئەحمەدیش هات، لەگەر یەک دوو شاهێد لە جیرانەکان، لەگەر حاجی مەحمودی بەڕێکەوتن.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ڕەیان گوێبگرە، ئەتو بەخۆت دەزانی و شاهیدی، چەند پیاوت ناردەکنم لۆ ئەوەی ڕازی بم ئەو کچەت لۆ بخوازم، ئەمن رازی نەبووم، لەبەر ئەوەی مارێکی فاشلن، ئێستاش ئەتو کارەکەت بەخۆت کرد و پیرۆزت بیت، بەس بزانە، ئەورۆت زۆر خۆشترە لە سبەی، ئەتو لەگەر ئەو مارەی زۆر زەرەر دەکەی،

دوای نەرێی پێی نەگۆتم، ئیستاش دەچین ئەو کچەی مارەدەکەین، خوا دەزانی مردنی خۆم پیَ خۆشتربوو نەوەک ئەو کچە هاتبووایە مارێمە.

رەیانیش بە دەستەشکایەکەیەوە سەری خۆی شۆرکردوو دەنگی لێوە نەدەهات.

ـ گەیشتنە ماری کچەکەی، سمکۆ شەلە گۆتی: یاخوا بەخێربێی خزمەکەم، حاجی مەحمود پێی گوت: ئەمن خزمی تۆ نیمە، ئەگەر خوا فرسەت بدا رۆژی تۆش دێت، خدریش وەزعەکەی بەدربوو گ

## ( ١٦ )

ـ حاجی مەحمود ڕووی سیلاحی لە ڕەیانی کرد، قاسم و مامۆستا ئەحمەد پڕی حاجی مەحمودیان دا، جیرانەکان هەموویان خڕبوونەوە حاجی مەحمودیان پێ ڕانەدەوەستا، بە چ حارێک هەتا سیلاحیان لێ وەرگرت.

حاجی مەحمود دری دانەدەکەت، ڕەیانی گرت زۆر خراپی لێدا، هەتا لەهۆشخۆی نەچوو وازی لێ نەهێنا.

ـ قاسم ڕەیانی لەبن دەستی دەرینا و بردیە ماری خۆی، نەکا شەوێ حاجی مەحمود ڕەیانی بکوژیت.

ڕەیان دەستێکی شکابوو، خراپ لێدانی خواردبوو، لەلایەکی دیکەش دری خۆش بوو دەیگۆت خۆ ماریا بووە هی من!

ـ ئەو شەوە تا نزیکی سبەینێ دەنگە دەنگ و هەرابوو، حاجی مەحمود دەیگۆت ئێستا دەچم ئەو ناپیاوانە دەکوژم، دوای چ دەقەومێ با بقەومێ با منیش بکوژنەوە، ئەمن ئەو شەرمەزاریەیی قبور ناکەم.

- مامۆستا ئەحمەد و جیرانەکان، زۆریان لەگەر حاجی مەحمودی گۆت هەتا قەناعەتیان پێکرد، گۆتیان : تازە شتەکە ڕۆیشتییە، سبەی دەچین ئەو کچەی مارە دەکەین، خوا کەریمە سەبرت هەبێت حاجی مەحمود، لێگەڕێ با ئەو بابەتە لەکۆرببتەوە، تاکو زیاتر ناوبانگەکە خراپ نەڕوات.

حاجی مەحمود بێدەنگ بوو، گۆتی مامۆستا ئەحمەد بەخۆتان ئیشەکەی یەکلایی بکەنەوە، ئەمن زۆر نارەحەتم و خولقم لەسەر هیچ نەماوە،

مامۆستا ئەحمەد گۆتی خۆت نارەحەت مەکە، سبەی کارەکان تەوادەکەین و ئەو باسەی بە کۆتا دەهێنین.

- بۆ بەیانییەکەی، قاسم ڕەیانی لەگەر خۆی هینا و مامۆستا ئەحمەدیش هات، لەگەر یەک دوو شاهێد لە جیرانەکان، لەگەر حاجی مەحمودی بەڕێکەوتن.

- حاجی مەحمود گۆتی: ڕەیان گوێبگرە، ئەتو بەخۆت دەزانی و شاهیدی، چەند پیاوت ناردەکنم لۆ ئەوەی ڕازی بم ئەو کچەت لۆ بخوازم، ئەمن رازی نەبووم، لەبەر ئەوەی مارێکی فاشلن، ئێستاش ئەتو کارەکەت بەخۆت کرد و پیرۆزت بیت، بەس بزانە، ئەوڕۆت زۆر خۆشترە لە سبەی، ئەتو لەگەر ئەو مارەی زۆر زەرەر دەکەی،

دوای نەرێی پێی نەگۆتم، ئیستاش دەچین ئەو کچەی مارەدەکەین، خوا دەزانی مردنی خۆم پێ خۆشتربوو نەوەک ئەو کچە هاتبووایە مارێمە.

ڕەیانیش بە دەستەشکایەکەیەوە سەری خۆی شۆڕکردوو دەنگی لێوە نەدەهات.

ـ گەیشتنە ماری کچەکەی، سمکۆ شەلە گۆتی: یاخوا بەخێربێی خزمەکەم، حاجی مەحمود پێی گوت: ئەمن خزمی تۆ نیمە، ئەگەر خوا فرسەت بدا رۆژی تۆش دێت، خدریش وەزعەکەی بەدربوو گۆتی : دەی ناوی خوای لێبینن دەست پێ بکەن .

ـ مامۆستا ئەحمەد کچەکەی لە ڕەیانی مارەکرد، گۆتیان: ڕەیان ئەوە دەستت جی لێ هاتیە ؟ گۆتی: بەربوویمەوە !، سمکۆ شەلە گۆتی: چنیە نە، لە خۆشیان بووە!

ـ کاتەک گەرانەوە، حاجی مەحمود گۆتی : مامۆستا ئەحمەد ئەتو شاهێدبە کە ئەمن بەریمە لەو مارەیی و خزماتی ئەوانەم پێ قەبور نییە، بە بێدەنگی شەوەکی دەچین ئەو کچەی دەگوازینەوە، ئەمن زیاتر بەرگەیی شەرمەزاری قسەو باسی گوندی ناگرم.

ـ حاجی مەحمود هاتەوە مارێ دری پڕببوو، گۆتی ئایی ژنەکە چەندم پێگۆتی: با ئەو کورە تێکەری سمکۆ شەلەیی نەبیت

بەگوێت نەکردم، چونکە براتبوو، با پێت برێم، هەتا تەرکی ئەو سمکۆ شەلەیی نەکەن، بەرایی زیاترتان توش دەبیت، ئیستاش ئابڕوومان چوو درت ئیسراحەتی کرد ؟، خێزانی حاجی مەحمودی بێدەنگ بوو، شەرمەزاربوو.

لەناو ئەو قسانەدابوون، لەوکاتەدا دەنگی دەرگەی هات ، کەسەک لە پێش دەرگای هاواری دەکرد، حاجی مەحمود حاجی مەحمود ؟..

## ( ١٧ )

حاجی مەحمود دەرگەی کردەوە، غەفور بوو (  غەفور برای حاجی مەحمودی بوو، پیاوێکی توند و تۆل و وردبوو لە ئیش و کاردا، بالای هەندەک کورت بوو، میواندۆست و مەرد بوو).

ـ حاجی مەحمود: یاخوا بەخێربیی برا، چاوم ڕۆناک بووە، چاک و چۆنییەکی گەرمیان کرد و لە ئەحواڵی مارومنداریان پرسی.

ـ پاش ئەوەی کۆمەلەک قسەیان کرد، غەفور گۆتی: هندەک گلەییم لە تو هەیە برا، ئەتو لۆ ئەو مزگەفتەت تەواونەکردییە، پیاوەکانی گوندی هاتنە لام گۆتیان، حاجی مەحمود مەشغول بووە، ئاگایی لە مزگەفت نەمایە بەشەکی مزگەفتەکەی تەواونەکردیە، دوایش زانیتم کە مشکیلەکت لێ قەومایە لەگەر خزمی سمکۆ شەلەیی، ئەتو کوو ئەو هەموو شتەت لێ قەومایە رۆژەک خەبەری منت نەدایە.

ـ حاجی مەحمود، هەموو ڕووداوەکانی مزگەفت و ئیش و کار و مشکیلەی ڕەیانی لە ئەوەلییەوە هەتا ئاخیری لۆ غەفوری باسکرد، گۆتی: بەخۆت دەزانی ئەتو لە گوندەکی تری و لەمن دووری، ئەو

مەجالەم لە بن دەستی نەبووە ئەتو ئاگاداربکەمەوە، لەبەر ئەوەی شتەکان زۆر بە خێرایی روویانداية.

. غەفور چەند قسەیەک و ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر رووداوەکان کرد، دواتر بابەتەکە داخرا.

. ئینجا غەفور گۆتی : سبەینیێ زوو دەچینە مزگەفتیێ، با خەڵک گلەیی زیاتر نەکەن هەرچەندی زووە ئەومزگەفتەیی تەواوکە، دواتریش ماوەیەک وەرە گوندیمە، بەڵکو ئەو مشکیلانەت لەسەری دەچنە دەریێ و ئیسراحەتێک بکەی.

حاجی مەحمود بەبینینی غەفوری هاتەوە سەرخۆیی و خولقی بوویەوە و سبەینەکەی ڕۆیشتن کارەکانی مزگەفت تەواوبکەن، خەڵکی گوندیش هاوکاریان دەکردن، دوای مانەوەی دوو رۆژ غەفور رۆیشتەوە گوندی و گۆتیە حاجی مەحمودیش چاوەرێت دەکەم دیاربە.

پاش چەند هەفتەیەک، ڕەیان شەوێک مارییایی بەبێ دەنگی گواستەوە و کارەکان بە کۆتا هاتن، حاجی مەحمود مزگەفتەکەی تەواوکرد، دوایی سەیارەیەکی مۆدیلی نوێی ( بەرازیلی مۆدێل ٨٧) ی کڕی، زوو زوو دەچووە گوندی لای غەفوری برایی، بەیەکەوە دەچوونە چیایی بۆ ڕاوکردن،

غەفور دەیگۆت: باوەرناکەم چ شتەک لەسەرچیایی خۆشتر بیت، ئەمن هەرکاتەک دێمە ئێرە درم زۆر دەبتەوە و مێشکم مرتاح دەبیت،حاجی مەحمودیش دەیگۆت: چیا ئەو بەرەکەتە بزرەیە کە خوای گەورە زۆر نیعمەتی تێدا ڕواندووە، بازارەکە بە بێ پارە و خەزێنەکە بەبەلاش و بە قازانجەوە، بەدەست بەتالی دێیی و بەدەست پری دەچیەوە،

غەفور گۆتی: راست دەکەی، دووربینی دەرینا و تەماشایەکی دەورووبەری کرد، گۆتی حاجی مەحمود قسەی تو تەواو دەرچوو تەماشایی ئەو دارە ترێیەی بکە برۆ خۆمان بگەینینێ،

دارێکی پر ترێی رەشی جوانیان دیت و تێریان لێ خوارد و بەشەکی باشیشیان بردەوە، ماوەیەکی باش بەم شێوەیە بەیەکەوە بوون، حاجی مەحمودیش چەند مانگێک لەناو مشکیلەیی دوورکەوتەوە.

ـ ئاغا و خدر، سمکۆ شەلەیان خەڵاتکرد لەبەرامبەر ئەوەی بە حاجی مەحمودی کرد، زێرو پارەیەکی باشیان پێدا ، سمکۆ شەلە ببووە پیاوەکی نزیکی ئاغایی، خاوەن بریاری خۆی بوو و گوێیان بۆ دەگرت.

رۆژەک هەردوو براکەی تری سمکۆ شەلەیی،( تەتەرخان و خلیل ) رۆیشتنە ماری سمکۆ شەلەیی، گۆتیان: لەوەتەی گەیشتیە ئاغایی دەوڵەمەند بووی، ئاگات لەمە نەمایە !، خەمەکی لەمەش بخۆ.

ـ سمکۆ شەلەش، گۆتی ئەوەی بەمن کرایە بەنگۆش دەکرێت، لە قسەی ئاغایی دەرنەچن و بەدری وی بجولێنەوە، وەکو من دەولەمەند دەبن ،

ئەوانیش گۆتیان ئەوە ئاسانە ئەتو هاوکاریەکمان بکە لەلای ئاغایی هەتاوەکو تێکەری ببین و بە پیاوی خۆی تەماشامان بکات، خەمی هیچ شتەکی دیکەت نەبیت.

سمکۆ شەلە زوو زوو سەردانی تەتەرخان و خلیل ی دەکرد ، ئەوانیشی تێکەری خۆی و ئاغا و دارودەستەکەی کرد، هەرسێکیان بەیەکەوە فرت و فێڵیان تیکەردەکرد و لە نزیکەکانی ئاغای بوون، ئەوەی ئاغا پێی خۆش بوو بۆیان دەکرد.

خەلیل کەسەکی مەسڵەحچی بوو، جار جار دەچووە لای حاجی مەحمودی و سایەقی بۆ دەکرد و سەیارەی دەهاشوشت، خۆی شرین دەکرد و لە پشتەوەش کەیفیان پیٚ نەدەهات ...

## ( ١٨ )

خەلیل سایەقی بۆ حاجی مەحمودی دەکرد و لەپشتەوەش قسەی دەبردەوە دیوەخانی ئاغایی، باس باسی پارە و سامانی حاجی مەحمودی بوو.

سمکۆ شەلە و خلیل و تەتەرخان، مەراقیان لە پارەوپوری حاجی مەحمودی دابوو، جار جاریش بە دزییەوە دەچوونە لای خێزانی حاجی مەحمودی کە دەکاتە خوشکیان، داوای قەرز و پارەیان لێ دەکرد کە حاجی مەحمود بیانداتێ، هەر کاتەک خێزانی حاجی مەحمودی داوای قەرزی بۆ براکانی کردبا لە حاجی مەحمودی ، بێ سود بوو، چونکە حاجی مەحمود دەیزانی نایدەنەوە و فێلزانن و پارەپەرستن.

ڕۆژەکان تێپەڕین، ڕۆژەک سمکۆشەلە گەیشتە ڕەیانی پێی گوت : ئەوە چەند مانگە لەوەتەی گەیشتیە ماریایی هەر ئاگات لە خارەکانت نەمایە، لە بیرت کرد چەند لەگەرت ماندیبووم هەتا لۆتوم هینا!، تەتەرخان و خەلیلیش گلەییان لەتو هەیە دەرێن، تەرکی مارە خارەکانی کردییە.

ـ ڕەیان گۆتی: وەلا برێم چ ، ئەمن ناچمە هیچ شوێنەک هەر لەمارێمە، جار جار ماریایی دەبەمەوە ماری دایکی و شوێنی دیکەم نییە.

سمکۆشەلە دەیگۆت نەنە دیارە بێ ڕەحم بووی لەگەر خارەکانت،

ماوەکی باش بوو یوسف و ڕەیان بەیەکەوە نەگەڕابوون، گەیشتنەوە یەک و چەند پیاسەیەکی خۆشیان کرد، یوسف دەیگۆت: دەزانم خیزانت لەماریێ نییە ئەگەر نا ئەتو دیارنەدەکەتی، ڕەیانیش پێدەکەنی دەیگۆت: ڕاست دەکەی، ئەتو لەمن باشتری ئەمن ئەتوم لەبیرکردیە،

یوسفیش دەیگۆت ئەمە برایی یەکین ئەوقسانە مەکە ، دواتر خواحافیزیان لەیەکترکرد و ڕۆیشتن.

ـ سمکۆ شەلە کە زانی ماریا بەسەردان هاتیتەوە، خۆی گەیاندە ماری پلکەکەی بە دایکی ماریایی دەگوت : ئەرێ ئەتوو ئاگات لە ماریایی هەیە دەرێ سجن کرایە، لە ژوورێ ناچتە دەرێ، ئەوە چەندە هەتا ئیستا رۆژەک سەردانی منیان نەکردییە، حاجی مەحمود لێناگەرێ، دوای ڕووی کردە ماریایی پێی گوت: ماریا ئەتو لۆ وا لاواز بووی، دەرێ خوادنت نادەنێ، حاجی مەحمود ئەوەندە هەبوونە لۆ خانیەکتان لۆ ناکڕی !؟

ـ دایکی ماریاش دەیگۆت: وەڵا سمکۆ ڕاست دەکەی، ماریا ئەتو کوو وەها قەبوردەکەی؟

ماریاش دەیگۆت: ئەمن هەتا ئێستا چەند جار بە ڕەیانیم گۆتیە ماری سەربەخۆم لۆ بکە، ناوێریت بە حاجی مەحمودی بڕێت، ئەمن ئەگەر ماری سەربەخۆم هەبووایە وەها سجن نەدەبووم، هەموو ڕۆژەک بەکەیفی خۆم دەسوڕامەوە، خۆ ئەمن عەبدی ڕەیانی نیمە، هەر خزمەتی داک و بابی بکەم.

لەوکاتەدا رەیان بەژۆرێکەت بۆ ئەوەی ماریای بباتەوە، بە هەموویان بەربوونە ڕەیانی گۆتیان: ئەوە لۆ بە گوێیی ماریایی ناکەی ئەوە چەند جارە داوای خانووی سەربەخۆی دەکا، ماندوو بوو لەگەر باب و داکت، ژیانی نەمایە.

سمکۆشەلەش لەولای دەیگۆت: فەقیرەی ماریا لاواز و وشک بوویتەوە، ڕەیان ئەتو خۆ هەر لەبن دەستی بابت نابی، وەکو بابت پیاوبە، لەسەر پێی خۆت ڕاوەستە.!!

ـ رەیان هیجی پێ نەما گۆتی: بابزانم لەگەر بابم قسەی دەکەم، ئەمن حەزناکەم لەوان جیاببمەوە.

ـ ماریا گوتی: خۆ بە حەزی تو نییە !، لۆ ئەتو ئەمنت لۆ خزمەتکردنێ هینایە، مردم لەومارەی درم توند بووە، بیزاربوویمە هەر لە ماریێ.

ـ دایکی ماریایی گۆتی : جارەکی دیکە لەتو قەبورناکەم و ناهێلم ماریا لەگەرت بێتەوە، ئەوجا ئەوە پێم گوتی.!

ـ ڕەیان بە بێ جەوی ماریایی بردەوە ماریێ، شەوێ کە حاجی مەحمود هاتەوە، دری لەسەر هەزاری لێی دەدا نەیدەزانی کوو پێی برێت، ماریاش لە بەرامبەری هەر بەچاو ئیشارەتی پێدەدا، دەیگۆت دەی پێی برێ دەی ...

# ( ١٩ )

ڕەیان نەیدەوێرا بە بابی بڕێت خانووم دەوێت، ماریاش هەر ئیشارەتی پێ دەدا دەیگۆت: ئەرێ دە پێی بڕێ ترسنۆک!

ـ ڕەیان گۆتی: بابە، ڕاستی شتەکم لە درییە بەس نازانم کوو پێت بڕێم!

ـ حاجی مەحمود گوتی : بڕێ بزانم چییە ؟

ـ ڕەیان گوتی : حەزم لێیە ماری خۆم بکەم!!

ـ حاجی مەحمود گۆتی: چ چ، ماری چ لۆ چ عەیبت هەیە، لە چت کەمە ها ؟، هەر ئەوەمابوو، وەها زوو تەنگاوبووی لۆ ماریێ، هەر وس بە وس، ئەو مزگەفتەم هەموو تەواوکرد رۆژەک نەهاتی دیوارەکان ئاودەی، خەلکی گوندی هەموو دەهاتن یارمەتیان دەدام، ڕۆژەک ئەتوم نەدیت هەر ئاودانەکەی بکەی، بەس خۆت لە ژۆرێنایە، ئەدی ئەتوش پیاونی ها !؟

ـ رەیان چووە ژووری خۆی بووە شەڕ و هەرایی ماریا و ڕەیانی، حاجی مەحمود و خیزانی گۆتیان : چبووە ئەنگۆ لۆ بەشەرهاتینە؟

ـ ماریا گۆتی: یەک دەقەی دیکە لەومارەی نابم هەتا مارم لۆ نەکەن، هەر بەو شەوەی زویربوو خۆی لەدەرگەی دا و ڕەیانیش بەدووی کەت، هەر هاواری دەکرد، ڕاوەستە کچێ ڕاوەستە، ماریا بەکەس ڕانەوەستا و چووە مارێ.

حاجی مەحومود گۆتی : دەبینی ژنەکە بوکەکەت چی بەسەر هینایین ئابرویی بردین لە پێش چاوی جیرانان، خێزانیشی دەیگۆت: ختایی کوری تووە وەها بەدوویی کەتیە، شەری ئەوانیش دەستی پێکرد هەتا بێزاربوون و نوستن.

ـ لۆ سبەینێ داکی مارییایی خەبەری نارد گۆتی: ئەگەر ماری لۆ دەکەن بکەن، ئەگەر نا وەرن تەلاقی بدەن و تەواو، شەڕەکە گەورەبوو، داکی مارییایی دەیگۆت شکایەتان لێ دەکەم، خۆ ماریام نەدیتیتەوە، باسەکە گەیشتە سمکۆشەلە و ئاغایی، ئیشەکەیان لەسەر ڕەیانی زۆر گەورەکرد بوو.

حاجی مەحمود تێکەتبوو لەگەر ئەومارەی و ئابڕووی لەو گوندەی چووبوو لەدەستیان، هەتا بابەتەکە گەیشتە سەر تەلاقی.

ـ مامۆستا ئەحمەد گۆتی: حاجی مەحمود تەڵاقی بدەن خراپترە، ئەتو تاقەتی مەحکەمە و بینەو بەردەت نییە لەگەر ئەو مارەی،

بەخوای وازت لێ ناهێنن، ئەوجا ڕدێنی خۆت نەدەیە دەست ئەوانە، لێگەڕێ با بچن خانیەکی لۆ خۆیان بگرن و لە کۆڵت ببنەوە.

ڕەیانیش خۆیی متکردبوو، قسەی مامۆستا ئەحمەدیشی بەدر بوو.

ـ حاجی مەحمود ئاخەکی هەلکێشا و گۆتی: ئەوە لۆ پیاوەکیان تێدا نییە دوو قسەی لەگەری بکەی لەدەست ئەو ژنانە نازانم چبکەم، هەستە ڕەیان برۆ ملت بشکێنە، خێزانت بینەوە، لە سبەینێوەش دەبیت لۆ خۆت دەست بە ئیشێ بکەی، مادەم ماری خۆت دانا ئیشکە و خۆت بەخێوکە.

ـ سەعاتێکی نەبرد، هەر ئەوکاتی ڕەیان چوو مارییایی هیناوە، مارەکی سەربەخۆی دانا، لەو ڕۆژەوە ماریا هەفتەی دوو ڕۆژ لەماریێ نەبوو، هەر ڕۆژێ لەگەر دایکی لە شوێنێک بوو، نە خواردنەکی ئامادەدەکرد، نە ئاگایی لە ماریێ بوو، لەو کونەی لۆ ئەو کونەی، هەموو ڕۆژێ لە ماری سمکۆشەلە و خەلیل و تەتەرخانی بوو، ڕەیانیش بەگەری دەکەت، هەموو شەوێ دەستی ڕەیانی دەگرت و برۆۆۆۆ...

ڕەیان مەمنوون بوو بەس ماریا قسەی نەکا، رازی بوو، لەو سەری لۆ ئەوسەری دانەدەنیشتن و مەجلیسی سمکۆشەلەیی بەبێ ڕەیانی نەدەرۆیشت، هەموو شەوێ دۆمینەبوو، خەلیل دەیگۆت ١٠ لێ بدە،

ڕەیان دەیگۆت خارە ٢٠ لێدە، ماریا و داکیشی فوول جەوبوون، دەیان گۆت: ئاها ماری سەربەخۆ چەند خۆشترە!!

ـ هەتا رۆژەک حاجی مەحمود گۆتی : ڕەیان کورە بەسە دانیشە، یەک شەو لەمارێ نی، رۆژەک نەمدیت لە مارێ خۆت خواردنەکی بخۆی، چەند جار داکت هاتیتە مارێنگۆ لەمارێ نینە، کورە ئەها ئەگەر توشی دەردوو بەرایی نەبووی٠

ـ ماریاش لە بنەوە دەیگۆتە ڕەیانی: باشە ئەمە ماری خۆمان نییە، ئەوان چ حەقیان پێدایە !، گوێیان پێ مەدە حەسودیان پێت دیت!!!

ڕەیانیش سەری گەرم بوو لە خوای دەویست شەودابیت و بڕوات لۆ دۆمینەیی.

ـ سمکۆ شەلە پلانەکی لۆ هات گۆتیە: تەتەرخان و خلیلی فکرەکی باشم هەیە، ئەگەر سەربگریت یەک دیناری لۆ حاجی مەحمودی ناهێلین، پارمان دەکەوتە ڕوونی.

## ( ٢٠ )

تەتەرخان و خەلیل پلانەکەی سمکۆ شەلەیان بەدر بوو، ڕۆیشتنە کن ئاغایی و پلانەکەیان بۆ باس کرد، ئاغا گۆتی بەدرمە، ئەمنیش لەگەر حاکم و زابتەکان تیکەریم هەیە یارمەتیتان دەدەم، حوکمەت حوکمەتی خۆمانە (ئاغا بەینی هەبوو لەگەر حوکمەتی بەعسی، ئەو وەختەی بە چەلاوخۆری و ئاغایەتی حوکم کردن بەرێوەدەچوو )

ـ ئاغا گۆتی دەست پێکەن، بەڵکو پارەیەکی باش لە حاجی مەحمودی بستینین و موفلسی بکەین، ئەو وەختەی دەربەدەر دەبێت و هیچی لۆ نامینیت، با ببیتە عیبرەت ئەو مەحمودۆکە.

ـ سمکۆ شەلە و تەتەرخان شەوێک دەرگەکانی کەنتۆریان شکاند و پەنچەرەیان شکاند، سمکۆ شەلە ئەو پارە و زێڕەی ئاغا بە هەدیە پێیدابوو، هەمووی تەسلیمی ئاغایی کردەوە هەتا پلانەکەی سەربگرێت٠

ـ لۆ سبەینێ سمکۆ شەلە کردیە هەرا لە گوندی، هۆ خەرکینە هاوار هاوار، دز هاتیتە مارێمە، هەرچی زێڕو پارەم هەبوو دزرایە، تەتەرخانیش بەناو گوندی کەت هۆ خەرکینە دزی لە سمکۆی برام

کرایە، ئاغا و خدریش هاتن، هەموویان چوونە ماری سمکۆی دیتیان دەرگای کەوەنتەر و پەنجەرەی ژووریٚ هەموو شکایە!

ـ ئاغا ئاسایشی تیٚگەیاند گۆتی: دزیمان لیٚ کرایە وەرن تەماشاکەن، جەماعەتی لیٚکۆلینەوەی هاتن تەماشای ژووریٚیان کرد بیٚ سەروبەربووە،

سمکۆ شەلە گۆتی: ئاغا شایەتە کە ئەمن زیٚرٍو پارەیەکی باشم هەبوو دەمویست لەگەر ئاغایی معاملەی پیٚ بکەم، ئیستا یەک دینارم نەمایە، هەمووی دزرایە.

ـ مەوزوعەکە دریٚژەی کیٚشا، ئەو دەیگۆت دەبی کیٚ دزیەکەی کردبیٚت، ئەویدی دەیگۆت دەبیت ئیشی کیٚ بیت، دوای لیٚکۆلینەوەی هیچیان بەدەست نەگەیشت، سمکۆ و تەتەرخانیان بردە ئاسایشی گۆتیانە سمکۆیی: ئەتو شکت لەکەس هەیە ؟

سمکۆ گۆتی : بەلیٚ سەیدی !؟، ئەمن خوارزایەکم هەیە ناوی ڕەیانە زۆر هاتوچۆی ماریٚ من دەکاتن، شکم لیٚیە ئەو دزیەکەی کردبیٚت.

ـ حوکمەتی بەحسی ئەوکاتەش بەینی خۆش بوو لەگەر ئاغایان، بانگی ئاغایان کرد، زابتەکە کوردی باش نەدەزانی، بەلاّم بەینی

خۆش بوو لەگەر ئاغایی، لەبەر ئەوەی ئاغا زوو زوو سەرەمەڕی لۆ دەنارد .

ـ بەخێرهاتنەکی باشی ئاغایی کرد، گۆتی : ئاغا ئەو ڕەیانە کوڕی کێیە ؟، ئەنگۆ کو دەیان بینن لە گوندی ؟.

ـ ئاغا گوتی : کوڕی حاجی مەحمودییە، ڕێز لەمە ناگری، تێکەری دیوەخانی نابی، دژی حوکمەتییە، ئەنواع سیلاحی لەماریێ هەیە، هەتا ئیستا چەندین جار لەو گوندەی لۆ ئەو گوندەی دەربەدەر بووە، لە هەموو گوندەکی دەرکراینە لەبەر خراپی و کەتن و دزیکردنی مەڕوماراتی خەرکی، لەبەر هەندێ ئەمنیش شکم لێیە ئەو دزیە رەیان کردبی، چونکە ئەو ئیشانە لەوان دەوەشیتەوە!!

ـ سمکۆ شەلە گۆتی : قوربان، ئاغا ڕاست دەکا، ئەمنیش شکم لە ڕەیانی حاجی مەحمودیە، بەس ئەو شارەزایی ماریمەیە، هەموو شەوێ لەکن مەیە!

ـ تەتەرخان دەیگۆ: جا وەرە خوارزات بیت و دزیت لێ بکات!

ـ زابتەکە قسەی ئاغایی بەدر بوو، مەفرەزەیەکی نارد گۆتی : هەر ئیستا برۆن ڕەیانی بگرن و بهێنن.

ـ نزیکی رۆژئاوابوون بوو ، تازە ڕەیان لە ئیشێ دەهاتەوە گەیشتە پێش دەرکەی ماریێ، مەفرەزەیەکی پڕ شورتە هاتن، دەستی ڕەیانیان

کەلەمچەکرد، هەندی دایکی ڕەیانی لەخۆی داو گریا و هاواریکرد ڕاوەستن کوڕەکەم کێوەدەبەن، لەولای جیرانەکان گۆتیان چ بووە، ڕەیان دەیگۆت چبووە لۆ دەمگرن ؟، بێ سود بوو، گوێیان بەکەس نەداو جوابیان نەداوە، ڕەیانیان فرەدایە ناو پشتەوەی سەیارەیی و بردیان.

حاجی مەحمود هاتەوە مارێ دیتی جیرانەکان هەموویان وا لەماریوان خڕبوبیبەوە، ماریا و خوشکو برایە بچووکەکانی ڕەیانی گریان و ڕۆڕۆیان بوو، خێزانی حاجی مەحمودی لەخۆی دەداو دەیگۆت وەی ڕەیانم ڕۆییی ...

## ( ٢١ )

ـ حـاجی مەحمـود گـۆتی: چ بـووە، چ قەومـایە؟، ڕەیـان چـی بەسەرهاتییە؟

ـ جیرانەکـان گۆتیـان : مەفرەزەک هـات ڕەیانیـان گـرت و بردیـان، هەندی گۆتمان چ بووە، لۆ دەیبەن جوابیان نەداینەوە!

ـ حـاجی مەحمـود دانەنیشـت بەڕێـکەوت لـۆ ئەوەی بزانـی چ مەسـەلەیە، خەلیـل بە دووڕۆیـی خـۆی گەیانـدە حـاجی مەحمـودی گۆتی: حاجی خۆت مشەوش مەکە، لەبەر هەندێ ڕەیانیان گرتییە دزیەک لە سـمکۆیی هـاتیتە کـردن، ئەوانـیش گۆتیـان ڕەیـان کەسەکی نزیکـی ئەوانە، چەنـد پرسیارەکی بەسیتی لێ دەکەن و بەریدەدەن، قابیلە سمکۆ خاری ڕەیانییە، خارۆزاییی خـۆی بەگـرتن بدات ؟!

خەلیل بە فرتوفێر حاجی مەحمودی سارد دەکردەوە لەولاش لەگەر سمکۆ و تەتەرخانی شەریک بوو.

ـ زابتەکە گۆتی: ڕەیان دزیەک لە خارت کرایە، مەترسە هیچت لێ ناکەین پێمان برێ ئەتوو دزیەکەت کردیە ؟

ـ ڕەیان جامی کرد !!، گۆتی وەڵا ئەمن ئاگام لە هیچ نییە، دزی چ ؟

ـ ئاغا دەیگۆت: ڕەیان کورم مەترسە سمکۆ خاری تووە خۆ هیچت لەگەر ناکات، بەس حەزدەکەین بزانین و دزیەکەی ئاشکرابکەین، ئەگەر پارەکان و زێڕەکانت بردیە بمان دەوە و بەرت دەدەین کوڕی خۆم!

ـ ڕەیان گۆتی ئەنگۆ باسی چ دەکەن !، پارەی چ و حاری چ، وەڵا ئەمن دزیم نەکردییە.

ـ ئاغا گۆتیە زابتەکەی خەمی هیچت نەبیت، چت دەوێ لۆت دەکەین، پارەو چەند سەرە حەیوانەکی باشم لۆ دانای، ئەمن دەزانم ڕەیان دزیەکەی کردییە بەس وەکو بابی کەلەرەقە ئحتیراف ناکات، ئەوجا ئەگەر نەیترسێنی قسەی ناکات دەزانم.

ـ زابتەکە ڕەیانی لە ژۆرێ کرد، خراپیان لێدا، ئەو شەوی ڕەیانیان نیوە ڕۆح کرد، گۆتیان ئەگەر قسەی نەکەی دەتکوژین، ئاغا دەیگۆ کورڕم ڕەیان لۆ وە لەخۆت دەکەی برێ پارەکەم دزییە و تەواو بەرت دەدەین.

سمکۆ شەلەش دەیگۆ ڕەیان وەعد بیت بەرت دەدەم، بەس برێ پارەکەم دزییە و تەواو بەرت دەدەین، ڕەیان بی هۆش ببوو، تازە لە

نزیکی ١٨ سالیدا بوو، ترسێکی زۆری لەسەربوو، لەگەر لێدانی وەکو شێتانی لیێ هاتبوو،

. حاجی مەحمود گەیشت، بینی سمکۆشەلە و تەتەرخان و ئاغا و زابتەکە دانیشتینە، گۆتی خێرە ڕەیانتان گرتییە ؟

. زابتەکە گۆتی: ڕەیان تۆمەتی دزی گرتنی لەسەرە جاریێ لە تەحقیقیە.

. حاجی مەحمود گۆتی: دزی چ و حاری چ، ڕەیان لەو کەسانە نییە دزی بکات ئەو قسانە چییە ؟

. سمکۆ شەلە گۆتی: ئەمن ئەو شەوە زێڕ و پارەم لیێ دزرایە ؟، شەوێیش رەیان لەمارێمە بووە!

. ئاغا گۆتی: سمکۆ ئەوە ئیشی حوکمەتییە خۆ ئیشیمە نیە!، ئەگەر ڕەیان دزیەکەی نەکردبیت بەری دەدەن، قابیلە بە زۆری بیگرن.

. حاجی مەحمود گۆتی: سمکۆشەلە ئەتو پارەت لە کیێ بوو هەتا پارەت لیێ بدزریێ، رۆژ نەبوو داوای قەرزم لیێ نەکەی، شەرم ناکەی درۆیان دەکەی، خوا دەزانی ڕەیان شتەکی بەسەربێت پارچەپارچەت دەکەم، هەی بێقیمەت......

ـ زابتەکە هەستاوە سەرپێ، گۆتی برۆ دەرێ کو دەوێری لەپێش چاوی من ئەو قسانە بکەی، ئێرە جێی هەندێ نییە. حاجی مەحمودیان بردە دەرێ، خەلیل لە بن گێی دەخیند: حاجی مەحمود خۆت تەنگاونەکەی مارەوەدان، خاروخوارزانە هەر ئەوشەوەیە سبەی بەریدەدەن، هەستە بابرۆینەوە لەبەر مارێ ئەوانیش تەنگاوبووینە تازە هیچ ناکرێ هەتا سبەی.

ـ سمکۆ شەلە هاتە دەرێ لە ترسا دەلەرزی، گۆتی: حاجی مەحمود کەلام شەرەف سبەی بەریدەدەین، بەس زابتەکە گۆتی با ئەو شەوە لەلای مەبیت..

حاجی مەحمود گۆتی: رۆژەک دادێت خلاست دەکەم ناپیاو، ئەگەر برای خێزانم نەبایی هەر ئێستا ریسوام دەکردی،

ـ حاجی مەحمود هاتەوە، ئەو شەوە کەس خەوی لێ نەدەکەت، کەس باوەری نەدەکرد، دایکی رەیانی دەیگۆت، ئەوە کو درتان هات بوختان بە کورەکەم بکەن، هەی برایە پیسەکانم.

ـ خەلیل ئەوشەوە لەکن حاجی مەحمودی مایەوە نەچۆوە مارێ، بە قسە و دووڕوویییەکەی حاجی مەحمودی سارد دەکردەوە، بووە سبەینە خەلیل سایەقی لۆ حاجی مەحمودی کرد و بەرەو ئاسایشی

بەرێکەتن، لەرێی هەر دەیگۆ: حاجی خۆت نارەحەت نەکەی، چ نابیت خەمت نەبی!

ئاغا و زابتەکە هەر ئەو شەوی کیتابیان لەسەر رەیانی دروستکردبوو، هەر حاجی مەحمود گەیشتە ئەوێ، پێیان گۆت: حاجی مەحمودی جارێ راوەستا تازە کیتابی لەسەر کرایە، هەتا قەرار لەسەر دەدرێت، ئەگەر هیچی لەسەر نەبیت بەری دەدەن.

ـ زۆری نەبرد غەفور گەیشتە حاجی مەحمودی گۆتی: برایمن ئەوەی ئەمن تیگەیشتیمە لەو بابەتەی و بزانم ئەوانە ئەتو دەخافرێنن و لە بنەوەش کیتابی قورس دەکەن لەسەر رەیانی، درۆی دەکەن، ئەوانە رەیانی بەرنادەن، بروایان پێ نەکەی،

خەلیل دەیگۆ غەفور قسەی خێر بکە لۆ براکەت، سمکۆ خاری رەیانیە قابیلە غەدری لێ بکات، غەفور لێی سوراوە گۆتی ئەنگۆ هەمووتان درۆزن و بوختانچینە، ئەوە چتان لەبن سەریە ها ؟

ـ لەو کاتەدا سمکۆ شەلە و تەتەرخان گەیشتن، غەفور گۆتی: کا وەرە سمکۆ شەلە، هەی رووت رەش بیت، کو بوختان بە خارۆزای خۆت دەکەی شەرم ناکەی، هەی بێ غیرەت.

سمکۆ شەلە و تەتەرخان سەریان شۆرکرد، لەترسان بە بێدەنگی چوونە ژۆرێ، گۆتیانە زابت و ئاغایی، ئەگەر عیلاجەکی نەکەین، ئەوانە لەمە ناگەڕێن.

حاجی مەحمودیان هەر دەخافراند و دەیانگۆت هەتا حاکم دێت و قرار دەدات، هیچ ناکرێت، چەند ڕۆژەکیان بەو شێوەیەیی ئیشەکە تاخیرکرد، حاجی مەحمودیان دەهیناو دەبرد، لە بنەوەش دەستیان بە لێدان و عەزابی قورسی ڕەیانی کردبوو، هەتا ئحتیرافی بە درۆ پی بکەن.

جخارەیان پێدەکرد بە قەلبی ڕەیانیان وەدەنا هەتا خلاس دەبوو، چاویان لێ گرێ دەدا بلعەکسیان بە پانکەیی وەدەکرد، خوێنی لە دەودوونی دەهات، دەمانجەیان لەسەری دادەنا، هەتا وایی لێهات ڕەیان قوەتی نەما و بەزۆری و بە خیانەت، ڕەیان لە ترسان ئیعتیرافی کرد !

## ( ٢٢ )

دوو هەفتە تێپەری، کاتەک ڕەیان ئعتیرافی دەکرد هەموو قسەکانیان لە ناو کاسێتێک تەنزیل کرد، کردیانە بەڵگەیەکی بەقوەت بۆخۆیان، ڕەیان بە دز لەقەلەم درا، گۆتیانە ڕەیانی ئێستا دەچینە مارێنگۆ، لەوێ بە بابت برێ کا پارەکەی بینە دەرێ لە چێت شاردیتەوە.

- ڕەیان گۆتی : ئەو بوختانەی بە منتان کرد، بەبابم مەکەن، زابتەکە دارێکی لە بن گونی ڕەیانیدا نیوە رۆحی کرد، بە سێ چارەکان دایانە بەر شەق و پێلاقەی، لەگەر لێدانی هەموو هەناوی هاتنەدەرێ.

- زۆری نەبرد مەفرەزەیەک گەیشتە پێش دەرگەی حاجی مەحمودی، ڕەیانیشیان لەگەر خۆی بردبوو، بە ژۆرێ کەتن، حاجی مەحمود و خێزانی هەستانەوە گۆتیان چییە، وەها بەناو مارێمەکەتینە ؟

- زابتەکە گۆتی: ئەو پارەی ڕەیان دزیەتی بینە دەرێ، لە چێت شاردیتەوە.!

ـ حاجی مەحمود گۆتی: هەر ئەوەمابوو ئەمەش بکەنە دز، زابتەکە گۆتی لە کوڕەکەت بپرسە !؟

ـ خێزانی مەحمودی ڕەیانی دیت، چ دیتنێک ! ڕەیان روحی لەبەر نەمابوو وشک ببووە، وەکو شێتان لێ هاتبوو، بێ هۆش و کەتی و لاواز، یەکسەر لەخەمان لەهۆش خۆی چوو، براو خوشکە بچوکەکانی ڕەیانی هاواریان دەکرد و دەگریان، پری شورتەکانیان دەدا، دەیانگۆ لۆ واتان لە برامان کردیە لۆ لۆ، شورتەکان بە پۆستارەوە بەناو مارێکەتن، ڕەیان لە ترسی خۆی دەیگۆ بابە ئەوپارەی بینە دەرێ با بەرم بدەن، بینە دەرێ پارەکەی !!؟

ـ حاجی مەحمود قەدەمی شکا، گۆتی: ئەوە چت بەسەرهاتییە ڕەیان، لۆ واتان لە کوڕم کردیە، ئەو شورتانە بەناو ژۆرێ کەتن دەرگەی کەوەنتەر و مارییان نەهێشت هەموویان شکاند !! گۆتیان مادەم پارەکەت شاردیتەوە بزانە کوڕەکەت حوکم دەدرێت.

ـ لەو رۆژەوە، هەموو ڕۆژێکی دایکی رەیانی مردنبوو، هەموو رۆژێک لەماری حاجی مەحمودی تازیە بوو، ئەو حاجی مەحمودەی کە حیسابی لۆ کەس نەدەکرد، قوەتی نەمابوو، لاقەکانی عەردی نەدەگرت، دەستی دەلەرزین. سەری لێ شێوابوو بە دیتنی کوڕەکەی جەرگی دەسوتا.

ـ قاسم و مامۆستا ئەحمەد و جیرانەکان هاتن، کاتەک حاجی مەحمودیان وەها بەبێ سەرووبەری دیت، سەریان سوڕما !، حاجی مەحمود کەسەکی دییە !، مامۆستا ئەحمەد سەری خۆی لەقاند و دەستی بە گریانێ کرد و گۆتی: ڕەبی مارتان خراپیت، ئەو زوڵمە چ بوو لەو پیاوە مەردەتان کرد، خوایە ئەو غەدرەی قبورنەکەی، قاسمیش ئەوەندە گریا خۆی پێ ڕانەگیرا چووە دەرێ، ئەو ژنانەی جیرانیان هەموویان لە دەورووبەری خیزانی حاجی مەحمودی خڕببونەوە و لۆی دەگریان و دەست و چاویان تەڕدەکرد، ئەو خەم و خەفەتەی مارێ حاجی مەحمودی بەردەوام بوو.

ـ پاشی هەفتەکی خەبەرهات گۆتیان: وەرنە مەحکەمەی، حاجی مەحمود و خیزانی و غەفور و قاسم ڕۆیشتن، کەسەک هاواری کرد گۆتی هەستنە سەرپێ حاکم هات، شاهێد و تاوانبار و داواکراوەکان ئامادەبن.

ـ حاکم دەستی پێکرد، دوایی گۆتی: سمکۆ ئەتو سوێندی دەخۆی ئەو پارەیەت لێ دزرایە ؟، سمکۆ گۆتی : بەرێ، دەستی خۆی لە قورئانیدا بە درۆ، گۆتی بەو قورئانەی ڕەیان پارەی منی دزیە!!

ـ حاکم گۆتی: دانیشە، بانگی تەتەرخانی کرد، گۆتی: ئەتو وەکو شاهێدەک سوێندی دەخۆی کە ڕەیان پارەی سمکۆیی دزییە ؟

ـ تەتەرخـانیش دەسـتی خـۆی لە قورئانیـدا گـۆتی : سـوێند بەو قورئانەی شاهێدم کە ڕەیان پارەی سمکۆی دزییە !!

ـ خەلیل مابوو ، ئەویش دووڕووەکەی خۆی ئاشکراکرد و گۆتی: سوێند بەو قورئانەی ڕەیان پارەی سمکۆیی دزییە!!

ـ حاجی مەحمود ، کاتەک بینی بە درۆ دەستیان لە قورئانێ دا ، لە جیـاتی ئەوان دەترسـا دەیگـۆ: ئەنگـۆ لەخـوای ناترسـێن، بە درۆ سوێندی بەقورئانێ دەخۆن ؟

ـ حاجی مەحمود گۆتی: جەنابی حاکم سوێند بەو قورئانەی کوڕی من دزی نەکردییە، بەرام لەترسی رۆحی خۆی بە زۆری و بە لێدان ئیعتیرافیان پێکردییە!!

ـ  غەفـورو دایکـی ڕەیـانیش سـوێندیان خـوارد، گوتیـان: ڕەیـان دزی نەکردییە و بوختانە!!

ـ حاکم گوتی ڕەیان ئەتو پارەی سمکۆت دزییە ؟

ـ ڕەیـان زۆر دەترسـا،  بەرام ترسـی لەقورئـانی زیـاتر بـوو، نەوێـرا ڕاستییەکەی نەرێت گۆتی:  جەنـابی حـاکم سـوێند بەو قورئـانەی ئەمن دزیەکەم نەکردیە بەس بەزۆری ئیعتیرافیان پێکردیمە.

ـ دوایی زابتەکەش هات، گۆتی جەنابی حاکم ئەوە دەنگی ڕەیانیە تەنزیل کرایە و ئیعتیرافی کردییە.

تەنزیلەکەیان لۆ حاکمی پێکرد، رەیان لە تەنزیلەکە ئیعتیراف دەکا و دەڵێ: ئەمن پارەکەم دزیە و لەلای بابم شاردیتەوە!!

ـ حاکم چەکوجەکی لە مێزیدا گۆتی: دانیشتنی ئەورۆ کۆتایی هات، لۆ هەفتەی دابێت بڕیاری لەسەر دەدەین.

ـ رەیان هاواری دەکرد، بابە بابە، دایە دایە، توخوا چارەکم لێ بکەن، توخوا، ئەمنیان کوشتیە، شورتەکان ڕەیانیان گرت و بردیانەوە ناو ژووری بەندیخانەی.

ـ حاجی مەحمود هاتە دەرێ قەدەمی نەمابوو، هەر لە پێش دەرگەی پری سمکۆشەلە و تەتەرخانی دا، زۆر لێیان پڕبوو، دەیگۆت ئەنگۆ لەو قورئانەی نەترسان دەستی خۆتان بەدرۆ لێ دا، هەزار قسەی پێ گوتن، لەبەر شورتەکانی پێش دەرگەی نەبایە، خراپی لێ دەدان، بەرام هەر زوو سمکۆشەلە و تەتەرخانیان لەبن دەستی دوورخستەوە، خەلیلیش خۆی

لە ترسان بزرکردبوو.

غەفور گۆتی: دەمزانی ئەوانە درۆزنن، بوختانجینە، تازە کارەکەیان لەسەرمە قورسکردیە، خوای گەورە ئاسانی بکات،

حاجی مەحمود گۆتی: ئیستا لەمن بگەڕێن با بچم هەرسێکیان بکوژم، دوایش با هەر بکوژرێمەوە، ئەمن ئەو چاوشۆریەی قەبورناکەم و تەحەمول ناکەم.

غەفور گۆتی : ئەوە نابتە حەل، ئەگەرنا چارەسەری ئەو ترسنۆکانە ئاسانە، بەرام تازە حوکمەت بویتە پشتیان، ئەوجا خوا گەورەیە بەتەمای خوایی.

## ( ٢٣ )

پاش چەند ڕۆژەک، زابتەکە بە ڕەیانی گۆت: هەرچییەکت پێ بڕێم دەیکەی، ئەگەرنا عەزابەکت دەدەم قەت ڕاست نەبیەوە، ئەتو دەتەوێت ئەمن لە پێش حاکمی شەرمەزارکەی، بە حاکمی دەرێی لە ترسان ئیعتیرافم کردیە !، ئێستا دەردت دەدەمێ!

چاوی ڕەیانیان بەستەوە، جخارەیان بە قەلبی وەدەنا، بلۆکیان بە ملی دەبەستەوە هەتا هەناسەی سواردەبوو دەهاتە سەر خنکانێ، بە قامچی زۆریان لێ دەدا، شوێنی قەلبی ڕەیانی هەموو برین بوو.

ڕەیان بەوە ڕازی بوو هەرچییەکی ئەوان بیانەوێ تەسجیلی بکەن، بەس وازی لێ بێنن، دەنگی ڕەیانیان تەسجیل کرد بەو شێوەیی ئەوان دەیانەوێت، کار لەکارترازا!

حاجی مەحمود سەیارە بەرازیلییە نوێیەکەی فرۆشت، دەستی کرد بە گرتنی چەند محامییەک بۆ ئەوەی ڕەیانی لە بەندیخانە دەربێنێت.

ئاغاش زوو زوو بەرتیلی لەگەر خدری دەنارد بۆ زابت و دارودەستەکەی، ئەوانیش زیاتر لەسەر ڕەیانیان توند دەکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی ئاغا تەئکید بوو لەوەی تازە ڕەیان فەوتا.

حەفتەیەک تێپەری، محامیەکانی حاجی مەحمودی زۆر هەوڵیاندا بێ سود بوو، ئەوەی لە دەستیان هات تەنها ئەوەبوو، مەحکەمەکەیان بە حاکمی درێژدەکردەوە تا بڕیار لەسەر حوکمکردنی ڕەیانی نەدات .

حاجی مەحمودیش لەو کونەی لۆ ئەوکونەی بەدوایی محامیان دەگەرا، هەرچی پارەی هەبوو لەسەری دانا بەس لۆ ئەوەی بتوانن ڕەیانی بەربدەن.

هەر کاتەک لە مەحکەمە، حاکم داوای بەڵگەیی کردبا، زابتەکە هەموو جەلسەیەک بەڵگەی بە قوەتتری بە ڕەیانی دروست دەکرد، هەرچەند محامیەکان و حاجی مەحمود و غەفور هەوڵیاندا بێ سود بوو.

کار گەیشتە ئەوەی محامی وا هەبوو بەس پارەی لە حاجی مەحمودی بەردەداوە، دەیگۆتە حاجی مەحمودی هیچ خەمت نەبی، هەر لەو حەفتانە کورەکەت بەردەبێت .

کۆتا جار لە مەحکەمە ئامادەبوون، دیسان سمکۆشەلە و تەتەرخان و خەلیل سوێندیان بە درۆ خیند، ڕەیانیش لە ترسان لە پێش حاکمی ئیعتیرافی کرد، دواتر محامی حاجی مەحمود هەوڵی خۆی داو ئەویش قسەکانی خستنەروو، لە کۆتاییدا حاکم گوتی هەستنە

سەرپێ، هەموویان هەستانە سەر پێ و چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی بوون، دری دایکی ڕەیانی ئۆقرەیی نەمابوو، حاجی مەحمود و غەفور و ڕەیانیش چاویان لە دەوی حاکمی بوو !، بزانن چ حوکمەک دەردەکات.

ـ حاکم چەکوچی لە مێزەکەیدا گوتی: بە پێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەکان بڕیار درا ( ڕەیان محمود حمد ) حوکمی ( ١٥ ) ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچوو، دایکی ڕەیانی لە پێوە بەربووە، ڕەیان هاواری کرد بابە، بابە، عیلاجەکم لێ بکە، حاجی مەحمود دەنگی لەبەر نەدەهات وشک بووە لە خەمان ٠

دواتر زابتەکە بانگی ڕەیانی کرد، بەپێکەنینەوە گۆتی : پیرۆزە ! تەواو ئیشت لەکنمە نەما ئەتو، دەگوازینەوە لۆ شارەکی دوور لێرە، چونکە ئێرە شوێنی حوکمکردن نییە، بەندیخانەی تایبەت بە حوکم کردن هەیە. ڕەیانیان لەو شوێنە گواستەوە بۆ بەندیخانەیەکی دوور کە نزیکەی دانەڕێیەک بوو لە ماری حاجی مەحمودی.

ـ حاجی مەحمود هاتەدەرێ گۆتییە: سمکۆ شەلە و تەتەرخان وخەلیلی، ئەگەر نەمرم هەرسێکتان دەتۆپێنم، بوختانی بە کورەکەم دەکەن، وەڵا لێناگەرێم بەساخی بمینن.

ـ سمکۆشەلە و تەتەرخان خۆیان لە ژۆرێ کوتی، بە خێرایی چوونە کن حاکمی گۆتیان : بابی ڕەیانی هەرەشەیی کوشتنمان لێ دەکات، حاکمیش بانگی حاجی مەحمودی کرد گۆتی: بزانە کورەکەت حوکم درایە، لەبەر هەندێ هیچت لەگەر ناکەم، بەرام ئەوجارە بزانم هەرەشەی بکەی یان شەرەکی دروست بکەی، ئەتوش فرەدەدەمە بەندیخانەیی !

حاجی مەحمود دەنگی نەما و بە بێدەنگی هاتە دەرێ، دایکی ڕەیانیش ڕەوانەی خەستەخانەی کرا، وەزعی تێکچوو بوو، چەند ڕۆژەک لە خەستەخانەی ماوە، تا کەمەک بەخۆی هاتەوە، دواتر ڕەوانەی مارێ کراوە.

دوو هەفتە تێپەرین، گریان و ناڕەحەتی و خەم و خەفەت لەماری حاجی مەحمودی تەواو نەدەبوو.

ـ حاجی مەحمود رۆیشتە لای قاسمی گۆتی: ئەمن خانییەکەی خۆم دەفرۆشم ! لەگەر بیستان و ڕەزەکەی ! محامییەکی زیرەکم گرتییە، بەس داوای پارەکی باش دەکات، وەعدی بەمن دایە، ڕەیانی بەردەدات!

ـ قاسم گۆتی: حاجی مەحمود هۆشت بینەوە سەرەخۆت، مارت ئاوابی، ئەو محامییە راست ناکەت، درۆی دەکات، هەرکەسەک

حوکمی لۆ دەرچوو تەواو کۆتا قەرارە بەکەس بەرنابیت، نە خانووت بفرۆشە، نە بیستان وڕەزی، تازە ئەو کورە ڕۆیشت، ئەوانەی ماییـنە ئاگات لێیان بیت، باوەڕ بە هەموو کەسەکی نەکەی ڕەجایی خوات لێدەکەم.

ـ حاجی مەحمود ئەوەندە دری پربوو، قسەکانی قاسمی هیچ نەچووە مێشکی، رۆیشتە کن محامییەکەی گۆتی: ئەتو تەئکیدی بەردەبیت ؟!، ئەدی حوکم نەبووە ؟

محامیەکە گۆتی: ئاسانە مارەودان، حوکمەکەی لەغوودەکەینەوە، بەریدەدەین، بەس پارەکی باشی دەوێت.

ـ محامییەکە حاجی مەحمودی ئیقناعکرد، جار جارەش کیتابی تەزویری دروستدەکرد و دەیگۆ وەرە حاجی مەحمودی خەبەری خۆشم لۆت هەیە، زۆر نەمایە ئیشەکان خلاس بیت، خەمت نەبیت نە حاجی مەحمود!

حاجی مەحمودیش درخۆش دەبوو بە کیتابە تەزویرەکان و بە خێزانی دەگۆ: لەو زوانە ڕەیان بەردەبیت، ئەو محامیە زۆر زیرەکە.

-ئەو محامییە شەریکی زابت و ئاغایی بوو، بە پلانی زابتەکە و ئاغایی کارەکانی دەکرد، بەو شێوەیە هەرچی پارەومولکی حاجی

مەحمـــودی بـــوو لە بـــن دەســـتیان دەرینـــا، پارەکانیـــان لە حـــاجی مەحمودی وەردەگرت و لە بەینی خۆیان بەشیان دەکرد و بە کیتابی تەزویریش دری حاجی مەحمودیان خۆش دەکرد.

ڕۆژەکیان ئەو محامیە خۆی بزرکرد و دیارنەما، یەک مانگ بـوو حاجی مەحمود لەدوویی دەگەرا نەیدیتەوە .

## ( ٢٤ )

نزیکەی دوومانگی خایاند، حاجی مەحمود هەر لەدوو ڕەیانی بوو بەری بدات، ئەوەی بە مێشکی دەهات دەیکرد، خانووەکەی فرۆشت و ڕەزو بیستانی فرۆشت، هەمووی لە پێناو ڕەیانی سەرفکرد، هیچ کارێکی لەدەست نەهات، زۆر هەوڵیدا لە ڕێی پیاوەماقوڵان و کەسایەتی دیارەکان هەوڵێک لۆ رەیانی بدات، بەرام ئەوانیش هیچیان لە دەست نەهات لەبەر ئەوەی حوکمدرابوو.

ـ هەموو مانگێ جارەکیش حاجی مەحمود و خێزانی سەیارەیەکی خسوسیان دەگرت و نزیکەی ٧ سەعاتیان دەبڕی هەتا دەچوونە بەندیخانەیی بۆ سەردانیکردنی ڕەیانی،

بەرام ڕەیان دوو قسەی بەتەواوی لەگەریان نەدەکرد توشی خەمۆکی ببوو، ئەوانەی لەگەر ڕەیانی بوون لەبەندیخانەی دەیانگۆتە باب و داکی، ئەو کورە تێکەری کەس نابیت، خەمی زۆر دەخوات، خواردنیش ناخوات بە زۆری ئەگەر کەمەکی بخوا.

ـ حاجی مەحمود و خێزانی بە گریانەوە دەگەڕانەوە، ئەو ڕێیەیان هەموو دەبڕی و پارەیان سەرف دەکرد، بەرام دوو قسەیان لەگەر

ڕەیانی پێ نەدەکرا، ئەو ئەشیا و پارەیی لۆ ڕەیانیشیان دەبرد، شورتەکان لێیان دەخوارد و نەدەگەیشتە دەستی.

ـ ئەم بارە گرانە لەسەر ماری حاجی مەحمودی بەردەوام بوو، وای لێ هاتبوو لەبەر نەبوونی پارەیان نەبوو بچنە سەردانیکردنی ڕەیانی.

ـ مامۆستا ئەحمەد و قاسم لە مزگەفتێ پێکەوە دانیشت بوون باسی حاجی مەحمودیان دەکرد دەیانگۆت: ئەتو وەرە ئەوەی دۆست بە مرۆڤی دەکات دوژمن ناتانی بیکات، ئەوەی خزم دەستی درێژدەکات و تالان و وێرانکاری بە خزمی خۆی دەکات، دوژمن وەها بە ئاسانی نایکەت،

قاسم گۆتی: مامۆستا ئەحمەد مرۆڤ دوژمنی خۆی دەناسێت و ئاگایی لێیە، بەرام ئەوەی مرۆڤ لەناودەبات نزیکەکانن نەک دوورەکان، هەر ئەوەبوو حاجی مەحمود بە خزمە نزیکەکانی وێران بووە، ئەو حاجی مەحمودەی سام و هەیبەتی دنیایەک دەرۆیشت ئەورۆ هیلاک و ماندیی و بێ چارەبووە،

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: خوای گەورە حەقی کەس لەسەر کەس بزرناکەت، هەر خۆی حەق ستێنە و دادپەروەرە،

نزیکەی ٨ مانگی خایاند، ماریا و دایکی دانەدەنیشتن، ماریا جل و بەرگێکی ناڕێکی لەبەر دەکرد و لە دائیرەکی حوکمی بە

پارەیەکی کەم دەوامی دەکرد، پاشانیش لەو کونەی دەچووە ئەو کونەی، سەربەخۆ ببوو، ناوبانگی زۆر بە خراپی رۆیشت بوو.

گلەیی زۆریش لۆ حاجی مەحمودی دەهاتەوە لەسەر بوکەکەی، حاجی مەحمودیش شەرمی بەخۆی بوو، حەیاو سومعەیی هەبوو.

ـ حاجی مەحمود چووە ماری پلکی سمکۆشەلەیی و گۆتی: ماریا ئەتو بووکی منی، واز لەو دەوامەی بینە، خەرک گلەیی زۆرت لێ دەکەن، ئەمە ئابڕوومان هەیە، نە لۆ تو جوانە، نە لۆمە، ئەو دەوامەی ڕاگرە ئەگەر پارەت دەوێ ئەمن دەتدەمێ، بەسە هەر ڕۆژە و لە جێیەکی!

ـ دایکی ماریایی گۆتی: ئەنگۆ بەخۆتان وا لە برسان دەمرن، دوایش ئەتو چ عیلاقەت بە کچم دایە، ئەنگۆ کا ئابڕووتان هەیە ئەوە نییە ڕەیان لەبەر دزیکردن لە ژۆرێ کرایە.!!

ـ ماریا دەیگۆ: ئەمن چاوەڕێی پیاوی خۆم ناکەم، خۆم سجن ناکەم لەمارێ، وەڵا ئەوەی پێم خۆش بیت دەیکەم، لە ررقی حاجی مەحمودیش چ جل و بەرگەکی خراپە لەبەری دەکرد، خەرکیش دەیانگۆت ئەوە بوکی حاجی مەحمودییە!

- حاجی مەحمود زۆر هەولیدا ماریایی راوەستینیت و تێی بگەیەنیت، ئەو لە ڕقی حاجی مەحمودی خۆی ڕووت و قوتتر دەکردەوە، رۆژانەش گلەیی لۆ حاجی مەحمودی دەگەراوە.

ماریا و دایکی دەستیان تێکەرکردبوو لەگەر کەسی خراپ، زۆربەی زابتەکانیان دەناسی و دەستیان باش دەڕۆیشت، رۆژەک شکایەتیان لە دژی حاجی مەحمودی کرد بە بیانووی ئەوەی کە رێگری لە وەزیفەی حوکمەتێ دەکات و لێ ناگەرێت ماریا دەوام لە دائیرەی حوکمەتێ بکات.

حاجی مەحمود چوو بزانیت چ مەسەلەیە، دیتی وا ماریا و داکی لەگەر زابتەکان پێکەنینیان دنیایەک دەروا و سوکایەتی پێ دەکەن

- زابتەکە گۆتی : ئەتو چی ، هەتا ڕێگری لە وەزیفەی حوکمەتێ بکەی ها!

ماریا و دایکیش پێدەکەنین ،

حاجی مەحمود گۆتی: وەزیفەی حوکمەتێ یان ئابرووی بوکی من؟

زابتەکە خۆی هەرکێشا لەپێش ماریا و داکی گۆتی ئەوها ؟ باشە

بانگی دوو پۆلیسی کرد گۆتی: وەرە بیبەنە ژۆرێ!

وەڵا حاجی مەحمودیان فرەدا بەندیخانەی!!

ـ پاش دوو هەفتەی ماریا و دایکی چوونە سەردانی ڕەیانی، باسەکەیان لۆ رەیانی باسکرد کە حاجی مەحمودیان لە ژۆرێکردیە و خەمەکی زۆریان لۆ ڕەیانی بە جێ هێشت، ماریاش داوای تەڵاقی لە ڕەیانی کرد، هەر لەناو بەندیخانەی پەنجەمۆرەکیان بە ڕەیانی وەرگرت و ماریا تەڵاقنامەکەی وەرگرت و گەرانەوە، ئیشیان ماشی بوو دەور دەوری ئەوان بوو.

ـ زابتەکان بەخۆیان عەرەب بوون، ئەوەندەی لەگەر ماریایی تێکەر ببوون فێرە کوردی ببوون، جەوەکە بە دری وان دەڕۆیشت و تەڵاقەکەشی وەرگرتبوو.

ـ ڕەیان دوو برای بچووکی هەبوون، ناویان ( محمد و احمد ) بوون، هەر دەگریان لۆ بابیان، دوو هەفتەبوو دیار نەبوو، نەیاندەزانی لە بەندیخانەیە.

ـ خێزانی حاجی مەحمودی خۆی گەیاندە ماری قاسم و مامۆستا ئەحمدی گۆتی: خەمەکی لە حاجی مەحمودی بخۆن سجن کرایە، مارمان کاول بووە، ژیانمان نەمایە، خوا ئەو زوڵمەی قەبوورنەکات هەموو لەمە قیتبووینەوە.

ـ مامۆستا ئەحمەد زۆر تێکچوو، لە مزگەفتێ هەموویانی خڕکردەوە گۆتی: ئەو مزگەفتەی ئەنگۆ نوێژی لێ دەکەن بەخۆتان دەزانن حاجی مەحمود دروستیکردییە، ئەمە هەموومان قەرزاری پیاوەتی و باشییەکانینە، ئێستا دەبی هەموومان هاوکاری بکەین.

ـ مامۆستا ئەحمەد، چەند ماموستایەکی برادەری خۆی خڕکردەوە، لەگەر چەند پیاوەکی گوندی، سەردانی مدیر ئاسایشی شاریان کرد، ئەو مدیر ئاسایشە کورد بوو، ناوی ( سەلیم ) بوو، ڕێزی زۆری لە مامۆستا ئەحمەدی دەگرد، کەسێکی چاونەترس و بەدین بوو، دەورێکی زۆر باشی هەبوو، ناوبانگی هەبوو، لێی دەترسان.

ـ باسەکەیان لۆ سەلیمی مدیر ئاسایش گێڕاوە، هاوکاریان بکات بۆ بەردانی حاجی مەحمودی.

ـ سەلیمی مدیر ئاسایش لۆ سبەینەکەی لەگەر مامۆستا ئەحمەد و چەند پیاوەکەی گوندی ڕۆیشتنە لای حاکم و زابتەکە، پێی گۆتن : کا حاجی مەحمود !؟

ـ حاکم و زابتەکە بە بینینی سەلیمی مدیر ئاسایش، ترسان و دەویان تێکئارا، گۆتیان : کیتابی لەسەرە و ڕێگری لە وەزیفەی حوکمەتێ کردیە.

ـ سەلیمی مدیر ئاسایش، گۆتی کیتابی چ ها !؟ بزانە لەگەر کێ قسەی دەکەی، ئەمن ئاگام لەڕووداوەکە هەیە، نەیکردە نامەردی، هەر لە پێش حاکمەکەی کیتابەکەی دڕاندوو بە دەم وچاوی دادا، گۆتیە زابتەکەش برۆ ئێستا حاجی مەحمودی بەردە ئەگەر نا ڕیسوات دەکەم.

ـ زابتەکە سەری شۆڕکرد و حاکمەکش لە شەرمان ژوورەکەی بەجێ هێشت حاجی مەحمودیان بەردا، مامۆستا ئەحمەد و سەلیمی مدیر ئاسایش، حاجی مەحمودیان گەڕاندەوە مارێ.

ـ حاجی مەحمود گۆتی لە پیاوەتی ئەنگۆ دەرناچم، سەلیمی مدیر ئاسایش گۆتی: خۆت بپارێزە لە دەودوونی ژنان، ئەتو دەرەقەتی ژنەک نایەی کە ئابڕووی خۆی فرۆشت، حاجی مەحمود سەری خۆ لەقاند و گۆتی ڕاست دەکەی.

خێزانی حاجی مەحمودی دری خۆش بوو بە بەبینینی حاجی مەحمودی و محمد و احمد باوەشیان بە بابیان کرد، بە زانینی تەڵاقدانی ماریایی حاجی مەحمود گۆتی: الحمدلله ئەو بەرایەمان لە کۆر بووە، شوکور خوایە.

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: ژنەک بیت و بجیت لەناو سجنی پەنجەمۆری بکات و داوای تەلاقی بکات، ئەو ژنە نەبێت باشترە!

ئەو ژنە ژنە کە لە هەموو بارودۆخەک لەگەر پیاوەکەی بژیت و خۆراگربێت و دری پیاوەکەی بداتەوە.

سەلیمی مدیر ئاسایش ٢٠ دەقەیەک لەماریێ حاجی مەحمودی دانیشت و ئیسراحەتێکی کرد، چەند قسەیەکیشی لەگەر حاجی مەحمودی کرد کە ژیانی خۆی بەسە بەهیلاک نەبات، ئاگای لە مارومنداری بیت.

دواتر بە رێزەوە سەلیمیان بەرێکرد و زۆر لێی مەمنون بوون.

## ( ٢٥ )

ژیـانی حـاجی مەحمـودی تـامی نەمـابوو، دری توند ببـوو لەو گونـدەی، لەلایەک تەڵاقـدانی بـوکی و لەلایەک لە سـجنکردنی خۆیی و کوڕەکەی، لەلایەک نەبوونی و بێ پارەیی، هیچ خانوو و زەوییەک و بەرووبومەکی نەمابوو.

وەختی چاوی بە ڕەزو بیستانەکەی دەکەت، دری ئوقرەی نەدەگرت و پشتی دەشکا، ئیستاش خۆی دەبینی بووەتە کرێچی و بە چ حارەک کرێیەکەی دەدات.

ـ مامۆستا ئەحمەد جار جارە لە ڕێی کەسی خێرخواز، لە مزگەفتێ پارەی لۆ خڕدەکردەوە، قاسمیش بە خێرێ خۆی هەندەک جار کرێی لۆ تەرتیب دەکرد.

ـ ئاغـا و خـدر و سمکۆشـلە و تەتەرخـان و خەلیلـیش، ڕۆژ ڕۆژی ئەوان بوو، دەستیان بەسەر هەموو خێروبێرەکی گوندی گرتبوو، جار جاریش بەیەکتر پێدەکەنین و بە گاڵتەوە دەیانگۆتە یەکتر، وسبە با دەردی حاجی مەحمودت نەگاتێ٠

حاجی مەحمود سێ مانگ جارەک هەتا لە توانای دەبوو سەردانی ڕەیانی بکات لە بەندیخانەیی، ئەویش بە قەردوفەرت هەتا تەرتیبی

دەکرد، کوڕە بچووکەکانی بە بێ پارەو بە نەبوونی خەریکی خوێندن بوون، خێزانیشی لە خەمو خەفەتان هەموو ڕۆژێک دری ژانی دەکرد.

پاش نزیکەی ساڵێک، حاجی مەحمود چووە لای ماموستا ئەحمد و قاسمی پێی گوتن: ئەمن باردەکەم لەو گوندەی دەچمە لای برای خۆم غەفوری، ماری هندەک نزیکە لە شاری، بەڵکو بتوانم کاسبییەک بکەم مارومندارم بەڕێوەببەم، دەستی بەگریانێ کرد گۆتی: بەخۆتان دەزانن ئەوەی هەمبوو ڕۆیشت چاوم بەو خەلکەی هەرنایەت.

. یوسفی کوری قاسمی زۆر گریا بۆ ڕەیانی گۆتی: حاجی مەحمود دەستت ماچ دەکەم، خوای گەورە ماری ئەوکەسانە خراپ بکات کە وایان بەسەرتو هینا.

. ماموستا ئەحمەد و قاسم زۆر داوایان لە حاجی مەحمود کرد گۆتیان بەجێمان مەهێلە، ئەو گوندە بەبێ تو تامی نییە.

. حاجی مەحمود گۆتی: خۆزگە دەکرا لۆ یەک دەقەش ئەو گوندەم بەجێ نەدەهێشت، دوایی لەگەر قاسم و مامۆستا ئەحمدی باوەشێکی توندیان کرد و زۆر گریان، کۆتا قسەشی بە مامۆستا

ئەحمەدی گۆت: هەر کاتەک چوویە سەردانی سەلیمی مدیر ئاسایش، سەلامی منی پێ بگەینە و قەت چاکەی لەبیرناکەم.

کەلو پەلەکانی لەناو یەکنا و خەڵکی گوندی هەموو لەدووییان دەگریان و خوا حافیزیەکی جەرگ بڕیان لەیەکتر کرد، مندارەکانی حاجی مەحمودی لە دەردی غەریبی و برادەرە بچووکەکانی خۆیان، سەریان لەسەر ملی دایکیان دانابوو دەگریان.

هەتا ئاوابوون لە گوندی هەموویان دەستیان بەرزکردبووە و خوا حافیزیان لە حاجی مەحمود و خێزانی دەکرد، حاجی مەحمود باری کرد و ڕۆیشت.

ـ قاسم و مامۆستا ئەحمەد بە رۆیشتنی حاجی مەحمودی زۆر تێکچوون و دریان پربوو، لە مزگەفتێش هەر باسی حاجی مەحمودیان دەکرد، لەبەر ئەوەی حاجی مەحمود زوو زوو بانگی دەدا، دەنگەکی خۆشی هەبوو لەبانگدانێ و لەزەتی جاران کەم بووە لەلای قاسم و مامۆستا ئەحمەدی.

غەفور حاجی مەحمودی حەواندەوە و ئەوەی لەدەستی دەهات لۆی دەکرد، لەگەر خۆی دەبردە ئیشێ و ژیانیان بە دەردەسەری دەبردە سەرێ و غورفەکی لە خانووەکەی خۆی دابووە حاجی مەحمودی تا سەبر سەبر لەناوی بژیت و نەچتە کرێچیاتی.

ـ حاجی مەحمود دووسارو نیو لەو غورفە کەلاوەیە ژیانی دەبردە سەر، زستانان لەناو دڵۆپی بارانێ بوو، خانووەکەی دڵۆپەی دەکرد و نەبوونی وای لێ کردبوو ئاگایی لە ڕەیانی کوڕی نەمابوو سەردانیشی بکات.

بە برسیەتی و بەنەبوونی ژیانیان دەگوزەراند، مندارەکانیشی دوور بوون لە قوتابخانە ڕێیەکی زۆریان دەبڕی هەتا دەگەیشتنێ ، کە دەهاتنەوەش لە مەکتەبێ لەگەر بابیان ئیشیان دەکرد، بەس بۆ ئەوەی بژین.

ـ مامۆستا ئەحمەد و قاسم هەرکاتەک دەگەیشتنە یەکتر دەیان گۆت: خوا دەزانی ئەو گوندە تامی نییە بەبێ حاجی مەحمودی،

یوسفی کوری قاسمی گۆتی مامۆستا ئەحمەد لۆ لەگەر بابم ڕۆژەک سەردانی حاجی مەحمودی ناکەن ؟

مامۆستا ئەحمەد گۆتی قسەکەت لە جێی خۆیەتی ڕاست دەکە.

ـ پاشان ڕۆژەک مامۆستا ئەحمەد و قاسم ،هەردووکیان سەردانی حاجی مەحمودیان کرد، گەیشتنە نزیکی مارێ، کاتەک ماروحاری حاجی مەحمودیان دیت دریان نەهات بچنە ماری و گەڕانەوە، گۆتیان حاجی مەحمود ئیستا مەسرەفەکی زۆرمان لێ دەکات، بەخۆشی هیچی نییە،

چـونکە دەیـانزانی حـاجی مەحمـود مەردە ئەگەر بەقەرزیـش بیـت قیمەتـی مێوانەکانی دەگریـت، هەردووکیـان گەڕانەوە نەکـا حـاجی مەحمود دری بەخۆی بسوتێت لەو حارەیدا.

- قاسم دەیگۆتە مامۆستا ئەحمەدی: ئـای ئـای دەردی فەقیـری و زوڵم و زۆرداری کو پیاوی لەناو دەبات.

مامۆستا ئەحمەدیش گۆتی : راست دەکەی قاسم، ژیان بە نەبوونی و بێکەسی زۆر تاڵە.

مامۆسـتا ئەحـمەد هەر جـارەو سـەردانی سـەلیمی مـدیر ئاسایشـی بکردبا، سەلامی حاجی مەحمودی پێ دەگەیانـد و دەیگۆت زۆری منەتی پێیە کە ئەو چاکەت لەگەری کردییە.

- رۆژێـک سـەلیمی مـدیر ئاسـایش گـۆتی: مامۆسـتا ئەحمـد پسیارێک ؟

- مامۆستا ئەحمد گۆتی: فەرموو

- سەلیم گۆتی: باشە ئەتو زۆر مەدحی حاجی مەحمودی دەکەی، ڕۆژەک لۆ لەگەر خۆت ناهینیە کـن مـن، جـار جار بیهێنە مـادەم وەها مەرد و پیاوانەیە.

ـ ماموٚستا ئەحمەد گوٚتی : وەلا چت لێ بشارمەوە، هەموو باس و ژیان و نارەحەتی و بەسەرهاتی کوڕەکەی لۆ سەلیمی باسکرد، گوٚتی ئەو حەزدەکا بێتە سەردانت بەس لەبەر ماروحاری خولقی هیچی نەمایە!

ـ سەلیمی مدیر ئاسایش ، دەمەک چووە ناو فکران و سەری دەلەقاند، گوٚتی: ماموٚستا ئەحمەد ئەمن بیستانەکی گەورەم هەیە، خانییەکیشی لەناودایە، بڕۆ بە حاجی مەحمودی بڕێ ئەگەر قبوربکات بابێت چاوی لە بیستانەکەم بێتن و لۆخۆی لەناو خانیەکەشدا بژیت، هەموو مانگێش حەقی ماندیبوونی شتەکی دەدەمێ، ئەوجا ئەگەر حاجی مەحمود رازی بوو لە سبەینێوە زووتر نییە بابێت دەست پێ بکات.

ـ ماموٚستا ئەحمد زۆر کەیفی هات گوٚتی: لەوڕۆ زووتر نییە خۆم دەگەینمە حاجی مەحمودی بەرکو ڕازی دەکەم و بێت

زۆر دوعای لۆ سەلیمی کرد و گوٚتی: خوای گەورە ئەمسالی وەکو تووزۆر بکات ان شاء الله.

ماموستا ئەحمەد کەوتەڕێ، گەیشتە حاجی مەحمودی پڕی یەکیان دا دەمەکی خۆش یەکتریان بەرنەدا لە خۆشیان گریانیان

دەهات، گۆتی: حاجی مەحمود لۆ ئیشەکی هاتیمە، نە دادەنیشم و نە دەمینمەوە هەتا جوابەکم نەدێیەوە!!

حاجی مەحمود گۆتی: ئەوەی بەمن بکریٚ ئەمن لە خزمەت دامە.

مامۆستا ئەحمد گۆتی : سەلیمی مدیر ئاسایش ئەمنی ناردیە، لۆ مەسەلەکی، باسەکەی لۆ حاجی مەحمودی گێراوە.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ئەگەر بەبەلاش هەموو عمرم لەناو بیستانی سەلیمی ئیشی بکەم، هێشتانیش لە چاکەی دەرناچم.

مامۆستا ئەحمد گۆتی: دەمادەم وایە، ئێستا دادەنیشم و چایەکی دەخۆینەوە و ئەو شەوە کەلوپەلەکانت تێکنیٚ و لە سبەینێوە بەرێکەوە

ـ غەفوریش کە خەبەرەکەی لە مامۆستا ئەحمدی گیٚ لێبوو دری خۆش بوو، لەبەر خاتری برایی خۆی، بەلکو لەو ڕەزالەتەی بێتە دەریٚ .

بەرام بە حاجی مەحمودی گۆت براکەم جارجار سەردانم بکەوە، لە بیرم نەکەی،

مامۆستا ئەحمەدیش دری خۆش بوو بە ڕازی بوونی حاجی مەحمودی.

حاجی مەحمود ماری خۆی گواستەوە لۆ ناو بیستانی سەلیمی مدیر ئاسایش.

ـ سەلیم بە حاجی مەحمودی گۆت: هەر چییەکی لەناو ئەو بیستانەی بخۆی گەردەنت ئازابیت، هەموو مانگێش حەقی ماندوو بونت دەدەمێ، هەتا ئەتو مابی و ئەو بیستانە مابیت لەناو ئەوخانییە بژی.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: شوکر خوایە، خوای گەورە دەرگای خێروخۆشیت لێ بکاتەوە.

لەو رۆژەوە حاجی مەحمود بەرەکەتی لەگەر خۆی هینایە ناو بیستانەکەی، بەروبوومەکی زۆر باشی لێ دروستبوو، باش تێکەر ببوو لەگەر سەلیمی مدیر ئاسایش، زوو زوو لەگەر یەک دادەنیشتن و سەلیمیش زۆر دری بە حاجی مەحمودی خۆش دەبوو، بەینیان زۆر لە یەکتر نزیک بوو، هەموو باس و حاری خۆی بۆ سەلیمی مدیر ئاسایش باس دەکرد.

سەلیمی مدیر ئاسایش گۆتی: حاجی مەحمود ئەوەی بەمن بکرێت بەبێ دوودری لۆت دەکەم.

حاجی مەحمود گۆتی : هەتا ئەمن مابن ناتانم قەرزی تو بدەمەوە، خوای گەورە سەرفرازت بکات لە دونیا و قیامەت ان شا ءالله.

ـ پاش سێ مانگ، سەلیم رۆژەک چووە ناو بیستانی گۆتی: حاجی مەحمود لێکۆلینەوەم کرد، ئەو زابتەی غەدری لەنگۆ کردیە دەیناسم !، لۆ منی لێگەرێ ئەو بێ قانوونی کردییە و زوڵمی لە تو کردیە، کەس بەباشە باسی نەدەکرد زابتەکی خراپە و زولمی زۆر کردیە، ئەمن حەلی دەکەم.

ـ دوای چەند رۆژەک لە دوویی زابتەکەی نارد، سەلیم کیتابەکان و لێکۆلینەوەکانی لە پێش زابتەکەی دانا گۆتی: بەو کیتابانە ریسوات دەکەم، لەبەر خاتری ئاغا و کەمەک پارەیی ژیانی حاجی مەحمودت کاول کردییە ! هەی ناپیاو، ئاخر دوو سێ کەسی وەکیتونە قانونیان لە پێش چاوی خەرکی ناشرین کردییە، داخوا ژیانی چەند کەسی دیکەی وەکو حاجی مەحمودیت وێرانکردیە.

ـ زابتەکە بەڵگەکانی دیت ! هیچی لە دەست نەهات، پری دەست و پێی سەلیمی دا ماچ بکات، بە قوربانت بم، ئەمن پەشێمانم لەو کارەی، هەموو ئاغا و داروودەستەکەی بەمنیان کرد.

ـ سەلیم گۆتی ناخوا، بانگی پۆلیسەکانی کرد، نەجمەکانیان لە شانی کردەوە و سەریان لێ کودی کرد و فڕەیاندا بەندیخانەی،

گۆتی: گێ بگرە، هەتا حاجی مەحمود لە تو خۆش نەبیت لێرە دەترزێنم!

- چەند رۆژەکی برد، خزم و کەسی زابتەکەی رۆیشتنە کن سەلیم و حاجی مەحمودی گۆتیان: ڕەجایی خوات لێ دەکەین ئەو زابتەی بەردەن، حاجی مەحمود جوابی نەدانەوە، گۆتی : وەچی غەدری لەمن دەکرد ئەنگۆ لە چێ بوون لۆ بەدیار نەدەکەتن ها !؟

هیچ جوابەکی خۆشیان لە حاجی مەحمودی بەدەست نەکەوت و رۆیشتن.

- دوایی ، سەلیم رۆیشت، بە زابتەکەی گۆت: بەشەرتەک حاجی مەحمود لێت خۆش دەبیت، هەر ئێستا ئستیقالەی خۆت بنوسە و نووسراوەکی لۆ حاکمی بنوسە، هەموو ڕاستیەکان ڕوون بکەوە ، هەرچی ڕوویدایە لۆ حاکمی دەنوسی و دان بەتاوانی خۆت و خاوێنی ڕەیانی کوری حاجی مەحمودی دەنێیی.

- زابتەکە چەند رۆژەک فکری کردەوە، دەیزانی ڕیسوادەبیت و شەرمەزار دەبیت، بەرام بێ هیوابوو لەبەر هەندێ ڕازی بوو، نووسراوەکەی بۆ حاکمی نووسی، کاتەک نوسراوەکە گەیشتە دەستی حاکمی،.

- حاکم بەبینینی بەلگە و تەواوی ڕاستیەکان ویژدانی جولاو نارەحەت بوو، ناردیە دوویی حاجی مەحمودی و پێی گۆت: حاجی مەحمود ئەو سێ سارەیی کورەکەت لە ژۆرێیە لەبەر خراپی منە !، نەمتوانی راستیەکەی ئاشکرا بکەم، ئەمن خۆم بە تاوانبار دەزانم لەبەرامبەر تۆ، داوای لێ بوردنت لێ دەکەم، هەرچی بەمنیش برێی رازیمە، بەس وەعد بیت لە دوویی دەبم هەتا کوڕەکەت بەبەر عەفوەکی دەئێخم و بەریدەدەم لەو زوانە.

- حاجی مەحمود داوای لێ بوردنی حاکمی قەبورکرد، پێی گوت: بریاری تو ژیانی منی کاولکرد، تازە ئەوەی مایتەوە کورەکەمە ئەویش مادەم وایە هەوڵبدە رەیانم لۆ بەربدە.

- حاکم گۆتی: تەئکید بە کەمتەرخەمیت لۆ ناکەم، ئەمن قەرزاری تومم، خۆم بەشەرمەزاری تۆ دەزانم، ئێستاش کیتابی لەسەر ئەو زابتەیی دەکەم لۆ ئەبەدی لە بەندیخانەیی بیت هەتا هەتا.

- حاجی مەحمود گۆتی: لێیی گەرێ، با لۆ قیامەتێ بیت ، ئەمن لێی خۆش دەبم حەزناکەم بەسەر کەسەکی زاڵبم کە کەتیتە بن دەستی من، حاکمەکە بەو قسەی سەری خۆی نەویکرد، خۆی لەبەر چاوی کەت!

ـ زابتەکە کە زانی حاجی مەحمود لێی خۆشبووە، گۆتی: ئەتو ئەو پیاوە باشەیی، ئەمەش کەسی ناپیاوین !، زابتەکە بە لەدەستدانی پۆستەکەی بەهەزار مردنی هەبوو، ریسوا و شەرمەزارببوو.

حاجی مەحمود گۆتی: خوا ئەتو هیدایەت بدا و لە قیامەتێ جوابی خوایی بدەوە !، برۆ لە پێش چاوم، ئەمنیش لە تو خۆش بم، کورەکەم گەردەنی تۆ ئازاناکەت، لۆ خوایی لێ دەگەڕێیین.

ئەوەش بزانە پۆستەکەت شانازی میلەتێکە، بەرام ئەگەر خیانەتت لە پۆستەکەت کرد چاو شۆری میلەتێکی.

ـ حاجی مەحمود گەراوە ناو بیستانی ، خێزانی دری زۆر خۆش بوو گۆتی : مادەم وایە لەو زوانە ڕەیان بەردەبیت، لۆ سبەی نەچینە سەردانی ڕەیانی و ئەو خەبەرەی پێ بدەین ؟

ـ حاجی مەحمود و خێزانی بەرێکەتن و گەیشتنە بەندیخانەیی، ڕەیان خەمۆکی بەرۆکی گرتبوو، گۆتی: ئەوە لۆ نزیکەی چوار ساری دەروات، گەنجیەتیم هەمو فەوتا بە لێدان و ئەو ژوورە تاریکەیی، تازە بەربوونم چ سودی هەیە ؟!، پشتم هەتا ئێستا ڕاست نەبوویتەوە لەبەر قامچی و لێدانی، هێشتاش برینەکانی جخارەی لەسەر قەلبم دیارە، ئەوە ئەو بیرەبوو کە خەونەکم پێیوە دیت هەست دەکەم تازە ڕووداوەکان بە کۆتا هاتینە.

ـ حـاجی مەحمـود باوەشـی بە رەیـانی کـرد، بە قسـەکانی ڕەیـانی جەرگی دەکورا، پێی گۆت : بدە دەست خوایی، ئەگەر نەمرم ئەو تـۆرەیی لە ئاغـا و خارەکانـت دەکەمەوە، لـێ نـاگەڕێم لە مـاری خۆیـان ئیسـراحەت بـکەن، خواحافیزیـان لە ڕەیـانی کـرد و گەرانەوە ماریێ،

حاجی مەحمود بە دیتنی رەیانی تەحەمولی نەکرد، خۆی کۆکردەوە کلاشـینکۆڤەکەی خـاوێن کـردوو، ڕەخـتەو گولەکـانی هەمـوو ئامادەکرد.

ـ گـۆتی ژنەکە گـوێ بگـرە، خـوا ئاگـادارە ڕەحـم بە یەک کەس ناکەم لە سبەینێوە زووتر نییە، دەبیت دەردەکی بدەمە براکانت ماری خۆیـان لـێ ببیـتە کونەمشـک، دەبیـت ئەو ئاغـایەش لەو گونـدەی وەدەرنێم ، یان دەکوژرێم، یان ئەوەی دەکەم کە لەمێشکمە!

تازە کورەکەم بەریش بیت ژیانی فەوتاویە، ئەمنیش مارم وێران بوو، براکانیشـت بە ئیسـراحەت تـێ دەسـورێنەوە، لـێ نـاگەرێم یەک رۆژیتریان بەخۆشی بژین.

ـ خێزانی گۆتی: حاجی مەحمود توخوا ڕاوەستە با شتەکت بەسەر نێت.!

ـ حاجی مەحمود گۆتی : لۆ خراپتر چم بەسەربێت ها !؟، ئەمن ڕۆژێ سەد جار دەمرم، لەوەی خراپترم بەسەر نایەت ، یان لە خەمی براکانی خۆتدایی ڕێگریم لێ دەکەی !؟، خێزانی بێدەنگ بوو قسەی نەکرد ...

## ( ٢٧ )

سەلیمی مدیر ئاسایش گەیشتە حاجی مەحمودی گۆتی : حاجی ئەوە لۆ وەها خۆت توندکردیتەوە، ئەو سیلاحەت لۆ هەرگرتییە، چت پێویستە لۆت بکەم ؟

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ئەتو لە حوکمەتێ رزگارت کردم، هەتا مردنێ قەرداری تومە، ئێستا ئەمنیش دەمەوێ لە عەشائیری خۆم ساف بکەم و حەقی خۆم وەرگرمەوە، مەمنونی تومە هیچم پێویست نییە، ئەمن بەشی هەموویان دەکەم.

ـ حاجی مەحمود کەوتەرِێ و غەفوری براکەشی ئاگادارکردەوە، بەیەکەوە لەگەر غەفوری چووە ئەو گوندەی کە ئاغا و خدر و سمکۆ و براکانی، دەربەدەریان کردبوو.

خیزانی حاجی مەحمودیش دری ئوقرەی نەدەهات مشەوش ببوو، نەیدەزانی چ بکات، چاوەرێی رووداوەکان بوو بزانە چ دەقەومێت.

ـ حاجی مەحمود و غەفور لە رِێی گەیشتنە حەمەدۆکی، حەمەدۆک دەستی حاجی مەحمودی ماچ کرد، گۆتی: حاجی

مەحمود لە بیرتە ئەو رۆژەی هاتمە مارێنگۆ لۆئەوەی بتکوژم، بەرام ئەتو ئەمنت گرت و لەمن خۆش بووی !؟، لە پاش ئەورۆژەی وازم لە ئاغایی هینایە، تەرکی دیوەخانێم کردیە، زانیم کەسەکی خراپە، ئەوجا گەردەنی من ئازاکە.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ئەمن دەزانم ئەتو لەوان دابڕاییی، بەرام ئیشەکم لۆ بکە، ئێستا برۆ دیوەخانی ئاغایی لە جیاتی من پێیان بڕێ، ئەورۆ ڕۆژی سەلماندی پیاوەتییە، ئەگەر پیاون با خۆیان حازربکەن و بەرگری لە خۆیان بکەن.

ـ حەمەدۆک گۆتی بەسەرچاو هەر ئێستا ئەوەت لۆ دەکەم.

ـ حەمەدۆک گەیشتە دیوەخانی ئاغایی، دیتی مەجلیس گەرمە، هەموویان لەوێ بوون، ئاغا و خدرو سمکۆشەلە و تەتەرخان و خەلیل و چەند پیاوەکیتری چەلاوخۆر، گۆتیان : ها حەمەدۆک دەرێیی پەشێمان بوویەوە بێیەوە ناومان !؟

ـ حمەدۆک گۆتی: لۆ شتەکی هاتیمە پێتان بڕێم، حاجی مەحمود لە گوندییە و گۆتی ئەو قسەیان پێ ڕابگەیەنە، قسەکەی بە ئاغا و خدر و دارودەستەکەی گوت.

ئاغا و پیاوەکان مشاوش بوون، سمکۆشەلە زوو خۆی لەدەرگەی دا و هەرات.

ـ ئاغا گۆتی: هەستن خۆتان کۆبکەنەوە، پیاوبن ئەو مەحمودۆکەی بکوژن، بە خەلیلیشی گۆت: خەلیل ئەتو ناتوانی بە قسەی خۆش مەحمودۆکی بخافرێنی یان ڕایگری !؟

ـ خەلیل گۆتی: پاش چ ؟، ئەدی ئەمنیش لەگەر ئەنگۆ شەریک نەبووم، ناوەڵا ئەوە بەمن ناکرێ.

ـ هەتا ئاغا و خەلیل لە قسەکانیان بوونەوە، تەتەرخانیش بزربوو، هەراتبوو، ـ ـ ـ ـ خدر و نزیکەی ١٢ پیاو لەدەورووبەری دیوەخانێ خۆیان حازرکردبوو، تا بەرگری بکەن و ئاگایان لە حاجی مەحمودی بێت و شەڕی لەگەر بکەن.

ـ حاجی مەحمود و غەفور هەندەک نزیکی دیوەخانێ بوون، هەر دیتیان دەورووبەریان سۆر بووە لە گولەیی، ـ غەفور هاواری کرد گۆتی : کورە حاجی مەحمود خۆت لە عەردی بدە زووبە، بووە تەقە لە نێوان پیاوانی ئاغا و حاجی مەحمود و غەفوری،.

ـ حاجی مەحمود حەفتاو پێنجەکەی لە شانی هینا خوارێ، گۆتی: غەفور ئەمن هجوم دەکەم ئەتوش لە پشتەوە بەرگری لەمن بکە.

غەفور گۆتی: راوەستە پێکەوە هجوم دەکەین، هەتا غەفور لە قسەی خۆی

بویەوە، حاجی مەحمود پێی لێنا، وەچی سوسکەیی دەرپەڕی، هەر لە پێیوە گولە بارانی کردن، هەتا ئەوان گولەکیان دەهاوێشت، حاجی دەیڕەشاندن.

ـ حاجی مەحمود خۆی گەیاندە سەر گردەکی، شەڕەکە درێژەی کێشا و بەردەوام بوو، هەتا دوو لە پیاوەکانی ئاغایی بریندار بوون، پیاوەکیان هەرات و خۆی لە دیوەخانێ کوتییەوە هاواری کرد، کورە ئاغاااا هات هات حاجی هاتتتتتتتت، هەرێن.

ـ ئاغا بە پێخواسی پێڵاویشی لەبیرکرد خۆی لە کەندەکی کوتا و هەرات، ـ ـ ـ ـ پیاوەکان کە دیتیان ئاغا هەرات، ئەوانیش سیلاحیان فرەداو هەراتن.

خدر و دوو پیاو مابوون لە دیوەخانێ، ئەوانیش خۆیان ماتکردبوو تەقەیان دەکرد.

ـ هەر دیتیان لەلای چەپ و راستیان گولەیان لۆ دەهات، ئەو دیوەخانەیان هەموو هیناخوارێ بە گولەیی حەریقی، پیاوەکان سیلاحیان فرەدا گۆتیان هاوار نەمان کوژن، خۆیان تەسلیم کرد.

غەفور چووە ناو دیوەخانێ دوو سێ پیاو لەوێ مابوون، لە ترسان دەلەرزین، هەندەکیان بە بێ ئەوەی یەک گولەی بتەقێنن سیلاحیان

لەوێ فرەدابــوو و هەراتبــوون، گــۆتی عەمرتــان نەمینــی ئەنگــۆ ئەوپیاوەنە !

حاجی مەحمود تەماشایی کردن، خدر و دوو پیاو مابوون، ئاغا و سمکۆشەلە و خەلیل و تەتەرخان هەراتبوون ، گۆتی : غەفور جگە لە خدری، لەوانە گەڕێ بابڕۆن، ئەمــن هیشتان هــیچم نەکردیە، شەڕی من لەگەر ئەوانی دیکەیە، پیاوەکانیان بەڕێکرد و گۆتیان ئەو برینداارانەش لەگەر خۆتان ببەن، جارەکی دیکەش بەرگری لە خیانەت و زۆرداری ئاغایی نەکەن، با ڕیسوانەبن.

ـ پیاوەکان گۆتیان: تۆبە، ئەمەیان توشکردوو بەخۆشیان هەراتن، ئەوە بووە دەرس لۆمە، ڕۆیشتن.

حاجی مەحمود و غەفور، پشتەملی خدریان گرت و دەستیان بەسەر دیوەخانێ داگرت، هەرچی پارەو شتەکی باش هەبوو لەگەر خۆیان بردیان و لە شوێنەکی سەلامەت شاردیانەوە، گۆتیان دوایی ئەو شتانە تەسلیمی مامۆستا ئەحمەدی دەکەین، بزانین چ فتوایەکی لەسەر دەدات.

ـ حاجی مەحمود دوو شەقی لە بنەگێی خدری دا، گۆتی جارێ ناتکوژم ئیشم پێتە، ئەتو ئێستا باش دەزانی ئاغا و ئەوانی دیکە لە کێ خۆیان شاردیتەوە،

خدریان دایەبەر قۆنداخە تفنگی و لە دووخۆیان ڕاکێشا،

ـ خەڵک هەموو خڕببونەوە و هەرایەکی زۆر دروست ببوو لە ناو گوندی، هەموویان لەبەر دەنگی تەقەیی لە دەرێ بوون، مامۆستا ئەحمەد گۆتی مادەم شەڕەکە لە دیوەخانی ئاغایە، شکو گومانم نییە ئەوە ئیشی حاجی مەحمودییە !، خەرکەکە بەرێکەتن بزانن چ باسە، دیتیان دیوەخانی ئاغایی ئاگری لێ دەچیت و خدریش لەبن پێی حاجی مەحمود و غەفوری کەتییە،

لەو کاتەش جەماعەتی ئاسایش گەیشتنە گوندی، دەورووبەری حاجی مەحمود و غەفوریان گرت، خەرکەکە ناڕازی بوو گۆتیان ئەمە هەموو لە پشتی حاجی مەحمودینە و لەگەر زوڵم و زۆرداری ئاغایی نینە،

لەوکاتەی تەماشایان کرد، سەلیمی مدیر ئاسایش لە ترۆمبێلی هاتە خوارێ، تەماشایی کرد، ئەوە حاجی مەحمودە !

## ( ٢٨ )

سەلیم کە دیتی خەرکی گوندی هەموویان دژی ئاغاینە یەک دەنگن، گۆتی: یەڵلا بکشێنەوە پاش، واز لە حاجی مەحمودی بێنن.

ـ مامۆستا ئەحمد بە سەلیمی گۆتی: ئەمە هەموومان بەرینە لە ئاغایی، ئەوە چەند سارە زوڵم لەو خەرکەی دەکاتن و دەیان چەوسێنیتەوە.

ـ حاجی مەحمود لەو وەختەیی خدری فڕەدا پێشیان، گۆتی: ئەوەش دەستە ڕاستی ئاغایە و ئاگایی لە هەموو شتەکان هەیە.

ـ سەلیم لۆ ئەوەی بەڵگەی تەواوی دەست بکەویت، تا ئیشەکان بە قانوونی بکات، گۆتی: پێم باشە ئەو یەک دوو ڕۆژەی عەجەلەی نەکەن، تا بڕیاری خۆمان بدەین، دواتر خدریان لەگەر خۆیان برد و ڕۆیشتن.

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: حاجی مەحمود ئەگەر لەبەر تۆلەکردنەوەی نەبا ئەتو نەدەهاتیە ئێرە، غەفور کەل و پەلەکانی تەسلیمی مامۆستا ئەحمەدی کرد و گۆتی: ئەوە هەموو ماروملکی خەلکی ئەو گوندەیە بە حەرامی بردیتیان، ئەوجا پێم

باشە بە شەرعی خوایی بریاری لەسەر بدەیی و بەو کەسانە بدەوە کە فەقیرن.

حاجی مەحمود بە گرتنی خدری درخۆش بوو گۆتی : ئەوە بەلگەیەکی زۆر باشە و دەتوانین جێ و شوێنی هەموویان بدۆزینەوە، ئەوەی لە هەمووشی زیاتر ڕازیمە زیرەکی و دادپەروەری سەلیمی ئاسایشە، ئەو کارەکانی بەباشی دەکاتن.

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: جارێ سەبربگرن و هیچ کارەکی نەکەن، تاوەکو بریاری سەلیمی بزانین.

ـ لۆ سبەینەکەی سەلیم گۆتی هەستەوە سەرپێ خدر ! چت هەیە دەربارەی ئاغای باسکە، ڕاستییەکانم پێ برێ هەرچی هەیە باسیکە، تا وەکو بەخۆشی لەگەرت بجولێمەوە.

ـ دەمەکی پێچوو، خدر دەیزانی ئەگەر حەقیقەتەکەی باس نەکات،سەلیمی مدیر ئاسایش بەخۆی حەقیقەتەکان دەزانیت، لەبەرهەندێ ئیعتیرافی بەهەموو کارەکانی ئاغا و دارودەستەکەی کرد، باسی زوڵم و زۆرداری ئاغایی کرد کە چۆن غەدری لە خەڵکی گوندی دەکرد.

ـ کاتەک سەلیم تەئکید بووە و تەواو بەلگەکانی کۆکردەوە، دوای دوو ڕۆژی بە خدری گۆتەوە: باشە ئێستا پێم برێ ئاغا لە کێیە؟

خدر گۆتی: ڕۆیشتییە لۆ گوندی سەروو، لۆ لای ئاغا تەحسینی!

- ئاغا خۆی گەیاندبووە گوندەکەی تر، لەگەر ئاغا تەحسینی برادەر بوون، ئاغا تەحسینیش لەلای خۆی حەواندبوویەوە.

- سەلیم چەند پیاوەکی ئاسایشی ناردە گوندی سەروو، لای ئاغا تەحسینی، پێی ڕاگەیاند کە ئاغایی نەحەوێنتەوە، لەبەر ئەوەی کەسێکی خراپەکارە و بڕیاری گرتنی لەسەرە، ئەوجا بە زووترین کات ڕادەستمان بکات.

- ئاغا تەحسین گۆتییە ئاساییشەکان، لەبەر ئەوەی لە ماری منە ئەمن ڕادەستتان ناکەم، هەورەها لەلای خۆشم ڕایناگرم، ئەوجا برۆن.

- ئاغا تەحسین گۆتی: ئەوەی لە دەستم هات لۆم کردی و ڕادەستی ئاسایشم نەکردی، بەرام ئەمن ناتوانم ئەتو بحەوێنمەوە هەتا زووە بڕۆ گوندەکیدی.

ئاغا هەستاو رۆیشت لۆ ئەوەی خۆی بگەیەنیتە گوندەکەی دی، ئاساییشەکان خەبەریان هیناوە، لۆ سەلیمی.

دوایی سەلیم رۆیشتە گوندی و خەبەرەکەی گەیاندە مامۆستا ئەحمەد و حاجی مەحمودی، پێشی گوتن :ئاغا دەیەوێت هەر بێت لۆ گوندەکەی تر،

دوای کە سەلیم رۆیشت، حاجی مەحمود بە فرسەتی زانی و گۆتی: ئەمن دەزانم دەیەوێت بچیتە کامە گوندی، لێ ناگەڕێم قورتاری بیت، دەبیت ئیلا بیگرم .

ئاغا چیا لۆ چیا دەرۆیشت، بیری لەوە نەدەکردەوە کەس شوێنەکەی بزانیت، کەمەک ئیسراحەتی کرد، دیتی حاجی مەحمود بە کلاشینگۆڤەوە وابەرەو ڕووی دێت، ئاغا دەمانچەکەی دەرینا و هەرات، خۆی لە بن گردەکی شاردەوە، حاجی مەحمودیش غاریدا، دیتی ئاغا خۆی بزرکرد!

ئاغا خۆفەکی زۆری لۆ دروست ببوو، دەمانچەکەی دەریناو بە حاجی مەحمودی وەنا، زۆری نەمابوو برینداری بکات، حاجی مەحمود خۆی خستە پشت بەردەکی و شەڕی ئاغایی کرد، دەمەک شەڕیان کرد، دوای ئاغا گولەیی دەمانچەی پێ نەما، کاتەک دەنگی گولەی نەما، حاجی مەحمود سەری خۆی برند کرد دیتی ئاغا وا هەردێت، یەکسەر گۆتی ڕاوەستا ئەگەر نا دەتکوژم ، نزیکی ئاغایی بوو، ویستی بگرێت.

ئاغا گوتی تفنگەکەی دانێ، ئەگەر پیاوی دەست بە دەست وەرە شەری بکەین ، حاجی مەحمود گۆتی دیارە ئەتو هێشتان ئەمن ناناسی، وەرە پێش.

ئاغا دوو سێ مستی وەشاند و یەکتریان توند گرت، حاجی مەحمود دوو کەلەی لەناو دەوی کوتی، ئاغا هەندەک دوورکەتەوە لێی بەدزی خەنجەرەکەی لە پشتی دەرینا و ڕایوەشاند و دەستی حاجی بریندارکرد،

حاجی گۆتی هەی بێ قیمەت، دەستی لێگرت و دوو مستی لە سینگ و سەری کوتی هێڕیکرد، دوایش سیلاحی هەرگرت و دوو قۆنداخی لە سەری ئاغایدا، لە تۆزوخۆرێی وەردا، دایەبەر شەق و پێلاقەی، تفنگی لەسەری دانا ویستی بکوژیت.

ـ ئاغا گۆتی: حاجی مەحمود شەرمە لۆتو کەسەکی بکوژی کە گولەی نەمایە !

ـ حاجی مەحمود گۆتی: ناتکوژم با خەرک هەنجینێ نەرێن بە ئاغایی وێرا کە گولەی پێ نەما، دەستی ئاغایی بەستەوەو بەپێش خۆیدا، نزیکی گوندی بووە، خەرکی گوندی ئاغایان بینی خوێنی لەسەرو کەپووی دیتەخوارێ زۆر بێسەرووبەر ببوو، حاجی مەحمود ئاغایی تەسلیمی گوندی کرد.

دوایی چەند پیاوەکی گوندی لەگەر مۆستا ئەحمەد و حاجی مەحمودی، ڕۆیشتن تەسلیمی سەلیمیان کرد، پێیانگوت: نایکوژین،

بە قانوون لەگەری دەکەین، هەموومان شکایەتمان لەسەر زولم و زۆردارییەکەی هەیە ٠

. سەلیم گوتی: خەمتان نەبیت بە قانوون لەگەری دەکەین و تۆرەیی ڕەیان و خەرکی گوندیشی لێ دەبتەوە، هەتا ئەنگۆش هەمووتان لێی خۆش نەبن، لەناو بەندیخانەی دەمێنتەوە٠

ــ هەر لەو وەختەی خەبەر گەیشت گۆتیان : خەلیل مرد !، ئەو وەختەی کە خەلیل هەراتییە لۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، لەچیایی بەبەر ئەڵغامی کەتییە و حەیاتی لێ چووە!

. حاجی مەحمود گۆتی: خوا دەزانی ئەوە تۆرەی ئەو قورئانەیە کە بەدرۆ دەستی خۆت لێدەدا.

دوای کە گەرانەوە گوندی ، دیتیان چەند کەسەک مەیتی خەلیلیان لەسەر پشتی کەریان دانایە لە چیایی دەهێننەخوارێ.

کاتەک مەیتی خەلیلیان هینا، خێزانی حاجی مەحمودی گریاو گۆتی: وای براکانم، کو زوڵمتان لە خۆتان و لەمن کرد، گۆتیە حاجی مەحمودی لەبەر خاتری خوایی بەخۆت دەزانی ئەمن تەرکی براکانم کردیە، داوات لێ دەکەم لەبەرخاتری من براکانم نەکوژی، حاجی مەحمود جوابی نەداوە و ڕۆیشت .

ـ دوای دوو هەفتە ، خدر و ئاغا ئیعتیرافیان کردو ناوی تەتەرخان و سمکۆشەلەشیان هینا،

سەلیم ناردی بە دوای حاجی مەحمودی گۆت: ئەو دوو ناوە سمکۆ و تەتەرخان وا بزانم برای خێزانی تونە ؟

ـ حاجی مەحمود گوتی: بەرێ خۆیانن، قەدیمیش لۆم باسکردی کە هەموویان بەیەکەوە شەریکن.

ـ سەلیم گۆتی: زۆر باشە، تەئکیدبە، لەم زوانە هەموویان دەگرین و تەحقیقیان لەگەر دەکرێت، راستیەکان رۆژ بە رۆژ روونتر دەبنەوە.

ـ خێزانی مەحمودیش خەمی زۆر دەخوات لۆ براکەی کە لەلایەک خیانەتی کرد و لەلایەک مردیە، زۆر بۆی نارەحەت ببوو، هەر ئاخی هەڵدەکێشاو دەگریا،

ـ غەفوریش گەرابووە گوندی و خەریکی شینایی بوو، ئەوەی لە هەموویان نارەحەتتربوو حاجی مەحمود بوو دری دانەکەت و دەگەڕا، لۆ ئەوەی بزانیت تەتەرخان و سمکۆشەلە لە کێنە، زۆر جێ گەڕاو پرسیاری کرد تاکو زانی تەتەرخان لە ماری خەزووریەتی ،

گەیشتە پێش دەرگەی خەزووری تەتەرخانی و سیلاحی سوارکرد و لەدەرگەیدا و هاواریکرد گۆتی: تەتەرخان ئەگەر پیاوی وەرە دەرێ،

شــەرمە لــۆ تــو خــۆت بشــارییەوە، بــووە هەرا و خەرک هەمــوو خربوونەوە،

حاجی مەحمود خۆی لە ژۆرێ کوتی و دەیگۆت : وەرەدەرێ ناپیاو لەجێیی ! تەتەرخان خۆی لە پشت لاندکی مندارەکەی نابوو، لە شــەرمان ئـارەقەی کردبــوو، گــۆتی خــورامی پێراوەکانــت بــم لەبەر خاتری ئەومنـدارەی نەمکـوژی، ژنەکەی گۆتی: حاجی مەحمود لەبەر خاتری مندارەکان لێی گەڕێ، حاجی مەحمود، تەتەرخانی لە پشت لاندکی دەریهینا، گۆتی: هەی ژنـانی، خراپی لێدا، گۆتی لەبەر خاتری خوشکەکەت و مندارەکانت نەبی، هەناسەم لیێ دەبڕی، دوایـی خەرک کۆبـوونەوەو خەزووری پیـاوەکی اختیـاربوو، دەسـتی دەلەرزی و گۆتی بکە خاتری خوایی لێی گەڕێ.

حاجی مەحمود شەرمی لە ڕدێنە سپییەکەی خەزووری کرد و لێی گەڕاو ڕۆیشت، لەبەرئەوەی دەیزانی لەو زوانەش هەر دەیگرن.

ـ تەتەرخان وایزانی تەواو رزگاری بوو، زۆری نەبرد ئاسایش گەیشتە سەری و لە ژۆرێ دەریان هیناو بردیان .

دوای تەحقیق و بەلگە و لێکۆلینەوەی زۆر، دوو مـانگی خایانـد ، هەموو شتەک ئاشکرابوو بە بریـاری رەسـمی حوکمی ئەبەدی درا

بەسەر ئاغا و خدر و تەتەرخانی، بەرام شوێنی سمکۆشەلەیی نەدۆزرایتەوە و بزرە...

## ( ٢٩ )

هەمـوو شـتەک بێدەنگی بەسـەرداهات، ڕووداوەکـان بەرەو بێدەنگی ڕۆیشتن، بووە ٦ مـانگ، سمکۆشەلە هەر بزرە و نەدۆزرایەوە،

ڕۆژەک وەختی نوێژێ نیوڕانێ بوو لەمزگەفتێ، مامۆستا ئەحمەد گۆتی:حـاجی مەحمـود لە مێـژە بانگـت نەدایە، هەسـتە بانگـدە، غەریبی دەنگە خۆشەکەت دەکەین.

حاجی مەحمود هەستا و بە دەنگە خۆشەکەی ( الله اکبر الله اکبر..........)

دەستیان بەنوێژکرد، کاتەک نوێژیـان تەواوکـرد، لەوکـاتەی حـاکم هاتە ناومزگەفتێ، سەلامی کرد و گۆتی: حاجی مەحمود باشبوو ئەتووم دیتەوە، هەروەکـو وەعـدم پـی دابـووی، ڕەیـان بەبەر عەفـووی کەتیە و بێتـاوانییەکەی سـەلمێندرا،"بەربووە، ئەوجا بـڕۆن بگەنـێ و بیهینـنەوە، هەموویـان هەر لەنـاو مزگەفتـێ سـوجدەیەکی شـوکریان برد، دەستخۆشیان لە حـاکمی کـرد، خەبەر گەیشتە خێزانـی حـاجی مەحمودی لە خۆشیان لە هۆشخۆی چوو.

ـ قاسم ترۆمبێلەکەی هیناو یوسفیشی لەگەر بوو ، لەگەر مامۆستا ئەحمەد و حاجی مەحمود و خێزانی، بەڕێکەتن بچن ڕەیانی بیننەوە، ئەو رۆژەی ڕەیــان گەڕاوە، گونــد هەمــوو کردیــانە خۆشــی و حەیوانەکیان سەربڕی و کردیانە خێر، کەیف کەیفی هەموویان بوو.

ـ بەرام بەربــوونی ڕەیــانی درخۆشــی هەموویــانی تێکــدا، توشــی نەخۆشــی دەروونــی ببــوو، هەر ڕۆژەک و لە شــوێنێک بەدوایــی دەگەڕان و دەیانهینـــاوە، ڕەیـــان هەر جـــارەو خـــۆی دەکـــردە کەسایەتییەک دەیگۆت: ئەمن بویمە زابت، جار جار دەیگۆ ئەمن حاکمم، دەتانگرم، پێدەکەنی و بەناو گوندی دەکەت و غاریدەدا.

ـ حاجی مەحمود و قاسم چەند دکتۆریان پێکرد، بەرام رۆژ بە رۆژ خراپتردەبوو، هەموو رۆژەک لە کونەکیان دەیناوە، جار وایە لە ناو ئاودەستی خۆی بزردەکرد و نەدەهاتە دەرێ، ئەو گوندەیان هەموو لێکدەدا کەس نەیدەدیتەوە، هەموو ڕۆژێ لەدوویی بوون لە کەند و ئاقاری کەتبوو، بە تەواوی تێک چوو بوو، ئاگایی لە هیچ شتەکی نەمابوو.

ـ یوسفی برادەری هەرچەندی بەدوایی بوو، دەیگۆ ئەمن برادەرەکەتم، ڕەیان دەیگۆ ئێ ئێ دەزانم ئەتو زابتەکەی و پێدەکەنی!

- ڕۆژەکیان بزربوو پاش دوو ڕۆژی هەتا دیتیانەوە، ڕۆیشتبووە گوندەکی دوورلەوان، لەو ڕۆژەوە فێربـوو دەچـووە ئەو گوندە دوورەیی، دەیانگۆت ڕەیان بەسە بڕۆیە ئەو گوندە دوورەی!؟

- ڕەیان دەیگۆ دەچمە کن شوانەکەی، مەڕی زۆری هەیە خۆشە!!

- مامۆستا ئەحمد گۆتی: حاجی مەحمود ئەوە ڕەیان مەبەستی چییە ؟

حاجی مەحمود گۆتی،: ئەوە مەبەستی ئەوەیە ئەو گوندە دوورەیی دەچیتە ئەوێ، شوانەکی پیری ڕیش گەورەیی لێیە و فەقیرحارە ، شوانی گوندییە، ئەوجا گوندەکە هەموویان مەڕی خۆیان تەسلیمی دەکەن لۆیان دەلەوەڕێنێت، ئەو ڕەیانەش بەو شوانە پیرەی گرتییە، هەموو ڕۆژەک دەچیتە لایی چونکە مەڕی زۆر لێیە.

- مامۆستا ئەحمد گۆتی: ئەها تێگەیشتم ، کوڕم ڕەیان وەها دوور نەچی ؟ !

- رەیان دەیگۆ: خۆشە دەچم، خۆشە !، مەڕ خۆشە ههھە، مەڕ خۆشە!!!

- حاجی مەحمود زۆربەی رۆژەکان لەورێیەی بوو ،هەموو جارێ سەلامی لەو شوانەی دەکرد و ڕەیانی لەکنی هەردەگرت و دەبردەوە،

دەیگۆتە شوانەکەش خوا خێرت بنووس، وەڵا ئەتوشی بەهیلاک بردیە لەدەستی بێزاربووی.

- شوانەکەش بە ئیشارەت دەیگۆ ئابائاباباباباببا، لەبەر ئەوەی لاڵبوو، زمانی نەبوو ! بە ئیشارەت جوابی دەدایەوە، ڕەیانیش وەکو وی فێرببوو، لەناو گوندی دەگەیشتە هەر کەسەکی دەیگۆ ئاباباباباابا، دەیگۆ ئەمن شوانەکەمە!!

- مامۆستا ئەحمد دەیگۆتە حاجی مەحمودی ، ئەوە ڕەیان لۆ وەدەکا؟

- حاجی مەحمود دەیگۆ: لاسایی ئەو شوانە فەقیرەی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لاڵە قسەی نازانیت.

دایکی ڕەیانیش هیلاک ببوو لەدەستی و ڕانەدەوەستا، یوسفیش زوو زوو دەهاتە لایی و قسەی لەگەر دەکرد بەرام بێ سود بوو، ئەو بەتەواوی تێکچوو بوو،

قاسم چەندین جار بە ترومبێلەکەی لەگەر حاجی مەحمودی لەدوویی دەگەران،

هەموویان هیلاک ببون نەیاندەزانی چ بکەن، یوسفیش زۆر پێیەوە نارەحەت ببوو.

- رۆژەک بووە هەرا لە گوندی، خەرکی گوندی مەیتی ڕەیانیان هیناوە هەموو قەلبی شکابوو !، خەبەر گەیشتە حاجی مەحمود و خێزانەکەی گۆتیان: ڕەیان لەسەر گردەکی بلند بەرببوویتەوە و مردیە.

- دیسان ماری حاجی مەحمودی تازیەباربوونەوە و ڕەیانیان شاردەوە، یەک مانگ بوو ئەو تازیە لەناو گوندی بەردەوام بوو.

یوسف لەهەموویان زیاتر خەمی دەخوارد، سازەکەی ڕەیانی بردەوە ماری خۆی، تا هیچ کاتەک لەبیری نەکات، بیری لەو کاتانە دەکردەوە کە بەیەکەوە گۆرانی و لاوکیان دەگۆت، ببوو بە یادگاریەکی ناخۆش لە ژیانیدا.

- حاجی مەحمود لە خەمان توشی نەخۆشیەکی توند بوو، خیزانی حاجی مەحمودیش لەخەمان ڕەنگی پێوە نەمابوو، براو خوشکی ڕەیانی رەحمەتیش، ماندو هیلاک ببون لەو ژیانەی، هەر کوویی هەیە ئەو ژیانە بەردەوام بوو، ـ ـ ـ ماموستا ئەحمەدیش وەفایەکی زۆری لۆ حاجی مەحمودی هەبوو دائیمەن لەگەری بوو، لە مزگەفتێش دائیم بەیەکەوە بوون، هەموو کاتەکیش دەیگۆتە حاجی مەحمودی حەبەکانت باش بخۆ و ئاگات لە خۆت بیت، سەبرو ئارامی بۆ پیاوە باشەکانە خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە لە قیامەت

لەسەر هەموو ناخۆشیەکان ان شا ءالله.

کاتەکان ڕۆیشتن و ئازارەکان هێواش هێواش لەبیردەکران، بەرام وەچی گۆتیان ڕەیان جەرگی حاجی مەحمودی بوو خەمباری هەر لەسەر دیاربوو.

ـ مامۆستا ئەحمەد و پیاوانی گوند و قاسم خانویەکیان لۆ حاجی مەحمودی ڕێکخست و گەراندیانەوە گوندی، بەرام بیستانی سەلیمیشی بەجێ نەهێشت و هەر خزمەتی تێدا دەکرد.

ـ پاش ٤ مانگ، وەختی خواردنی نیورانێ بوو، خێزانی حاجی مەحمودی گۆتی : حاجی مەحمود ئەتو زانیتە ؟

ـ حاجی مەحمود گۆتی: چ بزانم ؟

ـ گۆتی: ماریا پێش سارەکە مێردەکی کردبووە، ئەوجا دوینێ شەوێ لەسەر ناموسی ماریا کوژرایە!

ـ حاجی مەحمود گۆتی: کوو کوژرایە ؟

ـ خێزانی گۆتی : پیاوەکەی بەخۆی کوشتیتی لەسەر ناموسی، لەگەر کەسەکی دیتییە و کوشتیتیان.

ـ حاجی مەحمود گۆتی : لا حول ولا قوة الا بالله..

خوای گەورە ڕێگای ڕاستی دیاریکردیە لۆ هەموومان، ئەوەی لە ڕێیەکەی لادەدات زەرەرمەندی دونیاو قیامەتە، ئەوجا خوایە هەموومان هیدایەت دەی.

خێزانی گوتی : امین.

- لۆ سبەینی حاجی مەحمود چووە مزگەفتێ، بانگی دا،

دوای نوێژیان تەواوکرد، مامۆستا ئەحمد گۆتی: ئەو خەبەرەت زانییە، ئەوەیی ماریای کچە پلکی سمکۆیی ؟

- حاجی مەحمود گۆتی: بەرێ زانیتم ،

مامۆستا ئەحمەد گۆتی: ئەوجا پێکەوە دەچینە تازیەیی.

حاجی مەحمود گۆتی : ئەگەر بکرێ ئەمن حەزناکەم چاوم بە چاویان بکەویتەوە.

- مامۆستا ئەحمد گۆتی: بە گێی من دەکەی لەگەر من وەرە دەچینە تازیەیی، ئەتو بە خراپی وان مەکە، دەچین فاتیحەکی دەخینین و دێینەوە، ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت، خەرکی گوندینە و جوانترە بچین.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: مامۆستا قسەی تو ناشکێنم، پاشی نوێژێ عەسرێ پێکەوە دەچین، حەزدەکەی خەبەری قاسمیش بدە ئەویش لەگەر خۆمان دەبەین.

مامۆستا گۆتی: ان شاءالله.

( ٣٠ )

ـ ڕۆیشتنه تازیەیی ماریایی، له مزگەفتێ فاتیحەیان خوێند، مامۆستا ئەحمەد و حاجی مەحمود خوا حافیزیان کرد و گۆتیان: خوای گەورە عەفویی بکات، هەستان لەناو تازیەکەی بێنه دەرێ، حاجی مەحمود پیاوەکی دیت، کەمەک داما و تێڕاما !، گۆتی: مامۆستا ئەحمەد ئەو پیاوە کێیە ؟، دەرێ لە شوێنەکم دیتیە!

ـ مامۆستا ئەحمەد گۆتی: حاجی مەحمود زۆر کەس بەیەکتر دەچن لەوانەیە بە کەسەکت شوبهاندبیت.

ـ هەر لە مزگەفتێ هاتنەدەرێ و کەسەک بە دەنگەکی بلند گازی کرد، سمکۆ سمکۆ !!، وەرە زووبە پلکت لە هۆش خۆی چووە هەندی بگرییێ، تەماشایەکی بکە!

ـ حاجی مەحمود جامی کرد لە شوێنی خۆی چەقی و گۆتی: سمکۆۆۆۆ !!!!

ئاوڕی داوە تەماشایەکی کرد سمکۆ چ سمکۆ ( ئەو پیاوە پیرە بوو کە شوانەتی لەو گوندە دوورە دەکرد و مەڕومالاتی خەرکی دەلەوەڕاند !!!، شکلی خۆی گۆڕی بوو ردێنێکی گەورەیی دانابوو، تا کەس نەیناستەوە نەکا بیگرن)

ـ حاجی مەحمود گۆتی: مامۆستا ئەحمەد خۆ ئەوە سمکۆییە !!

بەخوا پیاوێکی فێڵبازوو شەیتانی، چەند جار ڕەیانم لەکن هینایتەوە لە گوندی نەمناسییەوە، خۆی لاڵکردبوو، بە ئیشارەت قسەی لەگەر دەکردم!!

لە بیرتە مامۆستا ئەحمەد وەکو ڕەیان دەیگۆت ئابائابائابا لاسایی دەکردەوە !؟؟؟

ـ مامۆستا ئەحمد گۆتی: یەعنی ئەو شوانەی باست دەکرد کە ڕەیان دەچووە کنی ئەوە سمکۆبوو !! خۆی لاڵکردبوو و ڕدێنی درێژ کردبوو تا نەیناسنەوە !؟

ـ حاجی مەحمود وەختبوو شێت بیت گۆتی: ئەرێوەلا ،هەزار جار لە چیایی دیتیتم نەمدەزانی سمکۆیە، هەر دەمگۆت ئەو پیاوە شکلی غەریب نییە !! ئەوە نزیکەی ١٠ مانگە لەدوویی دەگەڕێم، یەک کونم نەهێشت نەمدیتەوە، ئێستا کو کەشف بوو، بەخوا مرۆڤەکی شەیتان و فێڵبازی.

ـ مامۆستا ئەحمەد گۆتی: با بڕۆین با هەست بەمە نەکات و نەمانبینین.

ـ حاجی مەحمود گۆتی: تازە ئەتوم دیتەوە، با ئەو چەند ڕۆژەی تازیە تەواوبیت، عیلاجت دەکەم، شوێنەکەت باش پێدەزانم بوویە

شوانی خەرکی هەتا بتحەوێننەوە و شکلیشت گۆرییە!!، وەی چەند ناپیاوی، ئاخ لە دەستت.

بە بێدەنگی دوورکەوتنەوە لە تازیەکەی هەتا سمکۆشەلە هەستیان پێ نەکات و خۆی بزرنەکاتەوە.

حاجی مەحمود ڕۆژەکانی دەژمارد هەتا تازیە تەواوبیت و خۆی بگەیەنیتە سمکۆشەلەی، دری زۆر لێ پڕبوو بەتایبەت بە لەدەستدانی ڕەیانی یەکجار کۆری لەدری بوو.

پاش هەفتەکی بە بێدەنگی و بە دزییەوە حاجی مەحمود دەمانچەکی لەبن کراسەکەی شاردەوە و ڕۆیشتەوە ئەو گوندە دوورەیی، دیتی سمکۆشەلە لەبەر حەیوانانە، هێواش هێواش گەیشتە سەر و پشتە ملی لێگرت.

- سمکۆشەلە گۆتی : ئابائابائابا عەلەساس لاڵە و با نەیناستەوە!

- حاجی مەحمود گۆتی: هەی فێڵبازی شەیتان، سمکۆشەلەیی پیس، ئای چەند فێڵبازی شەیتان دەستی لە تو شوشتیتەوە، ئەتو پلانی لۆ شەیتانی دادەنێی، چەند جار ئەتوم لێرە دیتیە نەمدەناسیەوە ئێستا رۆژت هات!

ـ سمكۆشـەلە بە زمـان كەت گۆتی: حـاجی مەحمـود خورامـت بـم ئەوەی ئەمـن كـردم ئەتـو نەیـكەی، بە قوربانـت بـم نەمكـوژی، پێراوەكانت ماچ دەكەم.

ـ حـاجی مەحمـود گـۆتی: نـاتكوژم بەس دەتـكەمە عیبـرەت هەتـا مابی ئیسراحەت لەخۆت نەكەی، دوو سێ گولەیی دەمـانجەی لە پێیەكانی سمكۆشەلەیدا، لە هەردوو پێیەكانی كرد، بەجێی هێشت.

ـ دوای خەركی ئەو گوندەی گێیان لە دەنگی تەقەیی بـوو، دیتیـان شوانەكەیان بێ هۆش بووە بردیانە نەخۆشخانەی بە خێرایی.

لەو رۆژەوە سمكۆشـەلە سـقەت بـوو، كەتە دەسـتان و پیسـایی لەبـن خۆیی دەكـرد و لەسـەر جێـی ڕەزیـل ببـوو، لە ترسـانیش مێشـكی تێكچووبوو، پیسایی خۆیی دەخواردەوە، بەو دەردەیـی مـایەوە چەنـد سـاران، هەزار مردنـی بە چـاوی خـۆی دەدیـت، هەمـوو هیـوایەتی ئەوەبوو بەس بمریت و لەو ڕەزالەتەی بێتە دەرێ.

خەركیش گۆتیـان هیـچ كەسـەك تەداخولی بەینـی سمكۆشـەلەو حاجی مەحمودی نەكەن، حەق بە حەق بوو، وازیان لێ بێنن.

ــ حــاجی مەحمــود پــاش ئەوەی سمكۆشــەلەیی ڕەزیــل كــرد، ئیسراحەتی كرد.

خەرکی گوندی هەموو خڕکردەوە گۆتی: بەخۆتان دەزانن ئاغا وداروودەستەکەی نەمان، گوندەکەیمەش پێویستی بە کەسەکە ببتە براگەورەیی هەموویان.

ـ مامۆستا ئەحمەد و قاسم و خەرکی گوندی هەموویان گۆتیان: راست دەکەی دەبیت کەسەک هەڵبژێرین، هەموویان گوتیان حاجی مەحمود لەتو باشترمان دەست ناکەویت، .

ــ حاجی مەحمود گۆتی: ناوەلا ئەمن نەخۆشییەکەم توندبووەو ناتوانم، بەرام ئەگەر ڕازی بن ئەمن سەلیمی مدیر ئاسایشم لۆ هەلبژاردینە، چاکەی زۆر لۆمەو لۆ ئەو گوندەی هەبووە.

هەموویان قسەی حاجی مەحمودیان قەبورکرد و ناردیانە دوایی سەلیمی .

ـ حاجی مەحمود گۆتی : سەلیم ئەتو پیاوەتیت زۆر لەگەرمە کردیە، هەمووماں ڕازی بوین، جگە لە مدیر ئاسایشی، سەرپەرشتی ئەو گوندەی دەدەینە دەستی تو، ئەتو براگەورەی مەیی، لە قسەی تو دەرناچین و ڕاوبوچوونی بەتو دەکەین.

ــ سەلیم گۆتی: خەرکی گوندی، لەپێش هەموو شتێکەوە، دەستخۆشی لە حاجی مەحمودی دەکەین کە هاوکاریەکی باشیمەبوو ئەو گوندەی پاککردەوە لە کەسی خراپ، دووبارەش

گەڕاوە گوندەکەی خۆیی ، دواتریش ئەمن لە وەڵامدانەوەی چاکەی ئەنگۆ پێم منەتە و وەعد بیت، هەتا مابم کەمتەرخەمی لۆ کەستان نەکەم، ئەوەی لەدەستم بێت لۆ ئەو گوندەی دەکەم و ئەنگۆ هەمووتان دەبنە کەس و کاری من.

لەو رۆژەوە هەر کارەکتان هەبوو لەرێی مامۆستا ئەحمەدی بگەیەننە دەستی من ، ئەمنیش کەمتەرخەمی ناکەم،

سەلیم بە ئەمانەتەوە، زۆر بەباشی گوندی بەرێوەدەبرد، ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشی و بەرەکەت دەگەڕاوە لۆ گوندی و خەرک زۆر دری خۆش بوو، هەموویان بە باشی و بە پاکی وەک و برایان دەژیان.

ـ پاش دوو ساری، ڕۆژێک لە وەختی بانگدانی عیشایی، خێزانی حاجی مەحمودی گۆتی: کورم محمد، ئەتو ئێستا گەورەبووی، شوێنی باوکت بگرەوە و مزگەفتی لەبیر نەکەی برۆ بانگ بدە !

کوری حاجی مەحمودی چووە مزگەفتیێ و بە گریانەوە بانگی عیشایدا.

ـ مامۆستا ئەحمەدیش ، کورێکی لەدایک بوو، وەک و وەفایەک ناوی کورەکەی کردە حاجی مەحمود ( انا لله وانا اليه راجعون )

...........کۆتایی.......